
نەوزاد مەرگەیی

# تیۆری سیاسی لای عەبدوڵڵا ئۆج ئالان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیۆری سیاسی

لای عەبدوڵڵا ئۆج ئالان

نەوزاد مەرگەیی

چاپی یەکەم
2016



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## زنجيره (578)

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : تیۆری سیاسی لای عەبدوڵڵا ئۆج ئالان

نووسینی : نەوزاد خالد صالح ( نەوزاد مەرگەیی )

بابەت : توێژینەوەی فەلسەفی

دیزاین و بەرگ : فواد کوڵۆسی

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ : 2016 سلێمانی

نۆرەي چاپ : چاپی یەکەم

تیراژ : 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەسپاردنی : ( 1285 )ي ساڵی 2016ی پێدراوە

ناونیشان : سلێمانی ـ بازاڕي سلێمانی ـ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل : (07701574293) ، ( 07501191847)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست

پێشگۆتن

ڕێبەری

بەشی یەکەم : ڕەهەندی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەت

تەسکی یەکەم " پێناسەو مانای چەمکی شارستانیەت

تەسکی دووەم " ڕەهەندە سەرەکیەکانی ناساندنی جڤاکی شارستانی لە ڕووی زاراوەییەوە

یەکەم : کلتوور

دووەم : زمان

سێیەم : دەسەلاتی سیاسی

چوارەم : ئەخلاق ( مۆڕاڵ ) و یاسا

پێنجەم : دیموکراسی

تەسکی سێیەم " ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوون و گەشەکردنی شارستانیەت

تەسکی چوارەم " کەوتنەوەی شارستانیەتی مۆدێرنە و دیموکراتیانە لە شارستانیەتی سۆمەرەوە

بەشی دووەم : تێگەی نەتەوە / پێناسە و شرۆڤەکردن

تەسکی یەکەم " دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی

تەسکی دووەم " ئاراستەکانی ( ئیکۆمۆنیزم ، ئیندوستریالیزم و ئیکۆلۆژی ) لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

تەسکی سێیەم " ئەرکەکانی ( مۆڕاڵ ،سیاسەت و ڕۆشنبیری ) لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

تەسکی چوارەم " ئاستەنگە هزری و پەروەردەییەکانی جڤاک لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

تەسکی پێنجەم " فیمینیزم ، فیمینیزم و ئایین ، فیمینیزم لای ئۆج ئالان

دەرئەنجام

لیزگەی سەرچاوەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ( نەوزاد خالد صالح )ەوە پێشکەش بە زانکۆی ڕاپەڕین کراوە لە بەشی فەلسەفە وەك پێداویستیەك بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس )**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشکەشە بە

## د.مسلم حسن محمد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پــێــشـــگـۆتــن

تیۆری سیاسی ، بریتییه لەو تیۆرەی کە لەتەك هەر تیۆرێکی تردا پابەند بە بوون و نەبوونی مرۆڤ و چۆنیەتی هەستکردن بە بوونی تاك و جڤاك ، تیۆرەکانی خۆی لە جیهانی مرۆڤ بووندا ئاوادەکات . پابەند بەهەر بوارێك ئاخێزگە ڕێژی دەکات و لایەنی پۆزەتیڤ پابەند بە جڤاك و دەوڵەت یاخود هەر شارستانیەتێك ئاوەلاٚ دەکات .

سیاسەت وەك هەر لایەنێکی تری زانستی ڕۆڵی خۆی پەیووەست بە جڤاك ئاوادەکات . ئاخێزگەی هەر جڤاکێکیش پەیووەستە بە چەندین پرنسیپ کە لەناو هەموو ئەمانەشدا پرنسیپی ئەخلاقی و سیاسی تێیدا خۆیان نمایشدەکەن ، مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە سیاسەت سەرتاپای ژیانی تەنیووە پابەند بە زیتەڵە و ئاکارەکانی ڕۆژانەی . لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین لەناو هەر جڤاکێکدا ، لە ئاخێزگەکەیەوە تیۆرێکی سیاسی هەڵبگۆزێنین کە پەیووەستە بە بوونی ئەو جڤاکە خۆی ، کە تێیدا خود ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت .

نەشونمای هەر جڤاکێك وەستاوەتە چۆنیەتی مامەڵەی سیاسی و گەشەی هزری ئەندامەکانی . لەتەك ئەوەشدا لایەنی ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و بنەما ئابووریەکان هۆکارگەلێکن گەرەکە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت ، پابەند بەمەش گەشەی هزری هەر تاکێك گوزارشتە لە پێشکەوتنی ئەو جڤاکەی کە تێیدا ژیان دەکات . شرۆڤەکردن و ناساندنی هەر بابەتێکیش گەرەکە پێشتر بۆ لایەنی مێژووییەکەی بگەڕێینەوە ، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لێی نەك چەسپاندنی بنەما و ڕووداوەکانی بەسەر سەردەمی ئێستادا ، دواتر چوونە ناو خودی بابەتەکە خۆی .

نەبوونی پرنسیپە سیاسیەکان لەناو هەر جڤاکێکدا مانای بێ هزری و بێ ئەندێشەی ئەو جڤاکە پێناسە دەکات .

سەرمایەداری کە لەم ڕۆژگارەدا خۆی وەك ڕێگوزەرێکی بیری سیاسی و پەروەردە و گەشەی هزری مرۆیی نمایشدەکات ، لەتەك ئەوەشدا بانگەشەکانی بۆ دیموکراتیزەبوون لە بەردەوامیدان و لەکات و شوێن دانەبڕاون ، ئەوا تەواوی ئەم نمایشانەی پەیووەستە بە مۆنۆپۆڵی دەسەلاٚت و بنەما ئەخلاقیەکان ، کات لەدوای کاتیش داوایەکی تازەتر زیت دەکاتەوە ، بەلاٚم هەموو ئەو ئاکارانەی لە ڕووکاردا وەك پێداویستیەك دەردەکەون ، ئەوا لە ناوەڕۆکەوە پێواژۆیەکی کۆلۆنی کردووە بە ئامانجی ئاخێزگەیی خۆی . کێشە سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکان ، لەهەمانکاتیشدا ململانێی نێوان ئەم دوو بوارە لەگەڵ یەکتری ، مانای بێ هزری و هۆمۆژی و دیماگۆجیەتی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و دەروونی لەناو تەواوی تاکەکاندا بۆخۆی دەکات بە پێناسەیەك . مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە زیتەڵەکانی بە دوو پێواژۆدا گوزەر دەکەن ، یان بەرەو خود پەرستی ، یان بەرەو گشت پەرستی ، ئەمەش دوو ڕێگوزەری سیاسی و سۆسیۆلۆجی و ئابوورین کە بوونەتە هۆکاری ململانێی نێوان مرۆڤەکان و نێوان سەرجەم جڤاکەکان ، یاخود ئەوەی کە مێژوو ناوی بە شارستانیەت(Civilization)دەبات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە تێیدا چەندین تێگەی هزرڤانانی پەیووەست بە بابەتە سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکان و ئابووری و سەرمایەداری و دیموکراسیەت و فیمینیزم شرۆڤەکراوە ، پاشان پەیووەست بەم بابەتانە لە دیدگای ئۆج ئالاندا بۆ جارێکی تر ئاوەلا کراون . سەرتاپای ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی شرۆڤەیی ئەنجام دراوە . تێگە سیاسیەکان کە ڕۆچوونەتە ناو ژیانە سۆسیۆلۆجیایەکەی مرۆڤەوە ، بەتایبەتی لەناو گەلانی ژێردەستەدا چەندین مانای جیاوازی بەخۆی بەخشیووە . هیچ مرۆڤێك لەسەر زەوی بەبێ ڕەچاوکردنی دەوروبەر و سوود وەرگرتن لە دەوروبەر ناتوانێت تازەگەری هزری بئافرێنێت ، بەتایبەتی لە جیهانی سیاسەتدا . ئۆج ئالان لێرەدا ئەو هزرڤانەیە کە لەتەك تێگەی هزرڤانانی وەك ئەفلاتوون و هێگڵ و مارکس و چەندانی تردا تێگەیەك بۆخۆی هەڵدەگۆزێنێ و لەناو شۆڕشی ناسیۆنالیستیدا ئاراستەی دەوروبەری خۆی دەکات .

## ڕێبـــــەری

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیووەستە بە تیۆری سیاسی ، بەتایبەت لای عەبدوڵلاّ ئۆج ئالان . لە سەرجەمی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شرۆڤەیی بەکارهێنراوە ، کە تێیدا بەشێوەیەکی گشتی و ئاوێتەیی ڕووەو تایبەتی و بنچینە و بنەما سادەکات بابەتەکانی تێدا کراوە بە ئامانج ، لەتەك ئەوەشدا هەوڵمداوە لە پێناسەیەکی گشتییەوە ڕووەو تایبەتی هەر چەمکێك هەنگاوی شرۆڤەیی بهاوێژم ، کە تێیدا هزرینی هزرڤانگەلێك لەتەك بابەتەکەدا و پەیووەست بە چەمکە سیاسیەکانیەوە دەربارەی دەوڵەت _ نەتەوە _ شارستانیەت _ سیاسەت _ دیموکراسی _ سەرمایە(کەپیتالیزم ) و..... هتد وەربگرم.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ، هەوڵمداوە ڕەهەندە مێژووییەکان وەك بنەمایەك بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەت وەربگرم و تێیدا شرۆڤەیەکی شرۆڤە لەخۆگر بۆ ئەم ڕەهەندانە بکەم ، لە نەسکی یەکەمی ئەم بەشەدا پێناسەکردنی شارستانیەتم وەك پێویستیەك بۆ چوونە ناو پرنسیپەکانی شارستانیەت بەگرنگ زانی ، تاوەکو بتوانم چەمکی شارستانیەتی لێوە شرۆڤە بکەم . لە نەسکی دووەمی ئەم بەشەدا ، ڕەهەندە سەرەکیەکانی جڤاکم تێدا شرۆڤەکردووە ، کە ئەم ڕەهەندانە پرنسیپی هەر شارستانیەتێکن ، شارستانیەتیش بەهۆی ئەم ڕەهەندانەوە دەتوانێت گوزارشت لە بوونی بکات ، بەتایبەتی ڕەهەندەکانی وەك ( کلتوور ، زمان ، سیاسەت- یاخود دەسەلاّتی سیاسی ، ئەخلاق ، یاسا ، دیموکراسی ) . ئاخێزگەی بنیادنانی هەر شارستانیەتێك پەیووەستە بە هەریەك لەم چەمکانەوە . لە نەسکی سێیەمی ئەم بەشەدا ، بە پێویستم زانی هەڵوەستەیەك بکەم لەسەر ئەوەی کە چەندین ئاستەنگ هەن بۆ لەناوچوون و نەمانی شارستانیەت . لەتەك ئەوەی کە شارستانیەت چەند پرنسیپێکی گەرەکە بۆ بوونی ، ئەوا هۆکارگەلێکیش هەن کە ڕێگرن لە چۆنیەتی دروسبوون و نەشونماکردنی ، بێگومان هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارستانیەتێکیش نەبووە کە لەکاتی ئاوەلأکردن و ئافراندنیدا ئاستنگگەلێکی نەهاتبێتە بەردەم ، بەلأم ئەوەی گرنگە لێرەدا چۆنیەتی ڕەوینەوەی ئەو ئاستەنگانەیە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسیانەیە لەتەکیاندا . لە نەسکی چوارەمی ئەم بەشەدا ، بەشێوەیەکی گشتی ڕوومکردۆتە چۆنیەتی ناساندنی شارستانیەتی سۆمەر و بە شێوەیەکی تایبەتیش لای ئۆج ئالان ، کە تێیدا ڕاهیبەکان گەرەکیانە گۆتەکانی خۆیان وەك گۆتەیەکی خوداوەندانە ناوزەند بکەن ، لەتەك ئەوەشدا درێژەپێدەری گۆتەکانیان لەناو ئەو شارستانیەتەی کە لەمرۆشدا لەژێر ناونیشانی مۆدێرنیتە یاخود هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەبوون خۆی نمایش دەکات .

نەتەوە ئەو چەمکەیە کە بووەتە وێردی سەر زمانی مرۆڤەکان لە هەر کات و شوێنێکدا ، پابەند بەهەر جڤاکێکیش وەك تێگەیەك نیشانەیەکی پرسیار لەدوای خۆی جێدەهێڵێ ، یاخود وێرگوڵێك دادەنێ کە چیتر باسکردن لەخۆ ناگرێت . لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ، نەتەوە وەك ئەوەی کە گەرەکە ببێ پێناسە کراوە ، لەتەك ئەوەشدا شرۆڤەی تایبەت بەخۆی بۆ کراوە ، بەلأم تێگەیشتن لێی پەیووەستە بە هۆشێکی سیاسیەوە ، چونکە نەتەوە ئەو کاتە پێناسەیەك بۆ خۆی دەستگیر دەکات کە لە ڕوانگەی هۆشێکی سیاسی و سۆسیۆلۆجیەوە ئاراستەی دەکرێت نەك هۆشێك کە هێشتا لەناو کلان(خێڵ)ەکاندا چەقبەستوو ماوە . لە نەسکی یەکەمی ئەم بەشەدا دەوڵەت وەك خۆی پیناسە و شرۆڤەی بۆ کراوە ، دواتریش وەك ئەوەی کە بە نەتەوە گرێدراو خۆی دەرخستووە . لە نەسکی دووەمی ئەم بەشەدا هەریەك لە ئاراستە ئیکۆنۆمی و ئیکۆلۆژی و ئیندۆستریالیزمیەکان لەناو جیهانی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا وەسفکراون ، واتە ڕۆڵبینینیان لەناو مۆنۆپۆلی دەسەلأت و بە سەرمایەدارکردندا ، لەتەك ئەوەشدا پەیووەست بەوەی کە گەرەکە ئاراستەی ئەم سێ چەمکە چلۆن لەلایەن گەلەوە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ و چلۆن لەژێر مۆنۆپۆلیدا ڕزگاریان ببێ . لە نەسکی سێیەمدا ڕوویکردۆتە ئەو ئەرکبینیانەی مۆڕاڵ و سیاسەت و ڕۆشنبیری لەناو جڤاکدا ، هەریەك لەم ئەرکانەش داخۆ چلۆن بوونەتە زەویەکی کۆلۆنی دەسەلأت و سەرمایەداری لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا . لە نەسکی چوارەمدا ئاماژە بە چۆنیەتی هزر و پەروەردە کراوە ، لەتەك ئەوەشدا ئەو ئاستەنگانەی کە لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا لەلایەن دەسەلأتی سیاسیەوە بۆی پێشهێنراوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە چلۆن سیستەمگەلێکی سیاسیانەی لەخۆگرتووە ، بەتایبەتی لەناو دام و دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکاندا کە بووەتە هۆکاری ناتەندروستی تاك و جڤاك . لە نەسکی پێنجەمدا فیمینیزم وەك پێناسەیەکی گشتگیر و پابەند بە ڕەوتی لیبرالیزم و مارکسیزم و سۆسیۆلۆجی و لەناو ئایینەکاندا ، دواتریش لای ئۆج ئالان بە ئامانج گیراوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی یەکەم : ڕەهەندی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەت

شارستانیەت سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە و هەر ئەم سیستەمەش بەشێوەیەکی زیتەڵەیی بوار بۆ داهێنان و کلتور و بوونی ئێتنیکی دەڕەخسێنێت . لەتەك ئەمەشدا چەند ڕەگەزێکی سەرەکی خۆیان وەدیاردەخەن بۆ بوونی شارستانیەت ، کە لایەنی ئابووری و سیاسی و زەویناسی و ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی زانیاری و هونەر دەگرێتەخۆ . سەرهەڵدانی شارستانیەت پەیووەندی بە نەمانی ترسەوە هەیە ، بەلاَم ترسیش هۆکارە بۆ ئاگادارکردنەوە لە لەناوچوونی شارستانیەت و دووبارەنەبوونەوەی ئەم هۆکاری لەناوچوونە . کاتێك ترس نامێنێت ئەوا مرۆڤ زیتەڵەی خۆی وەگەڕدەخات و داهێنانی تۆکمە لەگەڵ ڕۆژگاری ئامادەدا دەئافرێنێت . لەتەك ئەمەشدا سەرەتای قۆناغی مرۆڤایەتی لە زیتبوونەوەی وشەکان و زماندا خۆی دەبینێتەوە ، کە یەکێك بوو لەو ئامرازانەی مرۆڤ بوون تێیدا خۆی ئاشکراکرد و پەلەقاژێی کرد بەرەو کۆکردنەوە بۆ جڤاك یاخود جڤاکی شارستانی ، بەمەش زمان ئامرازێك بوو کە تاکەکانی کۆکردەوە و جڤاکی مرۆڤ و مانای مرۆڤ بوونی لەبەردەم گشتیەتیدا زیت کردەوە . مرۆڤایەتیش هەر لەوکاتەوە دەستیپێکرد کە بوونەوەرێکی نیوە مرۆڤ لە نێو لێرەواردا دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە و هۆشی خۆی خستەگەڕ بۆ بینینەوە و داهێنان و نیشانە دەنگیەکان ، تاوەکو بگات بە گروپێکی هاوشێوە و هاوزمانی خۆی ، بۆ ئەمەش مرۆڤایەتی لە یەکەم ترۆپکیدا لە ئەنجامی وەگەڕخستنی زیتەڵەی هۆش و زماندا دەستیپێکرد و بوونەوەرێکی هۆشمەند تێیدا وێنەی خۆی نیشاندا . لەتەك هەموو هۆکارێکیش دەکارین بلێین کە شارستانیەت لە شوێنکدا سەریهەڵدا کە بەپیتی و بەرەکەتی سەرتاپای ئەو شوێنەی تەنیبوو . بۆ ئەمەش هەرچەندە زانیاریەکی درووستمان لەبەردەستدا نیە ، بەلاَم بەپێی شوێنەوارناسەکانی وەك (فلیندەر زیتیری [1]) و خەیاڵە پڕ ئاڵۆزەکانمان دەکارێن بلێین کە سەرەتای شارستانیەت لە خۆرهەلاَت(ئاسیا)ەوە خۆی نمایشکردووە . لەکاتێکدا هەموو بەڵگە مێژووییەکان و هزرە فەلسەفیەکان ئەوە دەسەلێنن کە تەمەنی شارستانیەت لە خۆرهەلاَتدا زۆر دووروودرێژترە لە شارستانیەتی خۆرئاوا ، بۆ زیاتر سەلماندنی هەموو ئەمانەش پێویستیەکی زەرووری بە بەڵگە و زانیاری هەیە .

---

[1] فلیندەر زیتیری ، پێیوابوو تەنیا هۆکارە ئابووری سیاسی و کۆمەلاَیەتیەکان شارستانیەت نائافرێنن ، بەڵکو هۆکاری سایکۆلۆژیش هۆکاری سەرەکیە لەتەك هەموو ئەو هۆکارانە بۆ ئافراندنی شارستانیەت .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلاَم بەلگەیەك كە حاشا هەڵنەگرە ، ئەوەیە كە زانایانی شوێنەوارناسی دوای یەك سەدە لێكۆڵینەوە لەسەر زەمینی نیل و فەلەستین و میزۆپۆتامیا و زەمینی فارس ، گەیشتن بەوەی كە سەرزەمینی میزۆپۆتامیا تاكە شوێنێك بووە كە بۆ یەكەمین جار شانۆنامەی شارستانیەتی خۆی لە مێژوودا نمایشكردووە ، هەر لەوێشەوە مرۆڤایەتی بۆ جارێكی تر دەستیكردەوە بە زیتەڵەكانی خۆی (DHALLA, 1922 . Pp43-49) .

شارستانیەت بۆ سەرهەڵدان و گەشەكردنی زیاتر لە لایەنەكانی تری وەك ئابووری و سیاسی و نەریتی ، پەیڕەوی لە زەوی یاخود زەویناسی دەكات . شارستانیەت لە گۆڕاندایە ، واتە دەچێتە قۆناغێكی دابڕانەوە و لە سەردەمی سەهۆڵبەندانەوە بەرەو ژیان و سەردەمی وشكاوەكی یاخود بۆ سەهۆڵبەندانێكی تر مەوداكەی خۆی دەگۆڕێت . ئەمەش كاردەكاتە سەر دەستكەوتە گرنگەكانی مرۆڤ ، یاخود شارستانیەت بەرەو قۆناغێكی تری زیتەڵەیی مرۆڤی ئاراستەدەكات . هەرچەند لەوانەشە لە قۆناغێكدا ڕووبەڕووی ئەژدیهای بومەلەرزە ببێتەوە و هەموو دەستكەوتەكانی شارستانیەتی مرۆیی بخاتەوە ژێرگڵ (KOHN,1929, Pp 16,17,49,53,54-81) .

ئۆج ئالان بە سوود وەرگرتن لە گۆردن چایڵد [2] تێگەكانی خۆی پەیووەست بە شارستانیەت ئاراستە دەكات ، گۆردن چایڵد چاخی ناوەڕاستی پێش سەرهەڵدانی شارستانیەت بۆ پێشخستنی شۆڕشە زانستی و ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجیەكان دەگەڕێنێتەوە ، لەمەشەوە مرۆڤ توانی شارستانیەتێك ئاوابكات لە ئەنجامی زیتەڵەییەكانی لەتەك سروشتەوە ، كە تێیدا كەش و هەوا وەك هۆكاری سەرەكی پێشخستنی ئەم شۆڕشە وەدیار دەكەوێت . لەتەك ئەوەشدا گۆردن چایڵد ئاماژە بە ناوچەی میزۆپۆتامیا دەكات وەك سەرەتای شوێنی سەرهەڵدانەوەی مرۆڤایەتی بۆ جارێكی تر ، كە زۆر جار بە (هیلالی بە پیت) ناوزەندی دەكات و سەرەتای دۆزینەوەكان بۆ ئەم قۆناغە مێژوویە دەگەڕێنێتەوە . ناوچەی میزۆپۆتامیاش لەلای گۆردن چایڵد لە میسرەوە بەرەو دۆڵەكانی نیل و فەلاتی ئەفریقاوە دەستپێدەكات ، هەروەها لە ڕۆژهەلاَتی لوبنانەوە و لە سەرووی ڕووباری دیجلە و فوراتە دەستپێدەكات تا دەگاتە زنجیرە چیاكانی ئێران ، لەمەشەوە دوا پشتێنە بە پیتەكەی بە سوریاو ویلایەتی موسڵەوە دەبەستێتەوە ، كە تێیدا

[2] گۆردن چایڵد ، لە تێگەكانی پەیووەست بە شارستانیەت ڕوودەكاتە سەرجەم لایەنە ئابووری و سیاسی و ژینگەییەكان ، تەنانەت خودی پرۆسە پەروەردەییەكانیش لەبەرچاو دەگرێ ، ئەم تێگانەی گۆردن چایڵد لەناو دیدگاكانی ئۆج ئالاندا بۆ جارێكی تر وەبەرچاو دەكەونەوە .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئاماژە بە چەندین ڕووباری گرنگ دەکات ، وەك دیجلە و فورات و بالیخ ، زاب ، کە ئەمانەش گوزراشت لە بەپیتی ناوچەکە و سەرەتای سەرهەڵدانەوەی ژیان تێیدا دەکەن (گۆردن چایلد. 2015، ل10-15).**

**ئۆج ئالان[3] بە سوود وەرگرتن لەم گۆتانەی گۆردن چایلد ، پێیوایە سەرجەم زانستەکان دەربارەی ئەو ڕاستیە هاوڕان کە مێژوو جگە لەوەی کە دەوری سەرەکی دەبینێت لە بویەرە مرۆڤایەتییەکاندا ، ئەوا نەك تەنیا بۆ مرۆڤ ، بەڵکو دەوری ئافرێنەر دەبینێت بۆ سەرجەم بوونەوەرەکانی تریش ، لێرەشدا ئاماژە بە هزر و بۆچوونەکانی هیگڵ[4] دەکات ، کە لە ڕوانگەی تەقینەوە گەورەکە (بیگ بانگ ,Big-Bang)ەوە تەمەنی گەردوون و مێژووەکەی بۆ 13.8 ملیار ساڵ دەگەڕێنێتەوە ، ئەم بۆچوونەی هیگڵیش بەدیدی ئۆج ئالان باسێکی شێوازناسی(میتۆدۆلۆژی) تازەی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە و هاوشێوەی ئافراندنی پەرتووکە پیرۆزەکانی ترە ، بەلاّم بەهۆی کۆتایی و دواین قۆناغی سەهۆڵبەندان 20000 ساڵ پێش ئێستا ، بەردی بناغەی مێژوو و هزری جڤاك دانرا ، کە لە ڕاستیدا ئەم جڤاکەش**

---

[3] ئۆج ئالان ، ناوی تەواوی (عبدألله عمر عبدألله)یە ناسراو بە (ئاپۆ)کە بە واتای مام دێت ، یاخود عبدالله ئۆج ئالان ، کە نازناوی ئۆج ئالان بۆ باپیرە گەورەی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە (ئۆج ئالان ، 2002، ب2، ل375). لە ساڵی 1948 لە گوندی ئۆمەرلی و لە خێزانێکی جوتیار لەدایك بووە ، کە ئەم گوندە سەر بەناوچەی ئورفایە لە باکوری کوردستان ، ئۆج ئالان خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو گوندە تەواوکردووە ، لە دوای قۆناغی ئامادەیی ناوی لە زانکۆی ئەنقەرە و لەبەشی زانستە سیاسیەکان دەردەچێ ، بەلاّم بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوکات و چالاکیە سیاسیەکانی ئۆج ئالان خۆی ناتوانێ خوێندنی زانکۆ تەواوبکات و ڕوودەکاتە شاری دیاربەکر ، هەر لەو شارە لە شارەوانی دادەمەزرێ و کاردەکات .

لەساڵی 1973 ئۆج ئالان لەتەك چەند هاوڕێیەکی دەستدەکات بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسیستی لینینستی و لەسەر ڕێبازی ماوتسی تۆنگ لە باکوری کوردستان ، کە تێیدا داوای مافەکانی کوردی دەکرد ، دوای هەوڵدانێکی زۆر لە دواکردنی مافەکانی کورد و کلتووری کوردی ، لەساڵی 1977 بەهۆی ڕاوەدوونانی پۆلیس و جەندرمەی تورك ، ڕوودەکاتە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان ، دواتریش بەرەو سوریا کۆچ دەکات ، بەتایبەتی بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا ، هەر لەو کاتەشدا دیمەشق و ئەنقەرە ناکۆکیەکی سیاسی زۆریان لەنێواندا هەبوو .

ئۆج ئالان لە ساڵی 1978 پارتی کرێکارانی کوردستان دادەمەزرێنێت ، کە تێیدا چەندین هاوڕێی مارکسیستی لینینستی خۆی تێیدا بەشداربوونە . پاش چەندین کارو خەبات لەناو پارتەکەیدا ، ئۆج ئالان لە بەرواری 15-2-1999 لە فڕۆکەخانەی نایرۆبی – کینیا لە ئەفریقا ، بە هۆی پیلانگێڕیەکی نێودەوڵەتی دەستگیر دەکرێت ، ئەم پلانەش ساڵێك پێش دەستگیرکردنی دادەڕێژرێت ، واتە ساڵی 1998 ، کە تێیدا هەریەك لە ولاّتانی ئەمریکا و تورکیا و بەریتانیا و.....هتد بەشداربوون (سامی شۆڕش ، 2007 ، ل156-158). ئۆج ئالان لەدوای ڕفاندنی لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ڕادەستی دەوڵەتی تورکیا دەکرێت و لەدوایشدا بۆ زیندانی تاکەکەسی لە دورگەی ئیمرالی (پلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عبدالله ئۆج ئالان ، 2014 ، ل26-27) + بریتا بولەر ، 2015، ل194-195 ) .

[4] هیگڵ فەیلەسوفێکی کلاسیکی ئەڵمانیە ، هاوکات فەیلەسوفێکی ئایدیالی بوو ، کە کاریگەری تەواوی لەسەر مارکس هەبوو ، بەتایبەتی دیالێکتیك کە چەمکێکی لە بنەڕەتدا یۆنانیە و بە واتای کۆبوونەوەی مرۆڤەکان دێت ، کە لەلای هیگڵ دەوڵەت بریتیبووە لە رۆحی ڕەها ، بۆ ئەمەش پەرەی بە دیالێکتیکەکەی دا وەك پرۆسەیەکی مێژوویی ، بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەتێکی تازە و تواندنەوە و نەمانی شارستانیەتی کۆن ، پابەند بەمەشەوە شارستانیەتی مەسیحی بە سەرکەوتوترین شارستانیەت ناوزەند دەکات کە پێیوایە شارستانیەتی مەسیحی توانیویەتی بالاّدەستی خۆی لەناو مێژوودا بەرجەستە بکات . پابەند بە چۆنیەتی دروستبوونی گەردوونیش ئاماژەی بە تەقینەوە گەورەکە کرد و پێیوابوو کە گەردوون لە ئەنجامی تەقینەوە گەورەکەوە (بیگ-بانگ)ەوە بەرجەستە بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا دەستنیشانکردنی مێژووی مرۆڤ نیە ، بەڵکو مێژووی گەردوونە . لێرەشدا گرنگیدان بە مرۆڤ و شارستانیەتی مرۆڤ و مێژووەکەی وەك پێویستیەك ئاماژەپێدەکات ، هەروەها لە میانەی توێژینەوە زانستیەکانەوە دەربارەی مرۆڤ ناسی(ئەنترۆپۆلۆجی) و نەتەوەیی(ئیتنیکی) و زمانەوانیەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە شۆڕشی گوند و کشتوکاڵ لە ئاخێزگەدا بە بونیادی زیندەوەرزانی(بایۆلۆجی) زنجیرە شاخەکانی تۆرس-زاگرۆسەوە گرێدراوە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە ، کە ئۆج ئالان زۆر جار بە (هیلالی بەپیت یان زێڕین) ناوزەندی دەکات . کە ڕۆڵێکی ئاخێزگەیی دەگێڕێت بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەت و گواستنەوەی سیستەمی جڤاکی خێلاّیەتی(کلانی) و سیستەمی قەبیلەیی بەرەو زمان و کلتووری هاوبەش ، ئەمەش بە یاریدەی سەرجەم زیتەڵەیی مرۆڤەکانەوە (ئۆج ئالان . پ 4، 2011 . ل29-36) .

لێرەدا دەمەوێت ئاخێزگەکانی شارستانیەت لە سەردەمی پێش مێژووەوە ئاماژەپێبکەم ، هەرچەند وەسفکردنەکەش لە نووسیندا تاڕادەیەك کورتی نیشاندەدات ، چونکە مەبەست لێرەدا سەرەتای دەستپێکردنی ژیان و بوونیادنانی شارستانیەتە ، ئاخۆ مرۆڤ چلۆن لە نێو لێرەوارەوە توانیویەتی نەشونما بە تواناکانی خۆی بکات و زیتەڵەی کارەکانی بەرەو پێشکەوتن بەرێت ، هەر لە ڕووی میعمار و ئەستێرەناسی و ئەندازیاری و هونەری و فەرمانداری و ....هتد (THORNDIKE, 1926 . Pp 93,94, 174-19) . بۆ ئەمەش ڕووبەڕووی دەستنیشانکردنی سەردەمەکانی سەهۆڵبەندان دەبینەوە ، کە زەویناسە(جیۆلۆجی)ەکان میژووەکەی بۆ چەند سەردەمێك ئاماژە پێدەکەن .

سەردەمی یەکەم 500000ساڵ بەر لە زایین و سەردەمی دووەم بۆ 400000ساڵ بەر لە زایین و سەردەمی سێیەم بۆ 175000ساڵ بەر لە زایین و سەردەمی چوارەمیش بۆ 25000ساڵ بەر لە زایین ، کە دەکاتە چوار سەردەم و زەمەنی گۆڕانکاری جیاواز بەسەر مرۆڤایەتیدا (BARNES, 1928 . Pp 117,118, 241-274) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، شارستانیەت دەستەواژەیەکی کلتووری و دەستەواژەیەکی گشتی جڤاکی سەردەمی چینایەتییە . پێناسەکردنێکی گشتییە بۆ شار و دەوڵەت . لێرەدا شارگەرایی و جڤاکی کشتوکاڵی و گوند خەسڵەتەکانی شارستانیەت دیاریدەکەن ، هەروەها پەیووەندی سروشت و جڤاك ، کە پەیووەندیەکی حکومڕانیەتی یەکلایەنەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرەدەستێنێت . شارستانیەت نەشونماکردنێکی گەورەی مێژووییە و تەنانەت خودی مێژووە [5] . لەتەك ئەوەشدا جیاوازی هزر و ئەخلاق و هەستی جوانی جڤاك کە لەناو ناکۆکیەکاندا بوونیان هەیە ، پێویستیەکی سروشتی جڤاکن ، وەك چۆن سەرهەڵدانی دنیای ناکۆك و دابەشبوونی واتا و دامەزراوەکان پێداویستیەکی شارستانیە . ئەگەر بەرەوپێشەوەچوونێکی ئەرێنی و ئاخێزگەیی لە شارستانیەتدا ڕوونەدات ، ئەوا سروشتەکانی یەکەم و دووەم کە ئۆج ئالان بە ژینگەپارێزی(ئیکۆلۆژی) و ئایدیۆلۆژی ناویاندەبات ، لە کارەساتی گەورە ڕزگاریان نابێت ، لەبەرئەوەی دەکەونە ژێر حکومڕانی هەردوو ناکۆکیەکەوە ، لێرەشدا هیچ کام لە جڤاکەکان ناتوانن بەبێ شارستانیەت برەو بە ژیانی خۆیان بدەن . ئەو جڤاکەشی کە بەشێوەیەکی شارستانیانە دەژیت ، جڤاکێکی دەوڵەمەند و بەهێزە و هەڵسەنگاندنێکی ئایدیۆلۆژی و دنیابینی دەخاتەڕوو . لەم پێوەدانگەیشەوە دەکارین بڵێین کە بەدیدی ئۆج ئالان ، کلتورەکانی جڤاك هەمیشەییتر و توانای وەگەڕخستن و وەچەرخاندن و جماندنی شارستانیەتیان هەیە [6] ، کە لەلایەك دەتوانن شارستانیەت بگۆڕن و بەرەو وەچەرخانێکی تری بەرن ، لەلایەکی تریشەوە دەتوانن ڕووبەڕووی وەچەرخانێکی ڕیشەیی بکەنەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، ئەگەر ڕووخانی شارستانیەتی جڤاکێك ڕێگای لەبەردەم پەرەسەندن و مانا و بونیادی کلتوور کردبێتەوە ، ئەوا پێویستە ئەو ڕووخانی شارستانیە جڤاکیە وەك پەرەسەندنێکی ئەرێنی چاو لێبکەین ، نەك وەکو زیان و دۆڕاندنێکی سەرەتایی ، هەروەها دەشێت وەك ڕزگاریەکی سەرەتایی و کرۆکی گەیشتن بە بنەماکانی ژیانی ئازاد لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ بکەین ، چونکە ئەو گۆڕانکاریە ڕێگا لەبەردەم وەچەرخان و نەشونماکردنی شارستانیەتدا دەکاتەوە ، وەچەرخانێك کە ئیدی شارەزابوون لە بنەماکانی بۆ داهاتوویەکی تر شتێکی زەرووریە (ئۆج ئالان، پ5. 2011 . ل21-25) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، جڤاك و مێژووی شارستانییەکانی پێش خۆمان گەرەکە شرۆڤەیەکی ڕوونیان بۆ بکرێت ،

---

[5]- لێرەدا ئۆج ئالان پابەند بە دیلێکتیکی مێژوویی هیگڵ گۆتەکانی دەخاتەڕوو ، لە کاتێکدا هیگڵ پێیوابوو کە دەوڵەت پرۆسەیەکی مێژووییە و لە دەوڵەت دانەبڕاوە ، پابەند بەمەشەوە دەوڵەت روحی ڕەهایە .

[6]- بۆچوونەکەی ئۆج ئالان لێرەدا تاڕادەیەك لەگەڵ بۆچوونەکەی جان بودانداا یەکانگیر دەبێتەوە ، بودان پێیوابوو کە یاسا ناتوانێت کلتوورەکان بگۆڕێت ، بەلاٚم کلتوور دەتوانێت یاسا بگۆڕێت ، چونکە کلتوور تایبەتمەندی لەمێژینەی جڤاکە و زۆرینەی ئەندامانی جڤاك وەك دەستکەوتێکی لەمێژینەی باب وباپیریان لێی دەڕوانن . بۆ ئەمەش ناتوانرێت کلتوور بگۆڕدرێت .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە ئەم شرۆڤەیە بابەتێك دەوروژێنێت کە لەم سەردەمەدا فرە پێویستیمان پێیەتی . لێرەشدا پابەندبوونی ئۆج ئالان بە دژوارترین فشارەکانی ئەم شارستانیەتەی کە تێی کەوتووە ئەگەر بەشێوەیەکی ناشارەزا(ئەماچیۆر)یش بێت ، گرنگی خۆی هەیە ، چونکە شرۆڤەکردن مانایەکی تایبەتی دەدات بەدەستەوە ، ئەویش پێ لەسەرداگرتن و ئاماژەکردنە بە ماف و ئەرك . لەم پێوەدانگەیشەوە شرۆڤەکردنی شارستانیەت بەدیدی ئەم پێش هەموو بابەتێك دەکەوێتەوە ، چونکە وەك کێشەیەکی لەپێشینەیی سۆسیۆلۆجی(کۆمەڵناسی) بوونیادی خۆی زیت دەکاتەوە ، بۆ ئەمەش زانست فرە گەرەکیەتی لەناو ئاوەردگای سۆسیۆلۆجی بوونیادیدا ، بەمەرجێ کە مانای ئەو واتا ناسیە بدات بە دەستەوە ، بەراوردکاری بابەت و ئامانج(ئۆبژە و سۆبژە)ی تێپەڕێنێت ، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەکات ، کە جیاوازی چینایەتی یەکێکە لە هەرە کارەکتەرە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی شارستانیەت . لەم پێوەدانگەیشەوە بە بنەماگرتنی واتایەکی گرنگ(ستراتیجی) بۆ شۆڕشی چینایەتی ، هەرچەندە لەبواری کرداری(پراکتیکی)دا ئەنجامێك نادات بەدەستەوە یاخود ئەنجامگیر نابێت ، بەڵام لە بواری تیۆریەوە مەحاڵ نابێت کە ئەنجامگیربێت . هەر شارستانیەتێکیش کە تووشی دارمانی تیۆری و پراکتیکی - ماددی و مەعنەوی بووبێتەوە ، ئەوا دەسەڵات ، تەنانەت بەندە و زەحمەتکێشەکانیش لەناویدا لەو دارمانە بێبەش نەبوون ، هەرچەندە ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن بەندە و زەحمەتکێشەکانیەوە تووشی دارمان بوون زۆر کەمن ، بەڵام کاتێك کە بوونیشی هەبووبێت ئەوا ئەو دەسەڵاتە مۆدێرنەی کە هاتووە و دەستیگرتووە بەسەریدا ، ئەوا هەموو ئەو ڕەفتارانەی جارانی تێپەڕاندووە . تەنانەت خۆی بەر لەهاتنی بۆ ئەم دەسەڵاتە ، ئامێرێکی قۆستنەوە بووە و ئاراستەکەری ستەمێکی ڕەها بووە . لێرەشەوە ئۆج ئالان ئەوە دەخاتە ڕوو ، کە فشار هێنان و قۆستنەوە وەك ئامێر و ئەو شێواز و ڕژێمە بەردەوامەی کە شارستانیەت و مێژووی شارستانیەت پشتی پێدەبەستن وەکو هەرایەکی چینایەتی وایە و بۆچوونێکی ئەوپەڕگەری شێواز و میتۆدی بچوککردنەوەیە . ئەمەش جیاوازە لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و لایەنە ئابووریەکەی ، چونکە ئەمانە خەسڵەتێکن لە شارستانیەتدا کە جیاواز کاردەکەن (ئۆج ئالان ، 2009 . ل194-208) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکێك لە هەرە هۆکارە گرنگەکانی سەرەتای دروستبوونی شارستانیەت ، بریتییە لە گشتیگەری(کۆمۆنیزم) ، ئەمەش فکرەیەك بوو کە لەدوای کۆتایی هاتنی دوا چارەگی قۆناغی سەهۆڵبەنداندا سەریهەڵدا . ئەمەش خۆی هەرچەندە مانای کۆمەڵگەری دەگەیەنێت ، ئەوا مرۆڤ لێرەشدا پێویست بوو بۆ خۆپاراستنی لە مەترسی دەرەکی پەنا بباتە بەر ئەوانی تر ، کە لێرەشدا جڤاك سەرهەڵدەدات وەك پێداویستیەکی گشتی و مرۆڤ بوون . بۆئەمەش دروستبوونی جڤاك ، مەترسی سەر مرۆڤ کەمدەکاتەوە ، بەڵام لەم پێوەدانگەیشەوە هاوبەندی و زیتەڵەی خودی تاکەکان ، تواناکانی خۆی لە تایبەتیەوە لەدەستدەدات و بەرەو گشتیەتی ئاراستە دەکرێت . کەواتە شارستانیەت لەیەکەم هەنگاویدا ، دەستدەکات بە کۆکردنەوەی مرۆڤ بەرەو جڤاك بوون ، ئەمەش لەلایەك بۆ کەمکردنەوەی مەترسی هاوبەش و هەڕەشەی گشتی ، لەلایەکی ترەوە بۆ برەودان و سەرنجدان بە تواناکانی سەرجەم خود . هەر لەم پێوەدانگەیشەوە جیاوازی لەنێوان سروشتی تاکەکاندا سەرهەڵدەدات ، بەپێی پیشە جۆراوجۆرەکان ، بگرە لە دوا قۆناغەکانیدا سامان و دەسەڵاتیش سەرهەڵدەدات . یەکێك لە هۆکارەکانی تر بۆ سەرهەڵدان و بەرهەمهێنانی شارستانیەت ، بریتییە لە کشتوکاڵ ، هەرچەندە ئەم هۆکارە خاوەنداریێتی و بەندایەتیشی بەدوای خۆیدا هێنا ، بەڵام هۆکارێك بوو بۆ کۆکردنەوەی خێزان بەمانا گشتیەکەی خۆی و پەلەقاژێکردنی بەرەو جڤاك ، کە جڤاکی شارستانیەتیشی بەدوا خۆیدا هێنا ، بەمەش کۆتایی بە نەتەوە سەرەتاییەکان هێنا (MULLER, 1927.Pp 41-46) .**

**بەدیدی ئۆج ئالان ، شارستانیەت یاخود جڤاکی شارستانی ، خۆی پێکهاتەیەکە لە دوو لاوە هەرائافرێنە ، لەلایەك لە ناوخۆ و لەلایەکی تریش لەنێوان شارستانیەتە جیاوازەکاندا ، بۆئەمەش پێیوایە ، مەبەست لە ئاواکردنەکەی جیاوازی چینایەتیە ، کە پەیڕەوکردنی فشار و قۆستنەوە و خەڵەتاندن تێیدا خۆی زیت کردۆتەوە ، ئەمەش دەیکات بە خاوەن کارەکتەرێك کە هەردەم هەرا بەرهەم بهێنێت . هەرچەند خودی دەسەڵات و جیابوونەوەی چینایەتیش لەناویدا بۆخۆی جۆرە پێکدادانێکە کە تێیدا زیت دەبێتەوە ، لەتەك ئەوەشدا جڤاکی چینایەتی خۆی لەڕێگەی جڤاکی دەسەڵاتەوە وەدیاردەخات و دەستدەکات بە زیتەڵەکردن . لەهەمان کاتیشدا هەردووکیان لە دیدگای ئۆج ئالاندا وەك نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی لەناو شارستانیەتدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ ، لە هەمان کاتیشدا ناتوانن بەبێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکتر بوونیان هەبێ ، هەریەك لەمانە ڕێگەیەکن بۆ تەواوکردنی ئەویتریان (Kowalewski,1992. Pp8-14).

ئەفلاتوون[7] ئەم چینایەتیە لەناو جڤاکدا وەك جەستە دەچوێنێ و دابەشی دەکات بەسەر سێ ئەندامدا ؛ (دەسەڵاتداران- فەیلەسووفان ، پاسەوانان ، بەرهەمهێنەران) . لەم پێوەدانگەیشەوە دەکارین بلێین کە ئەفلاتوون ، لێرەدا دەیەوێت باشترین جۆری جڤاك ئاماژەپێبکات ، کە دیاریکردنی ژیار(شارستانیەت) لەخۆدەگرێ . ئەم سێ چینە لە دیدگای ئەفلاتووندا ئەگەر ئەرکی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن و لایەنی مۆڕاڵی لە ئەرکەکانی خۆیاندا وەبەرچاوبگرن ، ئەوا باشترین جڤاگ دەئافرێنن . لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەت و ئەخلاق لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا تەواوکەری یەکترن و لەیەکتری جیانابنەوە ، تەنانەت مۆڕاڵ بە هەموو ئاکارێکەوە گرێدەدات . هەریەك لەم سێ چینەی کە ئەفلاتوون ئاماژەی بۆ دەکات ، فەزیلەت(چاکە)ی تایبەت بەخۆیان هەیە ، بۆ ئەمەش پێویستە هەریەك بەپێی فەزیلەتی تایبەتی خۆی بجولێتەوە و ئەرکی تایبەتی خۆی کە پێی سپێردراوە جێبەجێی بکات . بۆ ئەمەش ئەفلاتوون تایبەتمەندی هەرسێ چینەکە دەستنیشان دەکات ، کە فەزیلەتی دەسەڵاتدار یان فەرمانڕەوا ژیریە ، فەزیلەتی تایبەتی پاسەوانانیش ئازایەتییە ، فەزیلەتی تایبەتی بەرهەمهێنەرانیش دان بەخۆداگرتنە لەبەرامبەر کارەکانیاندا . بەدیدی ئەفلاتوون لێرەشدا پێویستە دادپەروەری وەبەرچاوبگیرێ ، بۆ ئەمەش هەرسێ چینەکە لە جێی خۆیاندا دادەنێ و هەریەك لەمانەش تەواوکەری یەکترن . کەواتە بۆچوونەکانی ئۆج ئالان تا ڕادەیەك لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەفلاتووندا یەکانگیر دەبێت ، بەوەی کە دەسەڵات و چینایەتی ڕێگە خۆشکەری یەکترن . هەرچەندە کە ئەفلاتوون ، جڤاك یاخود جڤاکی شارستانی بە بوونەوەرێکی زیندوو ناوزەند دەکات ، بەڵام جیاوازیەك کە لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە ، لای ئەفلاتوون دەساڵاتداران هاوکاری خەڵکانی تر دەکەن نەك سەروەری و قۆستنەوەی سامانی ئەوانی تر ، خەڵکیش بژێوی جڤاك دابیندەکەن نەك ڕەعیەتی دەسەڵاتداران . بەڵام لە دیدگای ئۆج ئالاندا چینی دەسەڵاتداران لە جڤاکی شارستانیەتدا بوونەتە ئامێری

---

[7]- ئەفلاتوون ناوی تەواوی (ئەریستوکلس)ە ، فەیلەسووفێکی ئایدیالی یۆنانیە ، هەروەها نوێنەری ئەرستۆکراتیەتی بوو ، تێگەکانی پەیووەست بە جڤاك بریتیبوون لە وێنەی دەوڵەتێکی ئەرستۆکراتی ئایدیایی ، کە تێیدا فەیلەسووفەکان فەرمانڕەوایەتی دەکەن و سەربازەکانیش پاسەوانی ، هەروەها چینی سێیەمیش بریتیبوون لە خەڵکان ئاسایی و بەرهەمهێنەر کە هاوڵاتیەکی ئازاد بوون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵەتاندن و قۆستنەوە ، تەواوی زیتەڵەی خەڵکی بۆ ئامانجی خودی خۆیان وەبەرچاودەگرن . تەنها خۆیان بنیادنەرن و خاوەنی بەرهەمهێنانن ، لێرەشدا لایەنی مۆراڵی پشتگوێ خراوە و مرۆڤ بوون و شارستانیەتی مرۆیی بەمانا گشتیەکەی خۆی بەرەو کاڵ بوونەوە چووە (د.کەمال پوولاندی ، 2005. ل 49-57) .

**نەسکی یەکەم " پێناسە و مانای چەمکی شارستانیەت**

بوونی هەر جڤاکێك پەیووەستە بەبوونی سیستەمگەلێکی سۆسیۆلۆجی(کۆمەلأیەتی) و ئاکاری و سیاسی و ئابووری و ئایینی و کلتووری . لەتەك ئەوەشدا پەیووەستە بە بوونی لایەنی زمانەوانی و ڕێسا و یاسا گشتیەکان .
شارستانیەت ، بریتییە لە سیستەمگەلێکی یاسایی ، کە پشت بە یاسا و ڕێساکان دەبەستێت ، لەسەر بنەمایەکی ئەقلأنی بنیادنراوە بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی هاویەك و گونجاو لەناو سەرجەم چینەکانی جڤاکدا ، کە لەگەڵ گشت توخم و بەشەکانی شارستانیەتدا بگونجێت ، هەروەها ، بریتییە لە کۆمەڵێك ئاکار و بەهای کۆمەلأیەتی هەمووەکی کە لایەنی سایکۆلۆژی(دەروونی) و کلتووری و کۆمەلأیەتی و روحی گشتی دەگرێتە خۆ ( MASPERO, 1921 . Pp14) .

مرۆڤ بوونەوەرێکە بەردەوام لە جوڵەدایە و ئارەزووی لە تێکەلأوبوونە ، لەهەمانکاتیشدا بەردەوام بە ئەزموونی نوێ دەگات لەپاڵ شارستانیەتەکانی تردا . بۆئەمەش دەگات بە بۆچوون و مامەڵەی جیاواز ، لەپاڵ ئەوەی کە لە شوناسەکەی خۆیدا فێری بووە ، لەم پێوەدانگەیشەوە مرۆڤێکی جیاواز دروستدەبێت کە جیاوازە لە هی پێشووتر ، لەم سەردەمەی ئێستاشدا شۆڕشی زانست و زانیاری و هۆکار و ئامرازەکانی مرۆڤیان بردۆتە ناو جیهانێکی نوێی ژیان . ئەم تێکەڵبوونەی مرۆڤیش لە شارستانیەتێکەوە بەرەو شارستانیەتێکی تر دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی کلتوور و بۆچوونەکان لەگەڵ یەکتری . ئەم تێکەڵبوونە کلتووریەش دەبێتە کلتوورێکی بەجیهانی بوون ( KOHN, 1919. Pp12).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدیدی ئۆج ئالان دەشێت لەڕووی زانستیەوە پێناسەیەك بۆ شارستانیەت یاخود جڤاکی شارستانیەت بکەین . شارستانییەت ، بریتییە لە جڤاکێك کە هەر لەگەڵ فراوانبوونی گوند بۆ شار و جیابوونەوەی چینایەتی زیت دەبێتەوە ، کە لەلایەن سیستەمێك و ڕێکخستنێکەوە بەڕێوەدەبرێت و پێی دەڵێن دەوڵەت . هەرچەندە لە کاتێکدا ئەو نزیکایەتی و هاوکاریەی کە لەناو نەتەوە(ئێتنیك) و هۆزدا هەیە ، ڕێگە خۆشکەرە بۆ جیاوازی کۆمەڵایەتی ، کە لەدوا ترۆپکیدا دەگات بە ئاستێکی بەرزی پلەداری ، بەڵام ئەم جیاوازی چینایەتیە لەگەڵ هەنگاونان بەرەو دەوڵەت لەگەڵ سروشتەکەی خۆیدا ناگونجێت . بۆ ئەمەش لە دیدگای ئۆج ئالاندا ڕاڤەکردنی جڤاکی شارستانی بەهۆی سێ قۆناغەوە شیاوی فێربوون و شیاوی ئەزمونکردنە ، وەك سەرەتا و ناوین و کۆتایی ، لەلایەکی ترەوە ئەماژە بەوە دەکات کە جڤاکی شارستانی یەکپارچەیە ، جەنجاڵی و درێژی و ماوە لەخۆناگرێ ، کەواتە ئەم دابەشبوونەی تەنیا بۆ ئەزمونکردنە بەشێوەیەکی سانا ، کە بتوانرێت بە سانایی لێیتێبگەین . شارستانیەت ئاواکردنی بونیادێکی زەبەلاحە ، بۆ ئەمەش دەشێت بەپێی میتۆدێکی شار یاخود پەرستگا یان هەرشتێکی تری وەك پیاپەڕەوە و کێڵگە خۆی والأبکات و لەبەردەم جیهانی هەمووان‌دا خۆی ئاشکرابکات ، بۆئەمەش بوونی شارستانیەتێك کە وەها لەم ڕێگەیەوە خۆی دەردەخات و جڤاکەکەی دەناسێنێت شیاوی دانپیانانە ، بەمەرجێك زیتەڵەی مرۆیی و بەهای کلتووری و ئایدیۆلۆژیاکەی وەبەرچاوگرتبێ . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان ئاماژە بەوە دەکات ، کە دەستبەرداربوونی بەهای کلتووری و زیتەڵەی مرۆیی ، شارستانیەت یاخود جڤاکی شارستانی بەرەو شێوێنراوی دەبات ، لە جڤاکی گشتی دادەبڕێت ، تا ڕادەیەك کە وا هەستیپێدەکرێت کە دۆخی گونجای خۆی لە ڕەوتی ژیاندا لەدەستداوە . کەواتە لە دیدگای ئۆج ئالاندا شارستانیەت تەواوی بەها کلتووری و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکان لەخۆدەگرێ . واتە بوونی پەیووەستە بە بوونی سەرجەم بەها کۆمەڵایەتیەکان (ئۆج ئالان ، پ 1 ، 2009 . ل 306-310) .

لە هزری ئۆج ئالاندا ، شارستانیەت ئاماژەکردنێکی گشتگیری و فەرمارەوایی کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەتە ، بەشێوەیەك کە لە یەکەم ترۆپکی قاڵبوونەوەی خۆیدا لەسەر شار دەستگیری بووە . بۆ ئەمەش بەڕێوەبردنی ئەم جڤاکە کە ئێمە بە شار ناوزەندی دەکەین لەلایەن خودی دەوڵەتەوە یەکەم هەنگاوی زیتەڵەیی و کارامەیی ژیار(شارستانی)یە . کە لێرەدا تێگەی مەدەنیەت هاوواتایەکی ترە لەبەردەم شارستانیەتدا خۆی زیت دەکاتەوە و سەرجەم پرنسیپ و تایبەتمەندیە تیۆری و پراکتیکیەکانی ڕووندەکاتەوە . لەتەك ئەمەشدا شارستانیەت هەندێك تایبەتمەندی لەناوخۆیدا هەڵدەگۆزێنێ کە لە دەوڵەت جیای دەکاتەوە یاخود تێپەڕی دەکات ، ئەمەش بەهۆی برستی ڕەچاوکردن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گرنگیدانیەتی بە کات و شوێنەوە ، لەتەك ئەمەشدا هەموو نەتەوە(ئێتنیك) و خێڵ[8] و قەوم و ئایین بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە و هزر و ئایدیۆلۆژیایەك لە چوارچێوەی خۆیدا هەڵدەگرێت ، تەنانەت زیتەڵەی سەرجەم مرۆڤەکانیش لە چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان دەوڵەت بە ناوکی زۆرێك لە پێکهاتەکانی شارستانیەت دەچوێنێ ، کە پێیوایە شار تەنیا بە دەوڵەت و دەسەلأتەوە گرێنەدراوە ، بەڵکو لەکات و شوێنی جیاوازدا دەتوانێت گۆڕانکاری وەگەڕبخات و شارستانیەت بەرەو نەشونماکردن ئاراستەبکات ، هەرچەند بەدیدی ئەم دەوڵەت بنچینەی دەوڵەتشاریشە (ئۆج ئالان ، پ2 ، 2009 . ل406-409) .

لەدیگای دەوڵەتشاری ئۆج ئالانەوە ، دەگەڕێینەوە بۆ دیدگای دەوڵەتشاری ئەفلاتوون ، لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەت و دەوڵەتشار . کە لێرەدا ژیار(شارستانیەت) بۆ جیهانی ئایدیاکان زیت دەکاتەوە و ساکارترین جڤاك لەناو شارستانیەتەکەی بەو کەسانەوە گرێدەدات کە لەسەر پرنسیپی دابەشکردنی کار و ئاڵوگۆڕی کاری بەرهەمە وارسکەکانی خۆیان ، پێداویستیە ئابووری(ئیکۆنۆمی)یەکانی خۆیان دەستەبەردەکەن ، لێرەدا تواناکان بەپێی چینەکان دابەشدەکات ، کە هەر کەسێك ئامادەگی تەواوی تێدایە بۆ ئەنجامدانی کارێك . لەبەرئەوەی توانا(برِست)ەکانیش لێرەدا جیاوازیان هەیە ، ئەوا لەلایەك دەوڵەتێك گرێدراو بە ژیار(شارستانیەت) لەدایك دەبێت ، لەلایەکی ترەوە بەرهەمەکانیش جیاوازیان تێدەکەوێت و لە ئەنجامدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن ، لەمەشەوە جڤاکێك یاخود جڤاکێکی شارستانی سەرهەڵدەدات کە هەموو چینەکانی وەك وەرزێران(جوتیاران) و پیشەسازان و پیشەوەران و جامبازەکان(بازرگانەکان) و چینی فەیلەسووفەکان و پاسەوانەکان لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوە ، کە لێرەدا ئەفلاتوون بەدواداچوون بۆ کۆڕو کۆبوونەوە جۆراوجۆرە مرۆییەکان دەکات ، ئەم بۆچوونەی پلاتۆنیش لە جیهانی ئایدیاکانەوە خۆی والأ دەکات (د.کەمال پوولاندی ، 2005. ل 54-56) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، پەیووەندیەکی بەهێز لەنێوان هەرا و توندوتیژی ، شارستانی و دەوڵەت و دادوەریدا هەیە ، لە ڕەوتی خۆیدا ئاماژە بە خاوەندارێتی خود(تاك) و گروپە کۆمەلأیەتیەکان دەکات ، یاخود بەمانایەکی تر ئاماژە بە زیتەڵەی ئابووری(ئیکۆنۆمی) و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و هەروەها خاوەندارێتی تاك و گروپەکانی تر دەکات . بۆ ئەمەش لێرەدا ئۆج ئالان دەکارێت ئاماژە بەم وێرگوڵە بکات ، کە شارستانیەت بریتییە لە گشتگیری ، پابەند بەمەش پەیووەندی تەواوی بەم نەریت و دەزگاو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە ، لەتەك ئەمەشدا گرێدراو بە شێوازی پێکهاتنی چینایەتی و زێدە بەرهەمیش ئاماژەی بۆ دەکرێت ، وەك شارستانیەتی ژنی ماڵیکراو و باوکسالاری و

---

[8]- خێڵ ، بریتیین لە کۆمەڵە مرۆڤێك کە لەسەر پارچە زەویەکی دیاریکراو دەژین ، تێیدا چەندین کلتووری هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینرێت ، لەئەنجامی یەکگرتنیان و ڕێزنواندنیان بۆ یاساکان و یەکتری ، شارستانیەتێك خۆی ئاوادەکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شارستانیەتی کۆیلایەتی . لە لایەکی ترەوە و پەیووەست بەم وێرگوڵە، ئاماژە بە بوونی دەسەڵات دەکات لەناو شارستانیەتدا . پێیوایە شارستانیەت ، ئەو ڕاستیە پۆلێن دەکات کە دەسەڵات وەك پارچەیەکی دابەشکراو بۆ چەند چینێك ، سەرتاپاگیری پەیووەندی(کۆنتراکت)ەکانی بەهێزە** (ئۆج ئالان ، پ3 ، 2010 . ل288-293) .

**لە هزری ئۆج ئالاندا ، دەتوانین پێناسەیەك پەیووەست بە ژیار(شارستانیەت)ی دیموکراتی بەم شێوە گۆتەیە هەڵبگۆزێنین . شارستانیەتی دیموکراتی پۆلێنێکی کۆمەڵایەتیە و لە شارستانیەتی دەوڵەتی جیاوازترە . تێگەیەکە بە مەبەستی ناولێنانی فۆرمە کۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی)ەکان ، بەر لە وارسکەبوونی دەوڵەت و ژیار(شارستانی) ، یاخود ئەو پێکهاتە سەرەکیانەی کە کاریگەریان لەسەر وارسکەبوونی هەیە و لە دەرەوەی دەوڵەتن** (ئۆج ئالان ، پ 2 ، 2009 . ل410-412) . **هەر پەیووەست بەم چەشنە پێناسەیەوە شیمانەی ئەوە دەکات کە ، بەدواداچوون بۆ دۆخی سەرهەڵدانی سروشتی کۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی) کە پابەندە بە ڕەوتە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە ، وەك ئایین ناسی(تیۆلۆژیا) و خودی ئایین و جڤاك ، لەتەك نەشونماکردنی لەسەر پرنسیپی جڤاکی سیاسی و ئەخلاق(مۆراڵ) بکات ، کە خۆی بریتییە لە شێواز و سیستەمی شارستانییەتی دیموکراتی** (Ozcan, July 2005. Pp74-99 ) . **بەدیدی ئۆج ئالان ، وەك چۆن بوونی سەرمایەدار پەیووەستە بەبوونی جڤاکێکی نا سەرمایەداری ، تاوەکو زۆرترین ماوە بەخۆی بدات . ئاوهاش سیستەمی جیهانی یاخود ژیار(شارستانیەت) ناتوانێت بەبێ سیستەمی شارستانیەتی دیموکراتی بەردەوامی بە مانەوە و هەبوونی خۆی بدات . لەتەك ئەمەشدا شارستانیەتی دیموکراتی بەپێچەوانەی ئەمە ، واتە بەبێ ئامادەبوونی شارستانیەتی فەرمی دەتوانێت ئاسانتر درێژە بەماوە و هەبوونی خۆی بدات ، چونکە لە ناوەڕۆکی خۆیدا یەکگرتوویی ئەخلاقی و سیاسی سروشتی جڤاکی هەڵگرتووە . هەر جڤاکێکیش ناوەڕۆکەکەی هەڵگۆزانێك بێت لە ئەخلاق و سیاسەت ، ئەوا جڤاکێك یاخود تەنانەت شارستانیەتێکی دیموکراتیە ، کە لەمیانەی ئاشتی و ئیرادەی بەهێزی سەرجەم مرۆڤەکان و ژیانێکی هاوبەشی بێ کوشتن و بێ چەك خۆی وەدەردەخات** (ئۆج ئالان، پ3 ، 2010 . ل168-171) .

**شارستانیەت لە ڕوانگەی ئۆج ئالانەوە لەڕێگای ئەقڵی شیکەرەوە(ئەنالیتیك)یەوە دەروازەی لەبەردەمدا کراوەتەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبینەوە ، کە لە (Abdullah Ocalan, 2008 .Pp10) . پابەند بەم ناساندنەش ڕووبەڕووی دیدگاکانی ئەرستۆ [9] دەوڵەتشاردا فەزیلەتی ژیار(شارستانیەت) لەسەر بنەمایەکی ئەقڵی پێناسە دەکات ، پابەند بەمەش ئەقڵی مرۆیی لێرەدا بۆ سەر دووجۆری سەرەکی دابەش دەکات ، ئەقڵی تیۆری و ئەقڵی کرداری(زیتەڵەیی) . لەتەك ئەم ناساندنەشدا سیاسەت و کردەوە ئەخلاقیەکان لە چوارچێوەی ئەقڵی کرداریدا چڕدەکاتەوە و بابەتە تیۆریەکانیش لەناو ئەقڵی تیۆریدا . لێرەشدا ئەرکی سەرەکی ئەرستۆ گەڕانە بەدوای باشترین جۆری ژیار(شارستانیەت) ، کە لەسەر بنەمایەکی کردەیی بنیادنراوە . کەواتە لە دیدگای ئەرستۆ ، ڕووبەڕووی پێناسەیەکی تۆکمە دەبینەوە کە تاڕادەیەك لە گەڵ ناساندنەکەی ئۆج ئالاندا یەکانگیر دەبێت ، ناساندنەکەی ئەرستۆ بۆ ژیار(شارستانیەت) ، لە دەوڵەتشاردا بە بابەتێکی گرنگی سیاسەت هەژماردەکرێ ، شارستانیەت لەلای ئەم بریتییە لە جڤاکێکی تەواو ، کە لەسەر پرنسیپە ئەقڵی و ئەخلاقیەکان بنیادنراوە ، کە تێیدا ئەقڵی کرداری ڕۆڵ دەگێڕێت ، ئەرکی گشتی ئەم شارستانیەتەش بریتییە لە پەروەردەکردنی خەڵکانێك لە ناتەواویەوە بەرەو تەواوی و خەڵکانێکی تۆکمە ، لێرەدا ئامانج دروستکردنی شارستانیەتێکە بەپێی توانای ئەقڵی بۆ ژیانی مرۆڤ ، کە لەسەر ئەقڵی کردەیی و فەزیلەتی ئۆرگانی مرۆڤ بنیادنراوە ، لەتەك ئەمەشدا سیستەمی ئایدیالی بەسەریدا زاڵە (د.کەمال پوولاندی . 2005. ل 72-76) .

لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، پابەند بە ناساندنی چەمکی شارستانیەت ، ڕووبەڕووی پێناسەکردنی دوو جۆری تر لە شارستانیەت دەبینەوە . شارستانیەتی سەرمایەداری و شارستانیەتی کۆیلەداری ، کە تا دێت لەناو تاکەکانی جڤکدا لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی جیاواز بەخۆیەوە گرێدەدات .

شارستانیەتی سەرمایەداری ، لە گشت شارستانیەتەکانی تر سەبارەت بە پراکتیزەبوونی بەتواناترە . لەتەك ئەمەشدا لەمیانەی خۆ دەرخستن و چەوساندنەوە و خۆ پەسندکردن و بلاوکردنەوەی پرۆپاگەندە لەهەموو شارستانیەتەکانی تر بەهێزترە . شارستانیەتی سەرمایەداری ڕۆڵی خۆی لە یاساکانی قازانج کردندا دەبینێتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە لەسەرجەم گۆڕاکاریەکان دەترسێ ، بۆ نەگۆڕانی دۆخە لەبارەکەشی یەکەمین و گرنگترین هەنگاودەنێ بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوە . شارستانیەتی سەرمایەداری بەشێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکاتە سەر خەیاڵەکانی یەکسانی و ئازادی و کۆتاییهێنان بە کۆیلەداری و زەحمەتکێشی . کەواتە شارستانیەتی سەرمایەداری هەموو پرنسیپە ئەخلاقی و مرۆییەکان تێکدەشکێنێ و بەمەبەستی زۆرترین قازانج ، ئەوپەڕی هەنگاوی بێ پایان

---

[9] ئەرستۆتێلیس فەیلەسووفێکی یۆنانیە ، دامەزرێنەری زانستی لۆژیکیە ، ئەرستۆ هەستا بە ڕەتکردنەوەی تیۆریایەکەی ئەفلاتوون کە پەیووەست بوو بە جیهانی ئایدیاکان ، لەبری جیهانی ئایدیایەکەی ئەفلاتوون تیۆری ناوەڕۆك و چوار هۆکاری تری ( ماتریالی و ڕوکاری و کۆتایی و کارایی) زیت کردەوە ، کە ئەمەش بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دەوڵەت بوو ، لەمەشەوە دەوڵەتشار بە چۆنیەتی توانای ناخەکی مرۆیی و هۆکاری ئافراندنی خۆشگوزەرانی هاولاّتیان دەبەستێتەوە . بابەتی دەولّتشار لای ئەرستۆ وەك بابەتێکی کرۆکی و سیاسی دەردەکەوێت ، کە لەناویدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد ، دەوڵەت خۆی شتێکی سروشتیە و مرۆڤیش بە سروشت تێیدا بوونەوەرێکی سیاسیە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دەهاوێژێت ، هەروەها بەندایەتی و مرۆڤ خودایی بەسەر ڕەوشی جڤاکدا دەهێنێت . پابەند بەمەش خۆی دەکات بە ئەژدیهای داهاتی گشتی و سەرجەم یەکسانی و بنەماکانی ئازادی دەخاتە ژێرباڵە شاراوەکانی خۆیەوە ، کە دوور لە زانست و ئایدیۆلۆژیایەکی گشتی و ئەخلاقیە** (ئۆج ئالان، ب1 ، 2002 . ل451-465) .

**پابەند بەم پێناسەیەی ئۆج ئالان دەربارەی سەرمایە ، هەڵوەستەیەك دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ دیدگای (کارل مارکس)**[10] **، کە دەیەوێت تێکۆشانی مرۆیی و زەحمەتکێشان بخاتە ناو چوارچێوەیەکی زانستی و ئایدیۆلۆژیەوە . لەتەك ئەمەشدا مارکس پێیوایە کە ناکۆکی سەرەکی لە سیستەمی سەرمایەداریدا بۆ دۆخێك دەگەڕێتەوە ، کە بەرهەمهێنان لەهەموو ڕوویەکەوە بە کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) بووە ، بەلاّم لەتەك ئەمەشدا سیستەم و پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی و موڵکداری هێشتا لەباری خاوەندارێتی تایبەتیدا ماونەتەوە ، بۆ ئەمەش پێویستە پابەند بەم کۆمەڵایەتیبوونە ئەوا سیستەمی موڵکداری تایبەتیش باری خۆی بگۆڕێت بۆ بە کۆمەڵایەتی بوون ، لەبەرئەوەی شارستانیەتی سەرمایەداری خۆی دەرکەوتەی چۆنیەتیەکانی نامۆبوونی ئایدیۆلۆژیایە ، کە مارکس ناوی دەنێت نامۆبوونی مرۆڤ لەخۆدا** (Iran soll, 2002 . Pp47-49) .

**شارستانیەتی کۆیلەداری ، لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، بریتییە لە لەبەرچاو ونکردنی یاسای گشتی و ناوەڕۆکی بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان ، کە لە ئەنجامی بالأدەستی چینی سەرمایەداریەوە سەرهەڵدەدات . هەموو ئەو پرنسیپە مرۆییانە تێدەپەڕێنێ کە پەیوەستن بە بەها مرۆییەکان . کە لە پابەندبوونی بە زانستی جڤاك و بەرەو بواری بابەتی بوون و خۆییەوە بەتەواوی وشك کراوەتەوە . بابەتی مرۆیی و سۆسیۆلۆجیەکانی تەنها بەشێوەیەکی ڕووکارانە و پچڕ پچڕی ماونەتەوە و تەنها لەمیانەی وینەی ئایدیۆلۆژی و خۆپیشاندان و پڕوپاگەندەی سەرسوڕهێنەرەوە خۆی نمایش دەکات** (ئۆج ئالان . ب 1 ، 2002 . ل 146-153) . **پابەند بەم پێناسەیەش ڕوودەکەینەوە دیدگای کارل مارکس ، کە ئەو ناویدەنێ ، لەخۆنامۆبوون . لێرەدا مارکس دەیەوێت ئەم جۆرە شارستانیەتە کۆیلەداریە کۆتایی پێ بهێنێت لەڕێگای گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری بۆ تەواوترین و کامڵترین سیستەمی گشتیگەر(کۆمۆنیزم)ی و مرۆیی ، چونکە لەم شارستانیەتەدا مرۆڤ لەخۆی نامۆبووە ، کە بریتییە لە نامۆبوونی جۆرێتی . بەدیدی مارکس ، مرۆڤ بوونەوەرێکی جۆرێتییە ، نامۆبوونیش دەیکات بە بوونەوەرێکی**

---

[10] **کارل مارکس فەیلەسووفێکی ئەڵمانیە ، یەکێکە لە گەورەترین بیرمەندانی بواری سیاسی و ئابووری و سۆسیۆلۆجی ، لەتەك ئەوەشدا بە دامەزرێنەری فەلسەفەی کۆمۆنیستی(شیوعی) و دیالێکتیکی ماددی و ماددەگەرایی مێژوویی دادەنرێت ، پابەند بەهەموو ئەمانەش دامەزرێنەر و پێشڕەوی پرۆلیتاریای جیهانە و بەشێوەیەکی چالاکانە تیۆری ململانێی چینایەتی گەشەپێدا ، هەروەها دیالێکتیکی هیگڵی لە ئایدیاوە وەرگرت و گواستیەوە بەرەو دیالێکتیکی ماددی . مارکس داوای کۆمۆنیست(شیوعیەت)ی بەرزکردەوە بەنیازی بەکۆتاهێنانی چینایەتی ، ئەو پێیوابوو کە ئەوە چینی کرێکارانن کە شۆڕش دەئافرێنن بەمەبەستی باشکردن یاخود خراپکردن . مارکس لە تیۆریە سیاسیەکەیدا زیاتر ڕۆڵی پەروەردەکردن دەگێڕێت . بەدیدی مارکس گەیشتنی هەر وڵاتێك بە قۆناغی کۆمۆنیزمی ، ئەوا مانای وایە کە ئەو وڵاتە لە گەشەسەندوترین قۆناغدایە . لێرەدا ئۆج ئالان سوودێکی بێ پایانی لە مارکس بینیووە پابەند بەتێگەکانی پەیووەست بە سەرمایەداری .**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زێدەخواز و ڕکابەرخواز . لەتەك ئەمەدا مارکس دەخوازێت لەڕێگەی بە سەقامگیربوونی جڤاکێکی کۆمۆنیستی نامۆبوونی مرۆڤ لەناوبەرێت . شارستانیەتێك لێرەدا لەدیدگای مارکسدا خۆی وەدەردەخات ، کە جیاوازی چینایەتی لەناو دەبات و خێروبێری گشتی زیاد دەکات ، مرۆڤ لێرەدا وەك بوونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێنەر کاری خۆی دەکات . بەدیدی مارکس ، بەهۆی پابەندبوون بەم گشتگیریەوە دیموکراسیەتیش لەناو جڤاکدا سەرهەڵدەدات و چیدی مرۆڤ لەخۆدانامۆ نامێنێت (Geoff Boucher , 2011 ,Pp 62-68 ) .

بۆ ناساندنی چەمکی شارستانیەت لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، بەر لە هەموو شتێك پێویستە بڕوانینە پێکهاتە و بوونیاد و هزری جڤاکەکەی . لەتەك ئەمەشدا چۆنیەتی وارسکەبوونی ئایین و کلتوور و پێکهاتەکانی تری . وێڕای ئەوەش گەرەکە شارەزاییمان پابەند بە مێژوو و ئابووری و چۆنیەتی و چەندێتی ڕەفتارە مرۆییەکانی و سنووری جوگرافیایەکەی هەبێت ، چونکە گەر ئەم تایبەتمەندیانە شینەکەینەوە ئەوا دژوارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئەو شارستانیەتە تێبگەین . وێڕای گشت ئەمانەش ، ئەو پەیووەندییانەی کە بە ساکوڵ (قوڵ)ی کاریگەریان لەسەر جڤاکی ئەو شارستانیەتە هەیە ، بریتییە لە گەوهەری ئایدیۆلۆژیا و سیاسی و نەتەوە(ئێتنیك)ایەی ، بۆئەمەش لێرەدا دەبینین کە جیابوونەوەی چینایەتی لە جڤاکی دەسەلاّت و دەوڵەتگەرایی ناچاریە (Marcus, 2001. Pp87-91 ).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەوەری دووەم " ڕەهەندە سەرەکییەکانی ناساندنی جڤاکی شارستانی لە ڕووی زاراوەییەوە

بوونی هەر جڤاکێکی شارستانی ، پەیووەستە بەبوونی چەند ڕەهەندێکی سەرەکیەوە تاوەکو لە جڤاکێکی تر و لە ژیار(شارستانیەت)ێکی تر جیای بکاتەوە . لەهەر نەتەوەیەکدا ناسنامەی کلتووری گۆڕانکاری بەسەردانایەت و گوزارشت لە ناوەڕۆکی بێ پایانی خۆی دەکات . لەتەك ئەمەشدا ناسنامە و کلتووری هەر تاکێك لەناو هەر نەتەوەیەکدا گرێدراون بەیەکەوە ، بۆ ئەمەش هەر نەتەوە(ئێتنیك)ێك کلتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەرهەمی زیتەڵەی زەهنیەتی تاکەکانی خۆیەتی . لە جڤاکی هەر شارستانیەتێکدا ئەقڵی مرۆڤەکانی دەورێکی ئاخێزگەیی دەگێڕێت بۆ گەشەکردن و بنیادنان لە بوارەکانی زمان و ئافراندنی کلتوور ، هەروەها لە بوارەکانی وەك ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگە(ئیکۆلۆژی) و ڕۆشنبیری....هتد . لەتەك ئەمەشدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئافراندنی دەوڵەت و شارستانیەتدا (HTTP:, 2000. Pp18 ) . لێرەدا ئەرستۆ ، جگە لەوەی ، مرۆڤ بە سروشت بە بوونەوەرێکی سیاسی لەقەڵەم دەدات ، ئەوا لەتەك ئەمەشدا پێیوایە کە دروستبوونی دەوڵەت و شارستانیەت ، تەنانەت بە ڕەهەندە بنەماییەکانیشیەوە لە دوو لایەنەوە سروشتیە :

لایەنی یەکەم ؛ چۆنیەتی ئافراندنی .

لایەنی دووەم ؛ چۆنیەتی نەشونماکردنی بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە (THOMAS LINDSAY: 2001,Pp215,216) .

جڤاکی شارستانی ، پەیووەستە بە چۆنیەتی ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێساکانی لەلایەن تاکەکانیەوە . لەبەرئەوەی مرۆڤ بەپێی خواستی خۆی ناتوانێت ببێت بە سیاسی ، چونکە خۆی بوونەوەرێکی سیاسی و بەرهەم هێنە . کەواتە بە کۆمەڵایەتیبوونیشی تەنیا بۆ ناچاریبوونی دەگەڕێتەوە ، کە لە ئەنجامی ترس و خۆپاراستن و پێشێلنەکردنی مافی یەکتر ئەم دۆخەی ئافراندووە ، لەتەك ئەوەشدا خۆی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەم دۆخەدا نیە کە ئافراندوویەتی . مرۆڤ لەتەك ئەوەشدا کە بوونەوەرێکی سیاسیە ، ئەوا بوونەوەرێکی دڕندەشە ، چونکە ئارەزووی لە سەرمایەداریە و هەمیشە ئاواتەخوازە کە هەموو شتەکان لە بەرژەوەندی ئەودا تەواوبن ، نەك هەر تەنیا خۆی ، بەڵکو ئەم ئاواتەخوازیە زۆر جار بۆ گروپ و کۆمەڵێکە کە ئاکارەکانی بە بەرژەوەندی ئەو تەواو دەبن . بۆ ئەمەش ((ئاپنهامێر[11])) دەڵێت : " لە هەموو جڤاکێکدا ، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە خێڵ(کلان)ێك بەسەر کلانێکی دیکەدا زاڵە

---

[11] ئاپنهامێر ، یەیکێکە لەو هزرڤانە سیاسیەی کە تیۆرەکەی زیاتر پەیووەست بە دەوڵەتەوە پێشدەخات و تێیدا ئاماژە بە چۆنیەتی کۆبوونەوەی گوندەکان دەکات ، کە لە ئەنجامی ڕێکخستن و هێزەوە دەوڵەت دەئافرێنن . واتە لە تیۆرە سیاسیەکەیدا ئاماژە بە یەکەمین کۆمەڵەی سەرەتایی دەکات و چۆنیەتی ڕۆیشتنی بەرەو ئاڵۆزی کە دەوڵەتە ، ئەم دەوڵەتەش لە ئەنجامی کۆبوونەوەی مرۆڤەکانی سەرجەم کۆمەڵە سەرەتاییەکانی گوندەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ، لەتەك ئەوەشدا چەندین کلتوور تێیدا خۆی نمایش دەکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

، ئەمەش لە ئەنجامی هەراوە ڕوویداوە ، بۆ ئەمەش کلانی بالادەست هێرش دەکاتە سەر کلانی بێ دەسەڵات و هەوڵدەدات کە دەوڵەتێك لەژێر فەرمانڕەوایەتی و کۆنترۆڵی خۆیدا بئافرێنێت " (BARNES, 1926. Pp57,58) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، پابەند بە هەر جڤاکێك پێویستە لە سەرەتادا پێناسەی ڕەهەند و زاراوەکانی بکەین ، چونکە پێش ناساندنی ڕەهەند و زاراوەکان ، ناساندنی جڤاك لە ڕووی زانستیەوە نادروستە ، تەنانەت لە یەکێتیبوون و هاوفیکریەکەشی دایدەبڕێت . پابەند بەمەش ئێمە ناتوانین لە زانستی جڤاکدا بە دوای دڵنیایەتیدا بگەڕێین ، چونکە زانستی جڤاك قەیران و کورتهێنان لە تەواوی بوارەکاندا بەخۆیەوە دەبینێت ، چونکە هەموو بوارەکانی نەگەیشتوون بە دڵنیایی و تەواوەتی ، لێکۆڵینەوە لەهەموو ئەم بوارانەشدا ئەگەری ئەوە هەیە ئێمە بکەوینە ناو چەند دوالیزمیەکەوە ، وەك دوالیزمی گەردوونی زیندەوەران و ئەقڵی مرۆیی . لە کاتێکدا ئێمە گفتوگۆ دەربارەی چۆنیەتی گەردوون و زیندەوەرانی ناوی دەکەین ، ئەوا لەهەمان کاتیشدا دەکەوینە ناو گفتوگۆیەکەوە کە پەیووەستە بە ئەقڵەوە ، بەتایبەتی ئەقڵی مرۆیی ، کە تاچەند گەردوونی خۆی بەڕێوەدەبات و نوێنەرایەتی دەکات (ئۆج ئالان ، پ5 ، 2011 . ل19-20) .

لە وەسفکردنی ڕەهەند و زاراوەکانی جڤاکی شارستانیەتدا ، لێرەدا دەکرێت هەریەکێك بەپێی پێویستی خۆی پێناسە بکرێت لە چوارچێوەی ئۆرگانی جڤاکدا .

**یەکەم : کلتوور**

لە مێژووی هەر شارستانیەتێکدا ، ئۆج ئالان پێیوایە کە کلتوور و ئاکارە نەریتیەکان بێ جێگرەوە(ئەلتەرناتیف) و بێ گۆڕانکاری دەمێننەوە ، هەرچەند کەم تا زۆر بەهۆی گۆڕانی چینی دەسەڵاتەوە و بەهۆی لێکچواندنی نەتەوە و جڤاك ، هەوڵی قڕکردن و نەمانیان دراوە ، بەڵام نەتوانراوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت ، لەبەرئەوەی لەئەنجامی بێسوودی هەوڵەکانیان بۆ لەناوبردنی بزاڤە کلتووریەکان ناچاری کۆچکردن هاتوونەتەوە ، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە بەهۆی ئەو کۆچکردنەوە توانراوە بزاڤە کلتووریەکان لاواز و بێ کاریگەر بکەن . کەواتە گوزارشتکردن لە بزاڤە کلتووریەکان لێرەدا وادەکات کە بڵێین : کلتوور بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوو لەجێگای خۆیدا گۆڕانکاری بەسەردانایەت (ئۆج ئالان ، پ3، 2010 ، ل358-359) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدوارد تایلۆر[12] دەڵێت : کلتوور پەیووەستە بە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز ، کە سەرجەم بابەتە زانستی و هونەری و یاساییەکان و بیروباوەڕەکان و ڕەفتارە مرۆییەکان لەخۆدەگرێ ، لەتەك ئەوەشدا هەرکەسێك تێیدا وەك ئەندام وایە لەو جڤاکەی کە تێیدا ژیان دەکات (Taylor, 1982, Pp111). کلتوور یاخود بزاڤە کلتووریەکان بریتیین لە مانا و بونیادی جڤاك بەدرێژایی مێژوو . پابەند بەم پێناسەیەش لە هزری ئۆج ئالاندا ، دەتوانین بڵێین کە کلتوور بریتییە لە ناوەڕۆك و ئاستی ماناداری سەرجەم پێکهاتە و دامەزراوەکان و هۆشیاری و بونیادە یاساییەکان ، پابەند بە گوزارشتکردن لە جڤاکیش بریتییە لە زانست و زەهنیەت و هونەر و یاسا ئەخلاق(مۆڕاڵ)یەکان . دامەزراوە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتیەکان ، گوزارشت لە پێناسەیەکی گشتگیر دەکەن بۆ بزاڤی کلتووری . بۆئەمەش پێناسە و بوونی جڤاك پەیووەستە بە ناساندن و بوونی بزاڤە کلتووریەکانیەوە لە هەموو کایەکانی ژیانیدا ، کە مێژوو دەستنیشانی کردووە (ئۆج ئالان ، پ5 ، 2011 . ل20-21) .

**دووەم : زمان**

زمان سیستەمێکی هێماییە و ئامرازێکە بۆ پەیووەندی و پێکەوەبەستنی تاك بە جڤاکەوە ، هەروەها ئامرازی پەیووەندیکردنی تاکەکانە لەناو جڤاکدا ، لەتەك ئەوەشدا هۆکاری بوون بە شارستانیەت و ناساندنی جڤاکی شارستانییەتێکە لەناو شارستانییەتەکانی تردا . زمان ئامرازێکە کە هۆشی مرۆڤ لە ڕێگەیەوە زیتەڵەی خۆی دەخاتەگەڕ . کەواتە زمان یەکێکە لە تایبەتمەندیە هزری و زاراوەییە کلتووری و کۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی)یەکانی جڤاکی شارستانی . گرنگترین تایبەتمەندیی زمان بریتییە لە پێڕاگەیاندن و گواستنەوەی زانیاری لەنێوان کەسی قسەکەر و کەسی وەرگردا . زمان لە سەرجەم قۆناغە مرۆییەکاندا گوزارشت لە بوونی نەتەوە دەکات ، کە بەبێ بوونی زمان بوونی نەتەوەش ئەستەمە (THORNDIKE, 1941. Pp7,8) .

فیردیناند دی سۆسیر[13] ، لە گۆتارەکانیدا گوزارشت لەپێناسەیەك دەکات بۆ زمان ، پێوایە ((زمان بریتییە لە چەندین هێمای جوراوجۆر کە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك داڕێژراون و پەیووەندیان بە یەکترەوە هەیە ، هەموو

-12 ئیدوارد تایلۆر ، وەك فەیلەسووفێکی سروشتی لە سەردەمی خۆیدا لایەنگری بۆچوونە گیانەکیەتیەکان بوو ، لەتەك ئەوەشدا پەیووەست بە کلتوور ڕوودەکاتە کرۆکی شارستانیەت کە لە ئەنجامی نەشونمای فکریەوە دروستبووە .

-13 فیردیناند دی سۆسیر، لە گۆتارە سیاسیەکایدا ئاماژە بە نەتەوە سەرەتاییەکان دەکات پابەند بە زمانەوە ، کە پێیوایە نەتەوە سەرەتاییەکان لە یەکەمین هەنگاودا لەڕێگەی هیڵ و وێنە جۆربەجۆرەکانەوە بابەتیان دەنووسی و وشەکانی ڕۆژانەی خۆیان دەخستە سەر تابلۆکان ، بۆ ئەمەش زۆر گرنگیان بە زمانی وێنە دەدا وەك لە زمانی هێمایی ، تەنانەت لە پەروەردەکانیشیان ئەمەیان جێبەجێ دەکرد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەوانەش هێزی ئەوە بە مرۆڤ دەدەن کە تواناکانی خۆیانی پێ دەربڕن )) (MICHELL,1977 .Pp134) .**

**بەدیدی ئۆج ئالان ، زمان تایبەتمەندیەکی گرنگی سەرهەڵدان و پەیووەندیکردنی جڤاکی شارستانیە ، هەروەها کۆمەڵە گۆتەیەکە کە بەسیستەمێکی تۆکمە و پێکبەستی کلتوور هەژمار دەکرێت . لەتەك ئەوەشدا بنەمایەکی ئاخێزگەیی بزاڤی کلتووریە . پەیووەست بەم ناساندنەشەوە دەتوانین بڵێین کە زمان تایبەتمەندیەکی گرنگی کلتووریەو کۆی بوارە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و جوانناسی(ئێستێتیك)یەکانی جڤاکی شارستانییەت دەردەخات . لەتەك ئەمشدا زمان شوناسی نەتەوەییە و گەشەکردنی ژیانی مرۆڤەکانە لەناو هەر جڤاکێکدا .**

**لێرەدا ئۆج ئالان گرنگی بە پەروەردەی زمانی دایك دەدات ، کە پێیوایە هەرچەندێك گرنگی بە زمانی دایك بدرێت ئەوا ژیان زیاتر پێشدەکەوێت لە جڤاکدا ، چونکە بەهۆی بێهێزی و گرنگی نەدان بە زمانی دایك و کەوتنە ژێرکاریگەری زمان و هەیمەنە(هەژموون)ی زمانی تر ، جڤاك ڕووبەڕووی داگیرکاری(کۆلۆنیالیزم) دەبێتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە زمان بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی جڤاك دەبەستێتەوە . واتە هەرکاتێك جڤاك پەرەسەندن و گرنگیدان بە زمان و واتای زمان بخاتە لاوە ، ئەوا خودی جڤاك تووشی بێ مانایی دەبێتەوە لەڕووی بەهای جوانی و بەها ئەخلاقی و ڕۆشنبیریەکانی . واتە دەیباتە دۆخێکی هەژاریەوە ، کە هەردەم پاوان(مۆنۆپۆل)ی شارستانیەتەکانی تر بێت . کەواتە زمان یەکێکە لەو تایبەتمەندیە ئاخێزگەییانەی کە لەناو بزاڤی کلتووریدا ، جڤاکی شارستانی مانادار دەکات ، واتە بەشێکی گرنگی ڕاستەقینەی ڕەهای جڤاکی شارستانی** بەدەستە (ئۆج ئالان ، پ5 ، 2011 . ل22) .

### سێیەم : دەسەڵاتی سیاسی

**دەسەڵات بریتییە لە هێزێك کە بەسەر تاك یان گروپێکدا زاڵبوونی خۆی دەردەخات ، یاخود بریتییە لە ناچارکردنی هاولاتیان بۆ لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێسا گشتیەکانی دەوڵەت . هەروەها دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە کۆی ڕەچاوکردنی بنەما ئەخلاقی و جوانناسی و دەروونی و زەهنیەتەکانی جڤاك و هێنانە ئارای ڕەوشێکی لەبار و تەندرووست ئامێز لەسەرجەم کایەکانی ژیانی جڤاکدا .**

**دەسەڵاتی سیاسی بەندە بەوەی کە تا چەند ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ تاك و کۆمەڵ یاخود جڤاك دابین دەکات و کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن و نەشونماکردنی لەناودەبەن ، هەروەها بەندە بە پارستنی مرۆڤەکان لەجڤاکێکدا لە هەر هەڕەشە و مەترسیەکی ناوەکی و دەرەکی ، ئەمەش بەیاریدە و زیتەڵەی سەرجەم مرۆڤەکان لە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**جڤاکدا (C.L. WAYPER, 1972. Pp11,12) . پابەند بەم ناساندنەی دەسەڵاتی سیاسی ، (تۆماس هۆبس )[14] پێوەرزی دەکات لەسەر بەستنی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەنێوان سەرجەم مرۆڤەکاندا ، کە ئەمەش پاساو هێنانەوەیەکە بۆ گوێڕایەڵی و ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان دەسەڵات لەلایەن هاوڵاتیانی جڤاکەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە هۆبس پێیوایە کە دەسەڵاتی سیاسی دەبێت دەسەڵاتێکی تاك(ڕەها) بێت . لێرەشدا تایبەتمەندی دەسەڵاتی ڕەها لەلای هۆبس ئەوەیە ، کە تەنها فەرمانڕوا خۆی خاوەنیەتی و تەواوی بڕیارەکانیشی دەبنە یاسا و بەسەر جڤاکدا دەسەپێنرێن ، لێرەشدا هیچ یاسایەك بوونی نیە جگە لەوەی کە فەرمانڕەوا ، واتە دەسەڵاتی سیاسی دەریدەکات (Richard Ashcraft, 1977 . Pp28,29) .**

**لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، دەسەڵاتی سیاسی وەك دوو چەمکی(سیاسەت و دەسەڵات) پێناسەیان بۆ دەکرێت . دەسەڵات یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەناو جڤاکدا دەرگا لەبەردەم چەوتی و ناکۆکیەکاندا دەکاتەوە ، لەهەمان کاتیشدا کۆسپ لەبەردەم شرۆڤەکردنی ڕاستەڤینەی کۆمەڵایەتی دادەنێت . بۆئەمەش ناتوانین پێناسەیەکی ڕەها و گشتگیر بۆ چەمکی دەسەڵات بکەین ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەسەڵات وەك پێناسەیەکی گشتگیر و پابەند بە گوزارشتکردن لە ڕاستەڤینەی خۆی ، خۆی بەدەستەوە نادات . هەروەها سیاسەتیش لە دیدگای ئۆج ئالاندا بەهەمان شێوەی دەسەڵات چەمکێکە ناساندنی بەشێوەیەکی دروست تا ڕادەیەك گرانە ، لەتەك ئەوەشدا چەمکێکە نوێنەرایەتی بەشێکی گرنگی جڤاك دەکات . بۆ ئەمەش دەتوانین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی) باسیبکەین و لەهەمان کاتیشدا وەك چەمکێکی گەشەکردن و بەڕێوەبردنی جڤاك ، یاخود لیبرالیانەی جڤاك پێناسەی بۆ بکەین . دەسەڵاتی سیاسی ، بەگشتی زۆرترین ئالۆزی لە میدانی زانستی و مەیدانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لەناو جڤاکدا . لێرەدا دەسەڵات و دەوڵەت دووشتی لێك جودان ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دزەی کردۆتە ناو هەموو بوارەکانی جڤاك ، ئەوا ناساندنی یەکێك لەمانە ، ناساندنی ئەویتریانە ، هەرچەند لێرەدا دەوڵەت خۆی دەسەڵاتێکە کە بەرتەسککراوەیە و کۆنترۆڵ کراوە ، لەکاتێکدا بەشێوەیەك گوزارشت لە دەسەڵات دەکەن لەناو جڤاکدا ، کە پێویستیە بۆ ڕاگرتنی دۆخی مرۆڤەکان ، بەڵام هەرچەند وەك پێویستیەك لێی دەڕوانرێ ئەوا بەو ڕادەیەش ستەمکاری کۆمەڵایەتی لێ چاوەڕوان دەکرێت . بۆ ئەمەش هەتاوەکو دەسەڵاتی سیاسی کەمبکرێتەوە ، ئەوا بەو ڕادەیەش ئازادی مرۆڤەکان لەناو جڤاکدا خۆی وەدەردەخات . لەتەك ئەوەشدا هەرچەند سیاسەت وەك هێزێکی خۆ**

---

14- تۆماس هۆبس ، لە سەدەی حەڤدەیەمدا ژیاوە ، هۆبس لەژێر کاریگەری قۆناغی فیکریەکانی هاوسەردەمی خۆیدا بووە ، بەدیدی هۆبس مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا دەستبەرداری خۆیان نابن و بچنە ناو دۆخێکی کۆمەڵایەتیەوە ، بۆئەمەش گەرەکە بەهۆی هێز و دەسەڵاتەوە بهێنرێنە ناو ئەو ڕێککەوتننامەیە ، بەمەش ڕێزگرتنی یەکتر لەلایان دروستدەبێ ، پەیووەست بەم دۆخە کۆمەڵایەتیەش داوای دەسەڵاتێکی ڕەهای دەکرد کە تێیدا دەسەڵاتی یاسادانانی لەخۆدەگرت و مافی سزادانی مرۆڤەکانیشی هەبوو لە کاتی دەرچوون لەم ڕێککەوتننامەیەدا کە بە بڕوای هۆبس مرۆڤەکان خۆیان لەسەری ڕێککەوتوون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبەری دەربکەوێت ، ئەوا جڤاك شوناسی سیاسەتی دیموکراتی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت . کەواتە لەدیدگای ئۆج ئالاندا ، دەتوانین ئازادی لەگەڵ سیاسەتدا هاوواتا بکەین .
سیاسەت لە جڤاکدا کەمتر پەی پێدەبردرێت لەچاو دەسەڵاتدا ، لەهەمان کاتدا کە سیاسەت پەی بە ئازادی دەبات ، بەلاّم دوورخراوەتەوە . دەسەلاّتیش کە لە شوێنێکی گونجاو دانراوە ، ئەوا هاوواتای خیانەت خۆی زیت دەکاتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە مەیدانی دەسەڵات ، مەیدانێکە کە نکۆڵی لە سیاسەت دەکات . بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەڕێوەبردنێکی سیاسی نیە ، بەڵکو نکۆڵیکردنی سیاسەتە لەناو بەڕێوەبردنی گشتی دەسەلاّتەوە ، لێرەدا سیاسەت چەمکێکە کە بە ناوەڕۆك(جەوهەر) گەیشتووە ، بەلاّم دەسەلاّت لەو ناوەڕۆکە دوورکەوتۆتەوە و کاری نکۆڵیکردنی سیاسەتە . بۆئەمەش سیاسەت وەك بواری ئازادی جڤاك و مانای ئیرادەی گشتی خوێندنەوەی بۆ دەکرێ (ئۆج ئالان ، پ5 ، 2011 . ل24-25،27-28) .

## چوارەم : ئەخلاق ( مۆڕاڵ ) و یاسا

ئەخلاق وەك پێناسیەکی گشتی ، بنەمایەکە بۆ ئافراندنی مرۆڤێکی کامل و یاسایی ، کە مرۆڤ بەرەو مرۆڤ بوون پەلکێش دەکات ، کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ بەها گشتیەکان و یاسا سروشتیەکان دەناسێ و لەئەنجامدا شارستانیەتێك لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی و هاوژیانی ئازاد بنیاددەنێ . لەم پێوەدانگەیشەوە مرۆڤ بە یاسایەك کاردەکات کە لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان دامەزراوە ، هەموو ئەمانەشی کە لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان بنیادنراون بریتیین لە ویستی چاك و دوورن لەهەموو کۆت و بەندێکی خراپ و نائەخلاقی ، کەواتە چەمکی ئەخلاق پەیووەستە بە یاسای گشتی و ئەقڵی کامل ، کە بەپێی یاسایەکی گشتی زیتەڵەی خۆی وەگەڕدەخات ، هەروەها مانەوەی دەوڵەت و ئافراندنی ژیار(شارستانیەت) پەیووەندیەکی زۆری بە یاساکانەوە هەیە ، بەتایبەتی یاسا ئەخلاقیەکان ، لەتەك ئەوەشدا ئەخلاق خۆی چەمکێکە پەیووەستە بە بوونی یاساکانەوە ، واتە خۆیشی لە یاساکانەوە سەرچاوە دەگرێت ، هەر نەتەوەیەك پابەندی یاسا و ڕێسایەکی گشتی خۆیەتی ، بەتایبەتی یاسا ئەخلاقیەکان ( C.L. WAYPER, 1972. Pp21) .
مۆنتیسکیۆ[15] ، پابەند بە ئەخلاق و یاسا لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی (روحی یاساکان)دا ، پێیوایە کە یاسا

---

[15]- مۆنتیسکۆ ، فەیلەسووفی فەرەنسی ، پێیوابوو کە لە هەر دەوڵەتێکدا گەرەکە سێ جۆر لە دەسەلاّت بوونیان هەبێت ، (یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری) ، لەتەك ئەوەشدا خۆی باوەڕی بە سیستەمیکۆماری یاخود پادشایەتی دەستووری هەبوو ، لەمەشەوە تیۆریایەکەی بۆ ڕاڤەکردنی یاساکان گەشەپێدا ، هاوکات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەخلاقیەکان زۆرن ، وەك ئایین ، داب و نەریت ، ئابووری و بازرگانی ، هزری مرۆیی ، ژینگە....هتد . بەهۆی هەبوونی گشت ئەم یاسایانەشەوە لەناو هەر جڤاکێك و نەتەوەیەکدا ، رۆحی گشتی ئەو جڤاکە یان نەتەوەییە شکڵی خۆی لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی و سیاسی دەگرێت . کە هەموو ئەمانەش بریتیین لە هەوێنی پێکهاتنی ئەو جڤاك یان نەتەوەییە . هەر کامێك لەم یاسایانەش کاریگەری تەواویان لەسەر روحی گشتی جڤاك هەیە ، بۆ ئەمەش پێویستە یاسادانەر ڕەچاوی گشت ئەم یاسایانە بکات بۆ چاکسازیکردن و نەشونماکردن و تۆکمەکردنی جڤاك (د.کەمال پوولاندی، 2005. ل250-252) .

ئەخلاق و یاسا لە دیدگای ئۆج ئالاندا وەك دوو چەمکی سەرەکی ئاماژەیان بۆ دەکرێت . لەتەك ناساندنیشیاندا ، هەریەك لەم دوو چەمکە بە جڤاکی شارستانییەوە گرێدەدات .

ئەخلاق ، بریتییە لە هێزێکی ڕێسایی و دامەزراوەی نەریتی و مێژوویی و یادەوەری جڤاکی سیاسی ، بەڵام یاسا بریتییە لە تایبەتمەندی سەرەکی دەسەڵات ، کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و پوکانەوەی نەشونمای زیاتری جڤاك . لەبەرئەوەی یاسا بۆتە پاوان(مۆنۆپۆل)ی دەسەڵات و لەگشت لایەکەوە دەورەدراوە . لەدەستدانی ئەخلاقی جڤاك وەك یاسا وایە کە دەسەڵات کۆنترۆڵی کردووە بۆ بەرژەوەندیەکانی . لەم پێوەدانگەیشەوە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی تێکدانی ئەخلاق ، بریتییە لە دەوڵەت و سیستەمە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات ، لەلایەکی تریشەوە بەسەرداسەپاندنی ئیرادە و یاسای خودی و تاکلایەنەیە ، واتە ئیرادە و یاسای ئەنانیەتی بەسەر تەواوی جڤاکدا . بۆئەمەش پێویستە جڤاك زۆر بە ئاگاییانە ڕووبکاتە پاراستنی ئەخلاق و یاسا ئەخلاقیەکانی ، چونکە پاراستنی یاسا و ئاخێزگە ئەخلاقیەکانی جڤاك دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ملکەچی و خۆ بەدەستەوەدانی دەسەڵات و یاسای تاکلایەنە . کەواتە لەهەر جڤاکێکدا گەر بنەما ئەخلاقیەکان و سیاسەت زاڵبوو ، ئەوا دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەرێتی تاکلایەنە و ئەنانیەت نەك هەر بێ مانایە ، بەڵکو شتێکی نازەرووریە .

چەمکی یاسا لانی کەم وەك چەمکی دەسەڵات و یاسا بۆ ناساندن شاراوەیە . لەبەرئەوەی یاسا لەزۆربەی جڤاکەکاندا بۆتە پاوان(مۆنۆپۆل)ی دەسەڵات و ئیرادە ئەنانیەتەکان ، لەم بوارەشدا فرە سەرهەڵدانی یاساکان لەلایەن دەسەڵاتەوە و لە جڤاکدا بنەما ئەخلاقیەکانی شاردۆتەوە ، لەتەك ئەمەشدا بوارەکانی جڤاکی بەرتەسکتر کردۆتەوە لەڕووی نەشونمای ناوخۆ و دەرەکیەوە .

کەواتە ئەخلاق ، بریتییە لە نیشاندانی گشت بوارە پەسندەکانی جڤاك و ئاخێزگەی چارەسەری بۆ سنووردارکردن و دوورخستنەوەی پاوانخوازی دەسەڵات ، لەتەك ئەوەشدا دەستبەرداری ڕۆڵی خۆی نابێت لە پاراستن و

---

هەموو هەوڵەکانیشی زیاتر بۆ چاککردنی باری کۆمەڵایەتی بوو . لە سیستەمی کۆماریدا پێیوابوو کە گەرەکە ڕێگری لە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی بگیرێت ، چونکە لێرەدا کلتوور دەتوانێ ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیە لەخۆبگرێ کە بەمەبەستی بەرژەوەندی گشتی لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتی کۆماریەوە ئاواکراوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردەوامیدان بە نەشونمای جڤاك . یاساش بەبێ پاوانکردی دەسەلآت هەموو ئەو ڕۆڵە ئاخێزگەییانە دەگێڕێت ، بەلآم لەبەر ئەوەی لەلایەن دەسەلآتەوە پاوان کراوە ، ئەوا بەپێی ئەو بڕیارانە زیتەڵەی خۆی لەناو جڤاکدا دەخاتە گەڕ کە لەلایەن دەسەلآتەوە دەردەچن (ئۆج ئالان، پ5، 2011 . ل28-30) .

ئەخلاق هیز(بڕست)ی بەردەوامی جڤاکە ، یاساش بریتییە لە ئەقڵی جڤاك . بەلآم لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو دەوڵەت و دەسەلآت هەوڵی ئەوەیانداوە کە یاسا لە جێگەی ئەخلاق زیت بکەنەوە ، ئەوا بەڕێوەبەرێتی جڤاکی بەرەو ئەنانیەت بردووە ، لەبری زیاتر بەرەدەوامبوون و چاکسازیکردن . هەر لەبەرئەمەش ئەو جڤاکانەی کە یاساکان بەگشتی و یاسا ئەخلاقیەکانی بەتایبەتی لە دەستداوە ، هەروەها یاساکانی کەوتوونەتە ژێر باری بڕیارە تاکلایەنەکانی دەسەلآت ، ئەوا لەبری ئەوەی جڤاك بەرەو جڤاکی مرۆڤ بوون بەرن ، جڤاکیان بەرەو جڤاکی ئاژەڵی بردووە و کردوویانەتە ئاوەردگا (ئۆج ئالان ، پ3، 2010 . ل103-105) .

## پێنجەم : دیموکراسی

دیموکراسی ئاخێزگەیەکە بۆ گەیشتن بە بەها مرۆییەکان و هاندانی هاولآتیانی جڤاك بۆ گەیشتن بە سەرجەم ئاخێزگە ئەخلاقی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتیەکان . لەتەك ئەوەشدا بریتییە لە گەیشتن بە کۆدەنگی و فەزیلەتی هاوبەش . هەروەها بریتییە لە کۆمەڵێك نەریت و یاسای هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە گشتیەکان لەنێو جڤاکدا . لەلایەکی ترەوە دیموکراسی بریتییە لە دیموکراتیزەبوونی سەرجەم بوارەکانی ژیان لەناو جڤاکدا و زیاترکردنی زیتەڵەی مرۆیی ، کە دوور لە ئەنانیەت و دەسەلآتی تاکڕەوی ، هەموو ئاخێزگە یاساییەکان و بڕیارەکانی دەسەلآت و سیاسەتی گشتی جڤاك لە چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە . (KARL POLANY, 2003, Pp131)

یورگن هابرماس[16] ، کە یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفانی سیاسی هاوچەرخ . لە ئەخلاق(مۆڕاڵ)ی گوتارەوە ڕووبەڕووی جۆرێك لە دیموکراسی دەبێتەوە ، کە بە دیموکراسی گوتاری ناسراوە . لە دیدگای هابرماس ، دیموکراسی

[16] - یورگن هابرماس ، یەکێکە لە فەیلەسووفە هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا ، لەکۆتایی ساڵی 1985 وە سەردانی ولآتە ئەوروپیەکانی کردووە زۆرجار وتاری لەولآتە ئەوروپیەکاندا دەخوێندەوە دەربارەی سیاسەت و بوونی کۆمەلآیەتی ، هابرماس کاریگەری فەلسەفەی یۆنان و ئەوروپای بەسەرەوە بوو ، هەر بۆیە دەستی کرد بەوەرگێڕانی بابەتی فەلسەفی لە ئینگلیزیەوە بۆ زمانی ئەڵمانی لەساڵی 1984 وە بۆساڵی 1987 ، توێژینەوەکانی هابرماس گاریگەریەکی بەرچاوی بەسەر گەلی ئەڵمانیاوە هەبوو ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بابەتەکانی توێژەر دەنگی دایەوە لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا لەساڵی 1991 ، هابرماس زۆر پابەند بوو بە توێژینەوە سیاسیەکان وتێگەیشتنە سیاسیەکان کە ئەوکاتە پێویستیەکی شاراوەی مرۆڤ بوو لەژیانی کۆمەلآیەتیدا ، لەساڵی 1997 بۆدواوە دەستی کرد بە توێژینەوەی زانستە سیاسیەکان ، توێژینەوەکانی هابرماس ببونە بابەتێکی سەرەکی گفتوگۆی فراوانی ناوباسی خەڵکی ئەکاتەی ئەڵمانیا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریتییە لە جۆرە بنیادنانێك كە گفتوگۆ و بەڵگە هێنانەوە لەخۆدەگرێ ، كە دەبێتە هۆی ئافراندنی سیاسەتی هەمووەكی . لەتەك ئەمەشدا بە پێویستی دەزانێت كە بۆ ئەم جۆرە دیموكراسیە سیستەمێك لە كۆی سەرجەم مافەكان دروستبكات ، كە بریتیبوو لە مافی سەرجەم ئەوانەی كە لە گفتوگۆیەكەدا بەشدار دەبن لە یاسادانانەدا . بۆ ئەمەش دانانی یاسا لەلای زۆرینەوە پەسند دەكات ، چونكە هابرماس دەكارێت لێرەدا تێگەی هەمووەكی پەیووەست بە پرسە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان زیت بكاتەوە . كەواتە دیموكراسیەت لەلای هابرماس بریتییە لە ئاخێزگەیەكی گشتی و پرسێكی هەمووەكی ، كە ئاخێزگەی بەها كۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی)و دامەزراوە كلتووریەكان و سیاسیەكان لەخۆدەگرێ (د.كەمال پوولاندی ، 2005. ل425-426) .

دیموكراسی لەدیدی ئۆج ئالاندا ، بریتییە لە خۆبەڕێوەبردنی جڤاكێك ، كە دوور لە ئاشنایەتی دەسەڵات و دەوڵەتە ، كە خۆبەڕێوەبردنی جڤاكەكانی خێڵ(كلان) كە بریتیین لە جڤاكە هەرە سەرەتاییەكان و هۆز و قەبیلەش دەگرێتەوە . لە جڤاكە دەوڵەتیەكاندا نەك تەنیا خۆبەڕێوەبەرێتی ستەمكاری جێگەی باسە ، بەڵكو خۆبەڕێوەبردنێكی هەمەلایەنەش لە خۆدەگرێ . گشت ئەو هەوڵانەشی كە لەلایەن جڤاكە دەوڵەتیەكاندا بۆ دیموكراسبوون ئاوادەكرێن ، بریتیین لە بەرهەمهێنانی ڕژێمگەلێكی تێكدان و پەرتەوازەبوونی ماناكانی دیموكراسی ، كە هەرچەند لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەم دۆخە دەئافرێنرێت ، ئەوا بریتییە لە تێكدانی مانای دەسەڵات خۆیشی . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان دەسەڵاتی دەوڵەت بە تێكدانی جڤاك و پێشێلكردنی دیموكراسیەت لەقەڵەم دەدات ، بۆ ئەم جۆرە گۆتەیش پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە كە دەسەڵاتی دەوڵەت ناچارە دیموكراسی بەرەو دواوە ببات و كۆنترۆڵی ئاخێزگە و بەهاكانی بكات ، تاوەكو جڤاك وەك پێویستیەكی سروشتی و ناچارەكی پەیووەندی پێوەبكات و هاوڵاتیەكانی ڕەچاوی بڕیارەكانی بكەن . لەتەك ئەمەشدا دیموكراسیەت گشت هێزەكانی خۆی وەگەڕدەخات بۆ دووركەوتنەوە لە دەسەڵات و گەورەكردن و بەرفراوانكردنی سنوورەكانی خۆی لەچوارچێوەی جڤاكدا . لەلایەكی ترەوە پاساوی ئەوە دەخاتە بەردەست كە ئاخێزگەی ئەم دووبەرەكیەی نێوان دەسەڵات و هێزی دیموكراسی ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دەوڵەت بە دیموكراسیەتێك پەردەپۆشكراوە كە دەخوازێت ببێت بە دەوڵەت ، دەوڵەتێك كە تەنیا لەبەردەم ئەنانیەت و تاكڕەوی دەرگای كراوەیە ، نەك لەبەردەم گشتیەتی و بەها كۆمەڵایەتیەكانی جڤاك . دیموكراسی كۆمەڵایەتی(سۆسیۆلۆجی) لەمیانەی پەرەپێدانی بە خۆبەڕێوەبەرێتی ، دەشێت خۆی ڕزگاربكات لە چیدی پێشلكردن ، بۆ ئەمەش دەبێت خۆبەڕێوەبەرێتیەكەی دوور لە هاوتاكردنی بێت لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت . لێرەشدا دەوڵەتێك چیدی ناتوانێت بەناوی گەلەوە خۆی نمایش بكات ، چونكە گەل لێرەدا خۆی بەڕێوەدەبات (ئۆج ئالان، پ5 ، 2011 . ل30-31) .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەوەری سێیەم " ئاستەنگەکانی بەردەم درووستبوون و گەشەکردنی شارستانیەت

ژیار(شارستانیەت) لەگەڵ ئەوەی کە خۆی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە ، ئەوا بۆ دروستبوون و گەشەکردنی چەند ئاخێزگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری گەرەکە ، لەتەك ئەمەشدا ناتەواوی لەهەرکامێکیان دەبێتە هۆی لاوازبوونی یاخود ڕێگەگرتن لە گەشە(نەشونما)کردنی ، تەنانەت هەندێك جار دەبێتە هۆی ڕووخانیشی .

شارستانیەت بۆ مانەوە یاخود بۆ زیت بوونەوەی پابەندە بە چەند هۆکارێکەوە ، وەك زەوی ، ئابووری ، سیاسەت ، ژینگە ، کلتوور ، ئایین ، زانست ، هونەر ، پیشەسازی ، پەروەردە....هتد . لەناو هەموو ئەمانەشدا بەها سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیەکان ، زەهنیەت ، کلانەکان ، خێزان ، هۆز و خێڵەکان ، قەوم و نەتەوەکان ، شار و گوند ، هەروەها فاکتەرە سیاسی و جوگرافیەکانیش دەخاتە ناو پۆلێن بەندی خۆیەوە (JASTROW, 1918. Pp11-12) .

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگە و دەوروبەری ، بۆئەمەش لە جڤاکی مرۆییدا جۆرێك لە پەیووەندی هەیە کە پەیووەستە بە ئیرادە و کلتوور و سیاسەت و بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە ، ئەمەش پەیووەستە بە بنیادنانی شارستانیەت ، پێشکەوتنەکانی ئێستای جیهانیش هەر پەیووەستە بەم جۆرە پەیووەندیەوە . بە درێژایی مێژوو زۆرێك لە شارستانیەت هەبوون کە تواونەوە و نەماون ، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی کۆن ، شارستانیەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا زۆرتر ڕووبەڕووی پرۆسەی توانەوە دەبێتەوە . لەم پێوەدانگیشەوە کەم لە نەتەوەکان یاخود شارستانیەتەکان هەن کە لەبەردەم سیستەم و کلتوورە تازەکانی جیهان خۆیان ڕابگرن کە پابەندنیە بە خودی شارستانیەتی خۆیانەوە . ئەمەش کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەوە هەیە ، هەروەها کاریگەری لەسەر تەواوی لایەنە کلتووری و سیاسی و ئایینیەکانی شارستانیەت هەیە (عومەر علی موحەممەد ، 2012. ل 29-30) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین شارستانیەت بریتییە لە کۆمەڵێك سیستەم و داب و نەریت و لایەنی ئابووری و سیاسی و ئەقڵی و ئاکاری ، کە نەوەکانی پێشتر لە ئەنجامی هەوڵ و ماندوبوونی زیتەڵەی خۆیان لەپێناو ژیاندا و لەسەر زەوی دایانهێناوە ، بۆ ئەمەش چەندین شارستانیەت تا ئێستا ئافرێندراون ، بگرە زۆرێکیش لەناوچوون .

کەواتە ئەگەر لە جڤاکێکدا سیستەم بوونی نەبێت ، ئەوا ئەو جڤاکە هەڵدەوەشێتەوە ، بۆئەمەش سیستەم بەبێ یاسا و ڕێسا ناتوانێت بوونی هەبێت (ویل دورانت، ب1، 2012 . ل21-73) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیبن خەلدون [17] ، یەکێکە لە فەیلەسووفە ئیسلامیەکان ، سەبارەت بە ئاستەنگیەکانی بەردەم شارستانیەت چەمکێکی گرنگمان پێدەدات ، کە پێیوایە دەوڵەت نابێت لەسەر ئاخێزگەیەکی دەسپۆتیزم(دیکتاتۆر)ی بەڕێوەبچێت ، چونکە دەسپۆتیزمی هاوواتای فەسادی و دیماگۆجیەت(گێرەشێوێن)یە و دەوڵەت لەناودەبات . لەم پێوەدانگەیشەوە مێژوو بە زنجیرەیەك دەوڵەت دەچوێنێ ، ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا دروستبووە پاشماوەی دەوڵەتێکی پێشووترە ، لێرەشدا شارستانیەت بە هاوشان و هاومانای زانستی ئاوەدانی وەسفدەکات . لەتەك ئەمەشدا پێیوایە کە شارستانیەت پاش گەشەکردن و بڕینی لە چەند پێواژۆیەکی یەك بەدوای یەکدا ، وردە وردە بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەچێت ، بۆ ئەمەش دەوڵەتێکی تر یاخود شارستانیەتێکی تر لە پاشماوەی ئەو دەوڵەتە لەناوچووە زیت دەبێتەوە (نەبەز عەبدولڕەحمان ئەحمەد کلێسەیی ، 2013. ل72-75) .

ئۆج ئالان ، سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم درووستبوونی شارستانیەت ، چەند کێشەیەك ئاماژە پێدەکات ، کە بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناوزەندی دەکات . وەك کێشەی دەوڵەت و دەسەڵات ، سیاسەت و ئەخلاق ، زهنیەت ، ئابووری و پیشەسازی و ئیکۆلۆژی(ژینگە) و .....هتد . ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەش بەردەوام لەمپەڕ و ئاستەنگی ئافراندن و نەشونمای بەردەم شارستانیەتن .

ئۆج ئالان ، لەهەنگاوی یەکەمدا باس لە کێشەی کۆمەڵایەتی دەدات ، پێیوایە کە زیتەڵە هزریەکان بەدرێژایی مێژوو ، ئاماژە بە بوون و داکەوتەی دوو پێواژۆ دەکەن . لەلایەك ئەو پێواژۆیانەی کە بەپێی سیستەم بەڕێوەدەچن ، هەروەها ئاسایشی جڤاك تێیدا دابینکراوە و هیچ کێشەیەك لە ئارادانیە ، هزریش بەردەوام لە گەشەکردندایە . لەم پێواژۆیەشدا خۆشگوزەرانی جێگەی باسە ، پێشکەوتن و نەشونماکردنی هزری و کۆمەڵایەتی بوونی هەیە و کێشەکانیش بریتیین لە کێشەی لاوەکی . سروشتی کۆمەڵایەتی لێرەدا گرنگی پێ نادرێت و ناسەپێنرێت . لەلایەکی تر ئەو پێواژۆیانەی کە بەپێی سیستەم بەڕێوەناچن و سیستەمێکی ژێردەستەن ، هزر و متمانە و خۆشگوزەرانی کەوتۆتە ناو کێشەیەکی گەورەوە و سروشتی کۆمەڵایەتی کە ئۆج ئالان بە سروشتی دووەم ناوزەندی دەکات لێرەدا جێگەی باسە و دەسەپێنرێت . ئەم پێواژۆیەش وابەستەی سەردەمێکە کە هزرینە ئایینی و فەلسەفیەکان تێیدا زیت دەبنەوە ، بۆئەمەش دەتوانین لەم هزرینە تازانەوە خۆمان لە کێشەکان ڕزگاربکەین . بۆ ئەمەش لە هەردوو پێواژۆیەکەدا دەشێت کێشە و خۆشگوزەرانی ، پەرەسەندنی هزر و دواکەوتوویی هزر لە گشت ئەو شارستانیەتانەدا

---

[17] ئیبن خەلدوون ، فەیلەسووفێکی ئیسلامیە و لە تونس لەدایك بووە ، لە بواری سیاسی و کۆمەڵناسیدا شارەزاییەکی زۆری هەبووە ، لە دامەزراندنی زانستی سۆسیۆلۆجیادا ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو ، بەتایبەتی لەناو ژیاری عەرەبیدا . یەکێك لە توێژینەوە بەناوبانگەکانی پەیووەستە بە چۆنیەتی گۆڕانی مێژووی مرۆڤایەتی و چۆنیەتی پێشکەوتنی جڤاکی مرۆڤایەتی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببینین ، كه لێرەدا جڤاكی سۆمەر وەك نمونەیەك لە هزری میتۆدۆلۆژی و چۆنیەتی كاریگەریەكەی لەسەر تەواوی ئایینەكان دەخاتە ڕوو ، كە لە هەموو بوارەكانی هونەر و زانست و هەتا هزرینە سەرەتاییەكانی یۆنانیش بۆ ژێر كاریگەری ئەم جڤاكە دەگەڕێنێتەوە ، لێرەشدا زەوی بەپیتی میزۆپۆتامیا جێگەی باسە . كە بووەتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی و پێشكەوتنی بوارەكانی زانست و هونەر و ئاخێزگەی هزرینەكانی شارستانیەتی سۆمەر . پابەند بەمەش ئۆج ئالان كێشەی كۆمەڵایەتی كە پەیووەستە بە بوونی شارستانییەت ، بەو برِست(هێز)انەوە دەبەستێتەوە كە جڤاك لە ئاخێزگەوە هەڵدەوەشێننەوە ، كە لێرەدا ئاماژە بە پیاوانی دەسەڵات و سەرمایە دەكات و لەسەرووی هەموو ئەو كێشانەی دادەنێت ، كە وەك دوو هێزی زەوتكەر جڤاك لە ئاخێزگەوە دەڕوخێنن . لەتەك ئەمەشدا بێبەشكردنی جڤاك لە ئەخلاق و سیاسەت و ئازادی لێدەكەوێتەوە . هەموو ئەم كێشانەش بەدرێژایی مێژوو وەبەرچاو دەكەون ، شارستانیەتی ناوەندیش كە هۆكار و ئەنجامەكەی بریتیبووە لە پاوانكردن و فرەكردنی كێشەكان ، كە بەردەوام هەموو شتەكانی تەنگەتاو كردووە و بەرە بەرە جڤاك لە نەریت و یاسا و ئەخلاق دادەبڕێت . بۆئەمەش دەتوانین یەكەمین كێشە لە پاوانكردنی شارستانیەتدا لەنێوان ساڵانی 3000پ.ز-500ز دیاریبكەین ، كە بووەتە هۆی پاوانكردن و تاڵانكردنی بەها مرۆییەكانی جڤاك بەپێی كات و شوێن و هەل بۆ ڕەخساندنیدا (ئۆج ئالان ، پ3 ، 2010 . ل53-62) .

لە هەنگاوێكی تردا ئۆج ئالان كێشەی دەوڵەت و دەسەڵات ئاماژە پێدەكات . دەوڵەت و دەسەڵات وەك دوو كێشەی گرێدراو بەیەكەوەن ، كە تاڕادەیەكی زۆر بوونەتە لەمپەڕی سەرەكی ئافراندنی شارستانیەتێك بەتەواوی ماناكەی خۆی كە پێی بوترێت شارستانیەت . لەتەك ئەمەشدا كۆسپی سەرەكی بوون لەبەردەم پەروەردەیەكی دروست و گرێنەدراو بە دەسەڵاتەوە . دەوڵەت و دەسەڵات بەردەوام هەموو سیستەمەكان و دەستوور و بەها كۆمەڵایەتی و بیرۆكراسیەكانی بەخۆیەوە گرێداوە . دەسەڵات هۆكارێك بووە كە جڤاكی بەشێوەیەكی ناچاری بەرەو دەوڵەت بوون بردووە ، كە لە بنەڕەتدا نە جڤاك دەبێت بە دەوڵەت و نە دەوڵەتیش دەتوانێت خۆی لە جڤاكدا ببینێتەوە ، چونكە لێرەدا كێشەكە بەندایەتی و ناچاریكردنە بۆ بوون بە دەوڵەت و دانان بە دەسەڵاتێكی سەربالاّ بەسەر جڤاكەوە (Abdullah Ocalan: 2011,Pp10) .

كێشەكانی بەردەم بوونی شارستانیەت فرەن ، یەكێكی تر لە كێشەكان لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، بریتییە لە كێشەی سیاسەت و ئەخلاق لە جڤاكدا ، كە پەیووەست بە كێشە كۆمەڵایەتیەكانەوە ئاماژەی بۆ دەكات . ئەخلاق ئاخێزگەیەكە كە هێز بە جڤاك دەبەخشێت ، بەلاّم هەردەم كراوەتە پاوانێكی دەسەڵات و لە جێگەی سیاسەتدا خۆی وەدەرخستووە ، لەم پێوەدانگەیشەوە سیاسەت ڕۆڵێكی نێگەتیڤانەی بەرامبەر بە یاسا ئەخلاقیەكان نواندووە كە ئاخێزگەیەكی زەرووری جڤاكە . لەگەڵ ئەمەشدا كە سیاسەتیش پێویستیەكی زەرووری جڤاكە ، بەلاّم خۆیشی بووەتە پاوانی دەسەڵات ، لێكترازانی مانای سیاسەت و ئەخلاق بوونەتە هۆی بەلارێدابردنی سەرجەم پرنسیپەكان



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتەوە ، گەرچی خۆیان هۆکاری سەرەکی لێکترازانی بناغەی شارستانیەتن ، ئەوا دزەیان کردۆتە ناو سەرجەم بوارەکانی جڤاکەوە ، کە بەرەو ڕەوشێکی نامۆبوونیان بردووە . لێرەدا گفتوگۆی سیاسی و پرنسیپە ئەخلاقیەکان بنەمایەکن لە پێداویستیەکانی دەسەڵاتەوە دەردەچن و مانای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە ، ئەمەش لەمپەرێکە بۆ گەیشتن بە شارستانیەتێك کە پێی دەوترێت جڤاکی مرۆیی . لەتەك ئەمەشدا هەر لەگەڵ فرەبوونی بێ سنووری خۆیاندا ڕەوشێکی نامۆیان لەبەرامبەر جڤاکدا بەناوی بەرەوپێشەوەچوون بەرزکردۆتەوە ، وەك زانستگەرایی و هونەرگەرایی و هیومانیزم و ئایین زانی و ئیندۆستریالیزم .

پابەند بەم کێشە کۆمەڵایەتیانەوە چەندین کێشەی تر لە دیدگای ئۆج ئالاندا خۆیان دەخەنە ناو پۆلێن بەندیەکەوە ، کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم شارستانیەت و جڤاکی مرۆیی . وەك کێشە زهنی(هزر)یەکان ، ئەمەش کێشەیەکە پەیووەستە بە بێبەشکردنی ئەخلاق و سیاسەتەوە ، کە ڕووبەڕووی لێکترازان و نامۆبوون دەبێتەوە ، لەتەك ئەمەشدا خۆی ئاخێزگەی ئەخلاق و سیاسەتە . هزر پابەند بە گشت پرنسیپەکان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت . ئەخلاق خۆی پەیڕەوی لە هزری گشتی و هاوبەش دەکات ، پابەند بەمەش ڕۆڵی سەرەکی بۆ ئافراندنی سیاسەتی تازە دەردەخات . لێرەدا جڤاك پێویستە پشت بە ئەخلاق ببەستێت ، کە خۆی کەڵەکەبوونی هزرە و لەڕێگەیەوە سیاسەتیش ئەنجامدەدرێت . هزر سەرچاوەیەکی ئاخێزگەیی ئەخلاق و سیاسەتە . پاوانکردنی ئەخلاق و سیاسەت ، پاوانکردنی هزریشی لێکەوتۆتەوە ، هزریش خۆی بناغەی گشت شارستانیەتەکانە و ئاواکردن و بناغەرێژی جڤاکە ، تەنانەت خاوەن هێزی ئافراندنی مرۆییە .

کێشەی ئابووری و ئیندۆستریال(پیشەسازی) و ئیکۆلۆژی(ژینگە) و کێشەی دانیشتوان(خێزان) و شارگەرایی ، لەتەك ئەمانەش کێشەی چین و بیرۆکراسی و پەروەردەییش ، گشت ئەو کێشانەن کە دەچنە ناو پۆلێنبەندی کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە . کە لێرەدا لەلایەنی ئابووریەوە ، بەندە(کۆیلە) و کارکەر و وەرزێرەکان وەك چینێکی چەوساوە و سەرکوتکراو ئاراستەکراون . بەردەوام وەك چینێکی دیموکراسیخواز سنووریان بۆ دانراوە لەلایەن چینی باڵاوە . لەلایەکی ترەوە خراونەتە ڕەوشێکی بێکاری و هەژاریەوە ، گشت سەرمایەش لێرەدا قۆرخکراوە . لەلایەنی پیشەسازیشەوە ، کە تواناکانی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی حوکمڕانی مسۆگەری سەرمایە ، هەرچەند پیشەسازی هاوشانی ئەقڵ بەنرخە بۆ جڤاك ، لەلایەکی تریش خۆیکردووە بە میکرۆبی کشتوکاڵ . بە واتایەکی گشتی پیشەسازی بەهۆی بێ بەرنامییەوە تەواوی ژیانی مرۆڤی بە زیندەوەرەکانی تریشەوە خستۆتە مەترسیەکی گەورەوە ، ئەوەی هەیە کەوتۆتە ژێر چاودێری و  پاوانخوازی و کۆنترۆڵی قازانج و سەرمایەی دەسەڵات یاخود چینی سەرباڵاوە . پەیووەست بەمەشەوە کاریگەری لەسەر ژینگە داناوە ، کەوایکردووە لەمڕۆدا ژینگە وەك واتایەکی مەترسیدار سەیری بکرێت . سیستەمی شارستانی جگە لە لایەنی سەربازی و ئابووری و کێشەکانی تر ، بێ ئەخلاقی و بێ سیاسەتی و بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری و لەشفرۆشی و شوێنی سێکسوالی ، بوونەتە هەڕەشەیەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەبەلاح بۆ سەر ژینگە و گشت ئەو زیندەوەرانەی کە لەناویدا ژیان دەکەن . لەلایەکی تر پیسبوونی ژینگە نەك هەر هەڕەشەیە بۆ لەناوچوونی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر ، بەڵکو مەترسیە بۆ سەر تەواوی گەردوون و هەڕەشەی لەناوچوونن . ڕەفتارەکانی هەندێك مرۆڤ یاخود چینێك لەناو جڤاکدا بۆ پاوانکردنی قازانج و سەرمایە ، تەواوی ژینگەی جڤاك و شارستانیەتیان تێکداوە و قیامەتیان بەسەرداهێناوە . لێرەدا کێشەی دانیشتوانیش لەم ناوەدا خۆی دەخزێنێتە ناو پۆلێن بەندیەکەوە ، کە لەناویدا پیاو وەك دەوڵەتە بچوکەکەی خۆی ناساندووە ، ئەمەش نەك هەر لە ئێستادا بەڵکو لەتەواوی مێژووی شارستایەتدا هەوڵی سەپاندن و بەتۆکمەکردنی دراوە ، ئەم کێشەیەش زیاتر بۆ هێزی دەسەڵات دەگەڕێتەوە ، کە گوایە خێزان لەلایەن پیاوەوە دەبێت بە خێزان و هەیمەنەی خۆی دەردەخات ، ئەمەش کێشەیەکە بەرامبەر بە بێ پرنسیپەکانی شارستانیەت خۆی دەردەخات ، کە لەهەمان کاتدا ڕۆڵ و پێگەی ژن لەناویدا شاردراوەتەوە ، هەرچەند کارکردنی بێ سنوور و وەچەخستنەوە و ژمارەی دانیشتوان ئامادە دەکات . لەبەرامبەر هەموو ئەم کارانەش ژن ئاڵوودەی کۆیلایەتی بۆتەوە ، کە ئەمانەش هەموو بوونیادێکی شاراوەن و شارستانیەتی تووشی نەخۆشی و کارەساتی سۆسیۆلۆجی کردووە .

کێشەی بیرۆکراسی و چینە جۆربەجۆرەکان ، کە بریتیین لە دوو کێشەی سەرەکی و دەرگایان لەبەردەم زۆرێك لە کێشەکان کردۆتەوە . بۆئەمەش لەناو سیاسەت و ئەخلاقی جڤاکدا پەسندکردن و دروستیان تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە ، چونکە دوو پرنسیپن نکۆڵی لە سیاسەت و ئەخلاق دەکەن ، هاوشانی دەوڵەت و دەسەڵات ، لەتەك ئەوەشدا ئەم چینە بیرۆکراسیانە بەشێوەیەکی فرە لەناو شانە و مەمیلەکانی جڤاکدا بلاْوبوونەتەوە و بوونەتە کۆسپی بەردەم پەرەسەندنی جڤاك . بیرۆکراسی ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی چینە باڵادەستەکان ، تەنانەت لەم دواییانەدا خۆی وەك دەوڵەت زیت کردۆتەوە ، لەلایەکی تریش جڤاکی لەناو زیندان کردووە و بەردەوام ڕۆڵی خۆی پتەوکردووە ، لەتەك ئەوەشدا بیرۆکراسی لە ئێستادا بووەتە گرێدراوێك لەگەڵ دەوڵەتی کۆمپانیایی . کەواتە بیرۆکراسی چەمکێکە گوزارشت لە دامەزراوەیی دەوڵەت و دەسەڵات و چینایەتی دەکات ، ئامرازی سەرکوتکردنی گشت جڤاك و چینەکانی ژێر دەستەیە بۆ خزمەتی چینی فەرمانڕەواکان .
کێشەی پەروەردە و کێشەی تەندروستی لەناو جڤاکدا گەر زیاتر نەبن ئەوا کەمترنین لە کێشەکانی تر . پابەند بەمەش دەوڵەت و دەسەڵات بوونەتە هۆی سەرچاوەی ئەم کێشەیە ، پەروەردەکردن و تەندروستی بوونەتە دوو ڕەهەندی سەرەکی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پاوانکراون ، گەرچی لە بنەڕەتدا ئەنجامدانیان کاری جڤاکە نەك کاری دەوڵەت و دەسەڵات . پابەند بەم دوو چەمکەوە دەسەڵات بەردەوام پاوانی خۆی لەسەر هاوڵاتیان جێگیرکردووە ، کە لێرەدا مێژوو ، هونەر ، زانست ، تەنانەت ئایین و هزر و فەلسەفەش بریتیین لە موڵکی دەوڵەت و جڤاك خاوەنیان نەماوە . ئەرکی پەروەردەکردن و تەندروستی جڤاك هەمیشە لە ئەستۆی جڤاکە ، نەك دەوڵەت ، ئەگەر ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکانەش کران بە ئەرکی دەوڵەت ، ئەوا تاك لێرەدا خاوەنی خۆی نیە ، بەڵکو کەسێکی تر خاوەنیەتی . بۆئەمەش هەموویان هاوشانی ئازادین کە لەلایەن دەسەڵاتەوە زەوتکراوە و ماناکەی خۆی لێ سەنراوەتەوە .

سەرجەم ئەم لایەنانە کە لەدیدگای ئۆج ئالاندا بە کێشەی کۆمەڵایەتی ناوزەند دەکرێن ، بریتیین لە کۆسپ و ڕیگری لەبەردەم بوونی شارستانیەتدا ، تەنانەت ڕێگایان لەبەردەم بوون بە مرۆڤیش داخستووە ، ئەگەرچی بەڕواڵەت وا دەردەکەون کە کێشەیەك لەئارادانیە ، بەڵام ناوەڕۆکی هەموو ئەم چەمکانە لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتەوە کراون بەکێشە و چوونەتە چوارچێوەی پاوانخوازی و داگیرکاریەوە ، کە ڕێگای بوون بە شارستانیەتیان داخستووە ، وەك ئێمەی مرۆڤ کە بە ڕواڵەت ئازادین ، بەڵام لە ناوەڕۆکەوە ئازادیمان لێ زەوتکراوە [18] ، بۆئەمەش پابەند بە ئایدیۆلۆژی و خواوەندی حوکمڕانی و سەرجەم بنەماکانی تر بەکۆیلایەتیەك بارکراوین کە بووەتە هۆی لێکترازانی بناغەی ڕاستەقینەی دروستبوونی جڤاکی شارستانی ، لەکاتێکدا گەر بگەڕێینەوە بۆ ئاخێزگەکانی هەریەك لەم چەمکانە ، بەتایبەتی ئەخلاق و سیاسەت ، بریتییە لە سەرەکیترین خەسڵەتی جڤاکی مرۆڤ ، کە واپێویست دەکات بەردەوام بەدوایدا بگەڕێن تاوەکو بەهاکانی بۆ بگەڕێنینەوە . لەتەك ئەوەشدا کە جڤاکی سیاسی و ئەخلاقی دژ بە سیستەمی شارستانیەت جیگەی خۆی گرتووە بەتایبەتی وەك بونیادی پلەداری لەژێر ناوی شار ، چین ، دەوڵەت ، ئەوا لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی تەبا لەگەڵ سیستەمەکانی شارستانیەتی دیموکراتی هەڵدەکشێت و وەك جڤاکێکی ئازا خۆی وەدەردەخات . لەتەك ئەمەشدا ئەخلاق و سیاسەت گوزارشت لە جڤاکێکی دیموکرات دەکەن ، بەمەرجێ لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕووبەڕووی پاوانکردنی سیستەم و بەهاکانیان نەبووبنەوە ، چونکە پاوانکردنیان گوزارشتە لەپاوانکردنی هەموو بوارەکانی تری وەك ئاشتی و ئیرادە و ئازادی (ئۆج ئالان ، 2010. ل98-147 ، 162-186) .

---

[18] ئۆج ئالان لەم بۆچوونەیدا سوودی لە پەیمانی کۆمەڵایەتی جان جاك ڕۆسۆ بینیووە ، کە ڕۆسۆ لەو پەیمانەدا ئاماژە بە چۆنیەتی ئازادی مرۆڤ دەکات و پێیوایە ئێمەی مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبین ، بەڵام لەهەموو لایەکەوە کۆت و بەند کراوین ، هەریەکێك لە ئێمە وا هەستدەکات ئازادە و سەروەری کەسێکی ترە ، بەڵام هەرگیز ئەو ئازادیەمان نیە و لێمان زەوتکراوە کە وەك خۆمان بە خەیاڵ و ئەندێشەکانمان بۆی دەچین .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەسکی چوارەم " کەوتنەوەی شارستانیەتی مۆدێرنە و دیموکراتیانە لە شارستانیەتی سۆمەرەوە

شارستانیەتی سۆمەر ، بریتییە لە کۆنترین و ناوداترین شارستانیەت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ، کە سەرچاوەی هزر و هونەر و سەرجەم زانستی شارستانیەتەکانی ترە . لەتەك ئەوەشدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی هزر و ئەندێشە و کلتوور و داهێنان و پەروەردەیە لەهەموو بوارەکانی مرۆڤایەتیدا .

شارستانیەت لە سۆمەرییەکانەوە دەستیپێکرد ، هەروەها لە ڕوانگەی دروستبوونیەوە لە گشت شارستانیەتەکانی تر کۆنترە و زانست و داهێنانەکانی بەرفراوانترە . بەپێی ئەو هەموو لێکۆڵینەوە جۆربەجۆرانەی کە لەمەڕ سۆمەر یاخود شارستانیەتی سۆمەرییەکانەوە کراون ، ناتوانین ئاماژە بە جۆری نەژاد و شوێنی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانە بکەین کە لە چ ڕێگەیەکەوە هاتوون ، یاخود ناتوانین بزانین کە یەك ئێتنیك(نەتەوە) بوون یاخود زیاتر .

گرنگترین شت کە لە سۆمەریەکانەوە ماوەتەوە و لە ئێستادا کەوتۆتە بەردەستمان ، بریتییە لە جۆری نوسینەکەیان ، ئەمەش هونەرێك بووە کە لەلای ئەوان زۆر پێشکەوتوو بووە ، لەم پێوەدانگەیشەوە سۆمەریەکان توانیویانە هزر و بیرکردنەوە بەربلاوەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا تۆماربکەن . کە مێژووی ئەوان بۆ 3600سالّ پ.ز دەگەڕێنێتەوە ، ئەمەش خۆی هەیمەنەیەکی گرنگە بۆ مرۆڤانی میزۆپۆتامیا و چۆنیتی سەلماندنی ڕاستینەی مێژووی مرۆڤایەتی (ویل دورانت ، ب1، 2012 . ل224،204،201) .

ئۆج ئالان ، لە یەکێك لە بەرگرینامەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات ، کە شارستانییەت یاخود مێژوو لە سۆمەریەکانەوە دەستپێدەکات . لەتەك ئەم گۆتەیەشیدا مێژووی سۆمەریەکانیش بۆ دەوروبەری رووباری دیجلە و فورات و لقەکانی دەگەڕێنێتەوە کە بە میزۆپۆتامیای سەروو ناسراوە ، پابەند بەم گەڕانەوەیەش ئاماژە بە میزۆپۆتامیا دەکات ، کە پێکهاتووە لەو دەشت و شوێنە بەرزاییانەی نێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس(تۆرۆس) ، واتە مەملەکەتی بەرزاییەکان کە پێشتر بە (گوندوانا) ناوبراوە . لەم پێوەدانگەیشەوە شیمانەی ئەوە دەکات یەکەم جۆری مرۆڤ کە ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقاوە بووە ، کە مێژووەکەی بۆ (ملیۆن یاخود ملیۆن و نیو) سالّ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە . پابەند بەم جۆرە ئاماژە پێکردنەش ڕۆڵ و پێگەی گونجاوی ئەم ناوچەیە ، وەك ناوچەی جوگرافی و سەرچاوەی ئاوەدانی و کەشێکی لەبار بۆ ژیان دەگەڕێنێتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە پێیوایە کە بیست هەزار سالّ بەر لە ئێستا ، کاتێك قۆناغی سەهۆڵبەندان کۆتایی پێهات ، ئەوا چاخی (میزۆلیتیك) سەریهەڵدا . دوای کۆتاییی هاتنی چاخی ناوەڕاست(میزۆلیتیك)یش ، چەندین ئاسەوار هەن کە ئاماژە بە (دوانزە) هەزار سالّ بەر لەئێستا دەکەن لەدەستپێکردنی چاخی بەردینی نوێ(نیولیتیك)دا . لەتەك ئەوەشدا سەرچاوەکانی ژیان لە ئێستادا وەك دانەوێڵە و ئاژەڵ بەخێوکردن و سەرهەڵدانی هزر و ئەندێشە ئاماژە بە (یانزە)هەزار سالّ پێش زایین دەکەن .



کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

**شارستانیەتی سۆمەر لە 3000پ.ز وە شۆڕشی هزر و زیت بوونەوەی شار و فراوانکردنی هەیمەنەی مرۆڤی دەستپێکرد ، دوای 1000 ساڵیش لە میزۆپۆتامیای خوارووەوە بەرەو میزۆپۆتامیای سەروو (مەملەکەتی بەرزاییەکان) دەستپێکرد ، یاخود داگیرکاریەکانی خۆیان لە خوارووەوە بەرەو مەملەکەتی بەرزاییەکان بلاّوکردەوە ، ناوەندە گرنگەکانی ئەم شۆڕشە داگیرکاری(کۆلۆنی)ە ، بریتیین لە (ئورفا ، حەڕان ، گارگامێش ، سامسات)** (ئۆج ئالان ، ئۆرفا ، 2002 . ل17-26) .

**سۆمەریەکان کاروباری ولاّت و دانانی فەرمانڕەوایان بە یارمەتیەکی خودایانە هەژمار دەکرد . لەتەك ئەمەشدا لە سەردەمی خۆیاندا لە بواری ماتماتیك و نووسین و ئەستێرەناسی ، هونەرەکان بەگشتی ، بەتایبەتی پەیکەرسازی ، هەروەها لە بواری پزیشکی و وەرزشی شارەزا بوون و لەپێش هەموو شارستانیەتەکانی ترەوە بوون ، تەنانەت تاوەکو ئێستاش زۆرێك لە هونەرەکانیان بەکاردەهێنرێت و وەك پاشماوەیەکی نەریتی جێگەی خۆیان کردۆتەوە و لە زۆربەی شوێنەکاندا دەبینرێت ، بەتایبەتی لەناو نەتەوەی کورد و فارسدا . لێرەشدا لێکۆڵەرە مێژووییەکان ناو و شوێنی سۆمەریەکان بۆ چیاکانی زاگرۆس دەگەڕێننەوە** (Michael B. Gill: 2001.Pp7-8) .

**هیلالی زێڕین بە گۆتەی ئۆج ئالان ، کە دەکەوێتە نێوانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات ، خاوەن پێگەیەکی گرنگە لە پێکهێنانی جڤاك ، بەتایبەتی جڤاکی سەرەتایی ، کە ناوە مێژووییەکەی بریتییە لە میزۆپۆتامیا . کە سەردەمی پێش دەستپێکردنی مێژووە ، لەتەك ئەمانەشدا بەدیدی ئۆج ئالان میزۆپۆتامیا ، بەهۆی بەرفراوانی و لەخۆگرتنی سەرجەم پێکهاتە کۆمەلاّیەتیەکانی ، هەروەها بەهۆی لەباری ڕەوشی ناوچەکەی ، ئامادەگی و هەلومەرجی لەباری بەخۆوە بینیووە ، کە دواتر بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شارستانیەت** (ئۆج ئالان ، ب1 ، 2002 . ل27-28) .

**لەدوای قۆناغی (نیولیتیك)وە ، چەندین شارستانیەت سەریانهەڵدا ، واتە سۆمەریەکان سەرچاوەی هێزی شارستانیەتەکانی ترن ، کەواتە ئاخێزگەی مرۆڤایەتی بۆ چاخی نیولیتیك دەگەڕێتەوە . لەتەك ئەمەشدا پێشکەوتن لە نیولیتیکەوە ئاواکراوە . ئۆج ئالان ئاماژە بە چەندین دەوڵەت و سەرۆك دەکات لەدوای چاخی نیولیتیکەوە ، بەتایبەتی زۆرێك لەو شارستانیەتانەی کە سەریانهەڵداوە و دواتر تایبەتمەندی و یاساکانی خۆیان لەدەستداوە ، کە لە بناغەکەیدا دەسەلاّت و دەوڵەت و چینی بالاّدەست بوونی نیە . مرۆڤ لەسەرەتای چاخی نیولیتیکدا دوور لە دەسەلاّت بووە ، دواتر بەرە بەرە بەرەو دەسەلاّت هەنگاوی ناوە ، هەرچەند پێشتر یەکسانی کاری خۆی دەکرد ، بەلاّم یەکسانیش بوونی نەما . لەدوای چاخی نیولیتیکەوە ، کاتێك مرۆڤ بەلاڕێدا چوو ، ئەوا شارستانیەتیشی بەلاڕێدا برد و چینایەتی و سەرۆك و دەسەلاّت و دەوڵەت و چینی سەرمایەداری و بالاّدەستی زیت بوونەوە .**

**ئۆج ئالان سەرەتای چاخی نیولیتیك و سەرهەڵدانی شارستانیەت بۆ ڕۆژهەلاّتی ناوین دەگەڕێنێتەوە . شارستانیەت وابەستەی خۆرهەلاّتی ناوینە و لەوێوە پێشخراوە ، کاتێك ئێمە ئاماژە بە شارستانیەتی سۆمەر دەکەین ، ئەوا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەكەوێتە خۆرهەڵاتی ناوینەوە ، كە سەرەتای شارستانیەت و ئاواكردنی هزر و داهێنانە ، ئاخێزگەی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیە (.Abdullah Ocalan's ,8-Pp7 2010) .

یەكێك لە پێشكەوتنە بەرچاوەكانی شارستانیەتی سۆمەر كە لەم سەردەمە هاتۆتە ئاراوە ، بریتییە لە ئاستی جیاوازی ڕەگەزی ، ئەمەش یەكێكە لەو پێشكەوتنانەی كە زاڵبوونی خۆی بەسەر چاخی نیولیتیكدا سەپاندووە ، بەتایبەتی ژن . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، كاتێك خودای پیاو(ئەنكی)ی جڤاكی سۆمەر ، گشت بەها و تایبەتمەندیەكانی خودا(ئینانا)ی ژنی بۆخۆی بردووە ، گشت ئەم بەهایانەش پێشتر كە كاریگەری خۆیان لەسەر چاخی نیولیتیكدا داناوە . بۆ ئەمەش هەرچی شتێك بوو لەژێر دەسەڵاتی ژندا نەمایەوە و بوو بەهی پیاو . لەمەشەوە هەژاری جڤاك سەریهەڵدا و بەردەوامی بەخۆیدا . لەمەودوا پیاو جێگەی بڵندی دەسەڵاتی بۆخۆی قۆرخكرد و بوو بەخاوەنی ژن ، لەمەودوا ژن كرا بە كۆیلەی ماڵ ، تا ئێستاش بەردەوامی هەیە ، نمونەی بەرچاویش بۆ ئەمە سیستەمی پیاوسالاریە (ئۆج ئالان ، پ1، 2009 . ل74- 76) .
بابەتەكە پەیووەستە بە چۆنیەتی شارستانیەت ، هەروەها پەیووەستە بە چۆنیەتی تاوتوێكردنی چەمكی دەوڵەت و دەسەڵات ، سیاسەتیش لەم ناوەدا ، بۆ ئەمەش پێویست بوو كە كەمێك لەمێژووی سۆمەر و سەرەتای دەستپێكردنی شارستانیەت لە سۆمەرییەكانەوە بە شێوەیەكی گشتی و بەشێوەیەكی تایبەتی لای ئۆج ئالان ئاماژە پێبكەم .

لە شارستانیەتی سۆمەردا ، ڕاهیبەكان یەكەمین كەسن كە چەكی خوایانە ئاراستە دەكەن ، واتە ڕۆڵی سەرەكی ڕاهیبەكان بریتییە لە ئافراندنی خوداوەند . لەتەك ئەمەشدا ڕاهیبەكان فەرمانڕەوان و بەڕێوەبەری دەوڵەتن ، لەلایەكی ترەوە ئەفسانە ، زانست ، ژمێریاری ، ژیان ، هونەر دانیشتوان(خێزان) بەپلانی ئەوان دێتە كایەوە ، یەكەمین سەرچاوەی تەواوی شتەكان ڕاهیبەكانن و كەس ناتوانێت گومان لە ئافراندنی خوایانەی ئەوان بكات . ئافراندنی خوداوەند و ئایین هێنانە ناو ژیانی مرۆڤەكان ڕاهیبەكانن ، كە لێرەدا ڕێكخەری پەیووەندی نیوان ئاسمان و زەوین . دواتر خوداوەندی دایك دەكەوێتە كار لەسەردەمی نیولیتیكدا ، كە لەگەڵ خوداوەندەكانی ڕاهیبیەكان دەكەوێتە ململانێ . بەتایبەتی ململانێی خوداوەند ( ئەنكی و ئینانا) ، كە گوزارشتە لە ئافراندنی ناكۆكی كۆمەڵایەتی . لێرەدا هزری مرۆڤ بەرەو سروشت پەلكێش دەكرێت ، سروشت لێرەدا بە روح و خوداوەند تەنراوە ، ململانێی كۆمەڵایەتی نێوان شارستانیەتەكان ، بەتایبەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نمونەی ئەم جۆرە ململانێیەن درێژەیان بەخۆیان داوە (Abdullah Ocalan, http: 1999. Pp1-3) .
سەرۆكی ڕاهیبەكان لە شارستانیەتی سۆمەردا لە ئاست مرۆڤەكان بەرزە و لە ماڵی خوداوەندەوە هزرینی پەتی دەستگیربووە ، تاوەكو جڤاكی پێ بەڕێوەبەرێت . گشت ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی بتی ڕەمزی و كەتێیدا وێنە و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاكارەكانی خوداوەند دەبینرێن . بۆ ئەمەش تەواوی پێگەو پلەی فەرماندارى و دەوڵەتیان بەشێوەیەكی فەرمی داگیركردووە . كە بریتی بووە لە شێوە بەڕێوەبردنێكی سروشتی ، لێرەشدا دەتوانین ئەنجامێكی گرنگمان دەستگیربێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئەمڕۆماندا .

راهیبەكان لەهەمان كاتیشدا پابەند بە گۆتەی خوداوەند ، زانستەكان پاواندەكەن ، كە ئەمە هێزێك بوو بۆ بەخشینی فەرمانڕەوایەتی بەخۆیان . لەتەك ئەمەشدا زانست گەورەترین هێزی سەرمایەی راهیبەكانە .

زانستەكانیش بناغە دارێژی شارستانیەتن لە سەردەمی راهیبەكاندا . لەم پێوەدانگەیشەوە پێشەنگایەتیان هەیە لە قۆناغەكانی سەرەتای دەستپێكردنی زانستدا . ئەمەش ڕۆڵێكی كاریگەری بە راهیبەكان بەخشی لە بازرگانیدا .

كاتێك جڤاكی دەوڵەتی راهیبەكان ڕووی لە ئاوابوونكرد ، دەوڵەتی خانەدانەكان بوو بە جێگرەوەی . كە هەمان ڕێچكە و گرتنەبەری دەوڵەتی راهیبەكان بوو . لیرەدا دەشێت تا ساڵانی 5000پ.ز دەوڵەتی خانەدانەكان و چۆنیەتی بەهێزبوونیان ببینین لە میزۆپاتامیادا .

لە قۆناغی نیولیتیكدا ، گشت جڤاكە مرۆییەكان و تەواوی جڤاكەكانی شارستانیەت ، گرنگیەكی زۆریان بە ئەفسانە و میتافیزیك دەدا . لێرەشدا شارستانیەتی سەرمایەداری وەك خوداوەند و پادشا خۆی پێشكەشدەكات . ئەمەش خۆی لە دژبەری و كۆلۆنیالیدا دەبینێتەوە لەژێر ناوی ئیكۆنۆمیدا . كە بەها و تایبەتمەندی هەرە سەرەكی جڤاكە . پابەند بەمەشەوە جڤاكی شارستانی وەك خاوەن موڵك و شار و دەوڵەت خۆی دەبینێتەوە بەدەستی ڕاهیبەكانەوە (ئۆج ئالان، پ1 ، 2009 . ل217-224) .

لەكاتێكدا قۆناغی كلاسیكی سۆمەر لە ساڵانی 2000-1500پ.ز كۆتایی پێهات ، ناكۆكی و ململانێی سەربازی و سیاسی و دەوڵەت و دەسەڵات سەریانهەڵدا . ئەو پێكدادانە ئایدیۆلۆژی و سەربازی و سیاسی و ئەخلاقیەی كە لە شارستانیەتی دیموكراتیدا خۆی ئاوەڵادەكات ، هەروەها ئەو دژواریانەی كە لەنێوان شارستانیەتی دیموكراتیدا ، وەك كێشەیەكی سیاسی و ئەخلاقی و فەرمانڕەوایەتی وەبەرچاو دەكەون ، بونیادە ئەتنیكیەكەی بۆ ساڵانی 4000-3000پ.ز دەگەڕێتەوە ، واتە بەرهەمی ئەم قۆناغەن كە بناغەكەی بۆ سەردەمی سۆمەریەكان یاخود شارستانیەتی سۆمەر دەگەڕێتەوە . كە زەبرێكی گەورەی لە سروشتی جڤاك داوە ، بەتایبەتی لەلایەنی ئەخلاقی و سیاسیەوە .

كاتێك لە مێژوو دەكۆڵینەوە ، ئاشكرایە كە چاخی ناوین لەژێرناوی راهیب و فەرمانداریەتی خوایانەوە مرۆڤی لەناوبردووە ، بەلاّم لە سەردەمی باوەڕبوون بە دەوڵەت و نەتەوە هزر و ئازادیەكانی لەناوبردووە و زۆر لەوەش خراپتر مرۆڤی بەرەو دەمارگیری شۆڤێنستی پەلكیش كردووە .

ئۆج ئالان لە ئاواكردنی شارستانیەتی دیموكراتیدا ، كە ڕۆڵی سەركی دەبینێت لەم سەردەمەدا ، بە پێویستی دەبینێت كە شارستانیەتی دیموكراتی وەك زانست و بنەما ڕاستەقینەكەی خۆی دەستبەكاربێت ، لەتەك ئەوەشدا



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاماژە بە چۆنیەتی مانا ڕاستەقینەکەی دەکات .

لەسەردەمی شارستانیەتی دیموکراتیدا ، جڤاك چۆتە قۆناغێکەوە کە بەرهەمی گوند و کشتوکاڵ بۆتە بەشێك لە پاوانکاریەکان ، ئەم چەوسانەوەیەش لە قۆناغی کلاسیکی سۆمەرەوە فشارێکی توندی لەسەر دانراوە تا گەیشتووە بەم ڕۆژگارە ، لە ئێستادا تەنانەت کراوە بە دۆخێکی سیاسی و ئامانجێکی سەرەکی دەوڵەت و دەسەلأت ، لەم پێوەدانگەیشەوە کە مردنی جڤاکی مرۆڤ نمایش دەکات ، شارستانیەتی دیموکراتی گەرەکە پاوانکاری و بەدەسەلأت بوونی لەسەر هەلگرێت و مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ بگەڕێنێتەوە . بۆئەمەش شارستانیەتی دیموکراتی خۆی بەدیهێنانی ڕزگاری ڕاستەقینەیە لەمەڕ پاوانکردنی سەرمایە و دەسەلأت . لێرەدا شار کە بە درێژایی مێژووی ژیار(شارستانیەت) فشار و چەوسانەوەی ناچاریانەی بەسەرەوە بووە ، پابەند بە دیموکراتیەت و بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە دەشێت دۆخی ڕزگاربوونی بەدیبێت . لەتەك ئەوەشدا کە ئابووری جڤاك لەلایەن سەرمایەی دەسەلأتەوە پاوانکراوە ، کە بووەتە هۆی زیت بوونەوەی بێکاری و برسێتی و وێرانکردنی ژینگە و سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتی ، بارگرژی و نەخۆشی سۆسیۆلۆجی . پێویستە سنوورەکانی دەسەلأت و سەرمایە بەرتەسك بکرێنەوە لەمەڕ ئەو کێشە ئاخێزگەییانەی جڤاك ، کە بوونەتە هۆی لێدانی زەبری کوشندە بۆ جڤاك . پەیووەست بەم هۆکارانەش کە ئەخلاق و سیاسەت ڕەوشی ئاسایی و ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە لە جڤاکدا ، کێشەکە تەنیا پاوانکردنی سەرمایە و دەسەلأتە ، کە سەرمایەداری بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵی بەردەوامی خۆیدایە تاوەکو بیکات بە پۆشاکێك و بیکاتە بەر جڤاك و سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لێ بسەنێتەوە ، جڤاکی وەها لەم جۆرەش پابەندبوونی خۆی بە ئەخلاق و سیاسەت لەدەستدەدات ، لەمەشەوە دەتوانێت لە شارستانیەتی دیموکراتیدا ئەم ئاخێزگەیانە دەستگیربکاتەوە کە پەیووەستن بە بوونی جڤاکێکی مرۆیی ، چونکە لە بنەڕەتدا سیاسەت و ئەخلاق لە ناوەڕۆکدا گوزارشت لە جڤاکی مرۆیی دەکەن .

شارستانیەتی دیموکرات ، پابەند بە سیاسەتە دیموکراتیەکەی ، گەرەکە ڕۆڵی خۆی وەگەڕبخات بۆ ئازادکردنی سیاسەت و ئەخلاقی جڤاك و گێڕانەوەی ڕەوشەکەی . لەتەك ئەمەشدا بوونی ئەخلاق و سیاسەت بە بوونی جڤاکێکی دیموکراتیانەوە بەستراوەتەوە ، ئەخلاق و سیاسەتیش گوزارشت لە دیموکراتیزەبوون دەکەن ، نەك گوزارشتکردن لە فەرمانداریێتی و کومار و دەسەلأت و دەوڵەت کە بە ڕواڵەت شارستانیبوون نمایش دەکەن و لە ناوەڕۆکیشیاندا سەرمایە و دەسەلأت و پاوانخوازی خۆی مەلأس داوە . گشت ئەم نەخۆشیانەش ناتوانن بەبێ جڤاك و ئەخلاق و سیاسەت بوونی خۆیان بسەلمێنن . واتە دەشێت جڤاك و ئەخلاق و سیاسەت بەبێ ئەمانە بوونیا هەبێت ، بەلأم بوونی ئەوان بەبێ ئەم سێ ڕەهەندە سەرەکیە لە بنەڕەتدا نیە .

شارستانیەتی دەوڵەت و دەسەلأت ، کە لە ئێستادا بوونەتە پاوانکاری سەرمایە و هەیمەنە و ئایدیۆلۆژی و بالأدەستی خۆیان سەلماندووە بەسەر شارستانیەتی دیموکراتیدا ، ئەوا هەیمەنە و ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی دیموکراتی بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سیستەم كردووە و سەركوتی كردووە . ئەمەش ڕۆڵی خۆی لە تەواوی زانایان و بیرمەندەكانەوە دەرخستووە ، بەتایبەتی ئەوانەی كە پابەند بە ئازادی و یەكسانی و نەهێشتنی چینایەتی تێكۆشانیان كردووە . ئەمەش چەوساندنەوەیەكە لە راهیبە خواوەند ئافرێنەكانی سۆمەرەوە درێژەی بە سیستەمەكەی خۆی داوە و هێشتاش مۆدێرنەدا خۆی نمایش دەكات** (ئۆج ئالان، پ3 ، 2010 . ل172-181) .

**لە سیستەم و بەرنامەی دیموكراتیدا ، دەسەڵات و دەوڵەت بەسەر جڤاكەوە نین ، دەوڵەت لێرەدا وەك ئامانجی هاوبەش و پۆزەتیڤ ڕۆڵ دەگێڕێت . لەتەك ئەوەشدا خۆی لەسەر ئاخێزگەی فرەیی دامەزراوە ، چوارچێوەیەكی فرەیە و پرنسیپە جیاوازەكانی جڤاك لەخۆدەگرێ ، سەقامگیری و ئازادی و دادپەروەری بنەمای كارەكەیەتی . سیستەمی دیموكراتیش بریتییە لە خودی جڤاك لەڕێگای دەوڵەتەوە چاودێری بواری بەڕێوەبردنی دەكرێت . چاودێری بەڕێوەبەرایەتی دەكات پەیووەست بە گشتیەوە ، نەك تایبەتی ، پابەند بەمەشەوە دەسەڵات شێوە هەنگاوێكی گشتێتی گرتۆتەبەر پەیووەست بە مۆنۆپۆلیوە** (كۆمەڵێك نووسەر، 2009 . ل55-56) .

**تۆكڤێل**[19] **، فەیلەسووفێكی هاوچەرخی وڵاتی (پاریس)ە ، پێیوایە كە یەكێك لە ئاخێزگە سەرەكیەكانی شارستانیەتی دیموكراتی و سەرهەڵدانی شۆڕشی دیموكراتی ، بریتییە لە یەكسانی . ئەمەش خۆی دەخزێنێتە ناو دیاردەیەكی نێودەوڵەتیەوە ، نەك دیاردەیەكی لاوەكی . چەندین ساڵە یاسای یەكسانیبوون لە سیستەمی دیموكراتیدا زیت بۆتەوە ، ئەمە بەسەر تەواوی مێژووی دەوڵەتانیشەوە دیارە . بەڵام لەبری ئەوەی دەستكەوتەكانی وەك دۆزینەوە گەورەكان لە بەرژەوەندی ئازادی و یەكسانیدا بن ، ئەوا بوون بە بەرژەوەندی و دەستكەوتی خانەدان و ئەرستۆكراتیەكان . لەم پێوەدانگەیشەوە ، لە شۆڕشی دیموكراتیدا لای تۆكڤێل ، پرسێكی هەرهەبووە و بەرژەوەندی و هۆكارە گشتیەكانیش بۆ گەلە ، تەنانەت یەزدانیش لەگەڵ ئەم شۆڕشەدایە ، ویستێكی یەزدانیە و مرۆڤ ناتوانێت كپی بكاتەوە** (د. مەهدی مەحفوز ، 2013 . ل 226-227) .

**بەدیدی ئۆج ئالان ، مێژووی شارستانیەتی دیموكراتی پەیووەستە بە خۆڕاگری و هەڵگەڕانەوەی هۆز و خێل و دانشتوان(خێزان) بەرامبەر بە سەرمایە و دەسەڵات ، لەپێناو دەستگیربوون و گەڕانەوەی ئازادی و یەكسانی و دیموكراتیبووندا . لەتەك ئەوەشدا پێیوابوو كە سوربوونی هۆز و خێڵەكان كپ نەكراوەتەوە بەرامبەر بە گێڕانەوەی**

---

[19]- **تۆكڤێل ، لە هەوڵی ئەوەدابوو كە شۆڕشێك پەیووەست بە دیموكراسی بەرپا بكات و سەرجەم جیهانیش پێوەی پابەند بێت ، پابەند بەمەش پێداگری لەسەر ئەوە دەكردەوە كە جڤاكی ئەرستۆكراتی بگۆڕێت بۆ جڤاكێكی دیموكراسی لەتەواوی جیهاندا ، ئەم هەوڵەشی بریتیبوو لە شۆڕشی دیموكراسی ، بۆ ئەمەش ئازادی و یەكسانی وەك یەكایەتیەك دەبینی و لەیەكتری جیا نەدەكردنەوە ، لەتەك ئەوەشدا كردبوونی بە تاكە كۆڵەكەی دیموكراسی .**



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیانی ئەخلاقی و سیاسی بۆ جڤاك . لە شارستانیەتی دیموكراتیدا ، بەڵكو ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینرێت بۆ هەبوونی ژیانێكی ئەخلاقی و سیاسی لە جڤاكدا ، لێرەشدا شارستانیەتی دیموكراتی خۆی بریتییە لە سیاسەت(پۆلەتیك)ی جڤاك . لێرەشەوە شارستانیەتی دیموكراتی ، بریتییە لە خۆبەڕێبەری جڤاك ، بەتایبەتی ئەو جڤاكەی كە گرێنەدراوە بە دەسەڵات و دەوڵەتەوە . بۆئەمەش جڤاك و دەوڵەت یاخود دیموكراتیەت و دەسەڵات-دەوڵەت ، دوو چەمكی دژ بەیەكترن . دیموكراتیەت گوزارشت لە گەل دەكات و بەواتای (گەل سالاری)دێت ، بەلاّم دەوڵەت و دەسەڵات پەیووەست بە بەرژەوەندی ئەرستۆكراتیەت و خانەدانیەت بوون خۆی ئاوادەكات . دەوڵەت ناتوانرێت بە دیموكراتیزەبوون بكرێت ، بەڵكو دەتوانرێت لەڕێگەی دیموكراتیزەبوونەوە سەرجەم بنەماكانی سنووورداربكرێن .

لە شارستانیەتی سۆمەرەوە تا گەیشتن بە شارستانیەتی دیموكراتی لە ئێستادا ، ئامانجی سەرەكی دەوڵەت و دەسەڵات ، قۆرخكردنی بەها مرۆییەكان بووە ، لەهەر شوێنێكیش دەوڵەت بالأدەست بووبێت ، دیموكراتیەت و شۆڕشی دیموكراتیەت لاوازبووە . هەر لەسەردەمی راهیبەكانی سۆمەرەوە پاوانكاری سەرمایە و ئازادی  گەل دەستپێكردووە ، تەنانەت لە گەیشتنی بە ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا ، كە پەیووەست بە شارستانیەت و دەوڵەتی دیموكراتیەت ئاماژەی بۆ دەكرێت ، پاوانكاریەكانیش بە مۆدیلێكی نوێتر سەریان وەدەرناوە ، ئازادی و یەكسانی و سەرمایە و جڤاكی خۆشگوزەرانی و فەرمانڕەوایەتی گەل ڕووبەڕووی پاوانكاریەكی تر بوونەتەوە ، لەژێر ناوی دیموكراتیزەبووندا ، تەنانەت یۆتۆپیا مرۆییەكان و ئایدیۆلۆژی و زانستەكانیش چوونەتە ژێرباری ئەو پاوانكردنەوە و سروشتی خۆیان بە دەوڵەت و دەوڵەتی دیموكراتیەوە گرێدراوە (Ocalan’s, 2001. Pp51-57) .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووەم : تێگەی نەتەوە / پێناسە و شرۆڤەکردن

نەتەوە (ئێتنیك) بریتییە لەو چەمکە سیاسی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و ئایدیایەی ، کە سەرهەڵدانی هاوشانە لەگەڵ پراکتیزەبوونی دەوڵەت ، لەتەك ئەوەشدا ویست و ئارەزووی گروپێکی مرۆییە کە یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ کلتور و ڕەگەز و زمان . نەتەوە قەوارەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری زمانەوانی نەگۆڕ نیە . بەڵکو بە دیاریکراوی سەر بە سەردەمێکی دیاریکراوە و لە ڕووی مێژووییەوە بوونەوەرێکی تازەیە ، تەنها لە کاتێکدا قەوارەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەستە بە جۆرێکی دیاریکراو لە دەوڵەتێکی هەرێمی مۆدێرن کە ئەویش بریتی یە لە دەوڵەت و نەتەوە . لە دەرەوەی پەیوەست بوون بەم قەوارە سیاسییە نوێییەوە قسە کردن لە نەتەوە (ئێتنیك) جێگای باس نیە . نەتەوە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هەستی خۆشەویستی هەر تاکێك لەناو جڤاکدا بۆ خاك - نیشتمان ، هەروەها بۆ خودی نەتەوەکەی خۆی و چۆنیەتی ڕۆڵ و هەستکردن بە هاوبەشیەتی نێوان تاکەکان و هیواخواستن بۆ نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی ، لەتەك ئەمەشدا ئامادەبوونی هەر تاکێك بۆ خزمەتکردنی گەل و ڕێزگرتن لە دروشم و مێژوو و سەروەری و دەستکەوتەکان و قوربانیەکان لە پێناو سەربەرزی و شکۆمەندی نەتەوەدا . لەتەك ئەمەشدا چەمکی نەتەوە چەمکێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیە کە مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاودەگرێ ، بەشێوەیەك ئاخێزگەڕێژی دەکات کە گشت نەتەوەکان بتوانن بەمافەکانی خۆیان بگەن و بوونی نەتەوایەتی خۆیان دابمەزرێنن و هاوکات هەریەکەشیان وەك نەتەوە خۆیان بسەلمێنن پێناسەیەکی دروست بۆخۆیان هەڵبگۆزێنن (Interview, 2003.Pp236-239) .

دەیڤید براون[20] لە تێڕوانینی نەریتی و پریمۆردیالدا ، نەتەوە (ئێتنیك) وەك فەرزێك پێناسەدەکات و پێیوایە کە ئەو گروپانەی هەڵگری چەند تایبەتمەندیەکی زمانی و ئایینی و نەتەوایەتین ، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی لە هۆشیاربوونەوەی گروپەکەی خۆیان تێدەگەن ، کە ئەم هۆشیارییە پەیووەستە بە داخوازییەکی ناسیۆنالیستی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ . هەروەها "هۆتچینسۆن و سمیت[21]" بەم شێوەیە ئێتنیك پێناسە دەکەن :

---

[20]- دەیڤید براون ، وەك ناسیۆنالیستێك زیاتر تێگەکانی لەسەر بوژاندنەوەی ئیتنیکی بنیاددەنێ ، لەمەشەوە دەکارێت ڕۆڵی دەسەلات و دەوڵەت و جڤاك هەریەکە و لە تێڕوانینی خودی خۆیەوە دەربخات.

[21]- هۆتچینسۆن و سمیت ، وەك دوو هزرچان ، تێگەکانیان پەیووەست بە ناسیۆنالیزم لە سەرەتادا ڕوودەکاتە چۆنیەتی ئەو ئەفسانەگەلانەی کە وەك کلتوورێك بۆ نەوەکانیان ماونەتەوە ، هەروەها پێیانوایە کە هەستی ئیتنیکی لەلای بەشێکی ئەو خەڵکە بوونی هەیە نەك بەگشتی لای هەمووان ، دواتریش پەلدەکێشێ بۆ گشتێتی و هەستی ناسیۆنالیزمی لای زۆرینە دروستدەکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت کە هەڵگری ئەفسانەی باوباپیریانن بە شێوەیەکی هاوبەش ، هەروەها بیرەوەری و ڕابردووی مێژوویی هاوبەشیان هەیە لەڕووی کلتووری و پاشماوە بەنرخەکانەوە ، لەتەك ئەوەشدا کە پەیووەندیان بە نیشتمانەوە هەیە و هەستی یەکێتی بوون بوونی هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە .

ئامرازخوازەکان[22] بەم شێوەیە باس لە ئێتنیك دەکەن : نەتەوە (ئێتنیك) هەرگیز مێژوویی نەبووە ، بەڵکو دیاردەیەکی سازکراوە و لەژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکاندا سنوورەکانی خۆی زیاتر بەربلاّوەدەکاتەوە یاخود چکۆلەتری دەکاتەوە ، بۆ ئەمەش تاکەکان لێرەدا دەتوانن لە یەك کاتدا ئەندامی زیاتر لەیەك گرووپ بن ، بۆ ئەمەش نەتەوایەتی دینامیکیە و هەمیشە لە بزاڤ و پەرەسەندن دایە ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین بڵێن کە نەتەوایەتی وەك چەمك و هەر بابەتێکی تری سیاسی نەگۆڕ نیە و پەیووەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بەشێوەیەك دیارینەکراون (دەیڤید رۆمانۆ ، 2015 . ل19-21) .

مۆریس بارس[23] کە فەیلەسووفێکی سەر بە قوتابخانە ناسیۆنالیستەکانە ، لە ڕێگای گرنگیدان بە خودەوە ، پێیوایە کە ئێمە بۆئەوەی بەباشی خۆمان بناسین و ڕاستەقینەبوونی خۆمان بەتەواوەتی بۆ ڕونببێتەوە ئەوا پێویستە خۆمان وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم بدەین و خۆمان بە نیشتمانەوە ببەستینەوە ، بۆئەمەش پێویستە سیاسەت خۆی لەگەڵ ویستە غەریزەییەکان بگونجێنێت کە تاك و نەتەوە بەرەو پێشەوە دەبەن ، چونکە ویژدانی نیشتمانی تەنیا لەڕێگەی شوێنەوە دێتە ناخمانەوە ، کەواتە پێویستە دوور لە وێناگەری و هەردەم لەڕووی ناوچەییەوە یارمەتیدەر و هۆکاربین تاوەکو نەتەوایەتی بەرەو پێشەوە بچێت(گایتانۆ مۆسکا ، 2012 . ل358-359) .

بەدیدی ئۆج ئالان نەتەوە بابەتێکی هەستیارە و بێ ئەندازە ناساندنی تەمومژاوییە ، بۆئەمەش هاوسەنگی ڕاگرتن و یەکسانی و هۆشیاری پەیووەست بەم بابەتەوە کاریگەری و بایەخی خۆی هەیە . نەتەوە پەیووەندیەکی

---

[22] ئامراز خوازەکان ، وەك جۆن دێوی و گور و هارف ، تەواوی چالاکیە سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکانی ئیتنیکی وەك ئامرازێك ناوزەند دەکەن بۆ گەیشت بە ئامانجە خوازراوەکانی خۆیان ، کە لەناو هەموو ئەم ئامانجانەشدا چەندین گروپ بوونیان هەیە و بۆ ئامانجە خوازراوەکەی خۆیان کە ئیتنیکیە لە هەوڵی بەردەوامدانە .

[23] مۆریس بارس ، بانگەشەی بۆ دەسەڵاتی پادشایەتی دەکرد ، چونکە ئەو باوەڕی بە خۆپەرستی نیشتمانی هەبوو ، ئەوا دەسەڵاتی پادشایەتیش بۆ ئەو بریتیبوو لەو دەسەڵاتەی کە لەگەڵ ئەم جۆرە خۆپەرستیەدا دەهاتەوە و گونجاو بوو ، بۆ ئەمەش لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانی تریەوە دادەنا ، لەمەشەوە خودی پەرستی بیرۆکەیەك بوو کە بەردەوام لە تێگەکانی مۆریسدا خۆی دووبارە دەکردەوە ، چونکە مەرجی ناسیۆنالیزمبوونەکەی پەیووەست بوو بە خود پەرستیەوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە تێگەکانی پەلیانکێشا بۆ نیشتمان پەرستی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵایەتیە و پەیووەندی ڕاستەوخۆی بە سیستەمی سەرمایەداری و ئابووری(ئیکۆنۆمی)یەوە نیە . بەدیدی ئۆج ئالان ناساندنی نەتەوە(ئیتنیك) تەنیا بە زمان و کلتوورەوە نەبەستراوەتەوە ، چونکە باسکردنی پەیووست بەم دوو چەمکە ناساندنێکی بەرتەسك و ناتەواوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان بەم شێوەیە نەتەوە(ئیتنیك) پێناسە دەکات : نەتەوە بریتییە لەو بابەتەی کە چەندین سەرچاوە بەخۆیەوە گریدەدات ، هەموو ئەمانەش بریتیین لە (سیاسەت ، شۆڕش ، هونەر ، ئەدەب ، ئابووری ، بازاڕ.......هتد ) هەموو ئەمانەش بابەتگەلێکن کە بوونی نەتەوە وەدەردەخەن و لە ئاواکردنی نەتەوەیی بووندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن . لە دیدگای ئۆج ئالاندا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەهۆی زۆربوونی پەیووەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەتەك نەشونماکردنی بازاڕدا دەتوانین باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەتەوە بکەین ، هەرچەند نەتەوە سەرەتاییەکانیش هەر بەم شێوەیە لەدایك بوون . کەواتە نەتەوە پەیووەستە بە کۆی دۆخی هۆشیاری و نەمانی هۆمۆژی هۆز و تیرەکان و ئایین و دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی هاوبەش ، کە پەیووەندیەك یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی بازاڕدا خۆی وەدەردەخات (ئۆج ئالان ، پ2، 2009 . ل243-248) .

ئۆج ئالان لە بەرگرینامەی چوارەمی مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیدا ، باس لە چوار نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناوین دەکات ، ئەمانیش نەتەوەکانی ( عەرەب ، تورك ، فارس و کورد)ن ، بۆئەمەش لێرەدا دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە جیاکردنەوەی نەتەوەکان بەگوێرەی گەورەیی و بچوکی ڕاست نیە و لە چوارچێوەی یاسا ئەخلاقیەکانەوە دوورە ، چونکە گشت نەتەوەکان چ بچوك بن یاخود گەورە پەیووەندیان بە دیمۆگرافیاوە هەیە ، بۆئەمەش وەك پێویستیەکی ئەخلاقی و ڕاستەقینەی جڤاك کەمینەیی یاخود بچوکی نەتەوە کەموکورتی نییە و لەڕووی نەتەوایەتییەوە بە بچوك دانانرێت .

خستنەڕووی دیاردەی نەتەوە وەك دەستەواژە لەسەرووی هەموو ئەو دەستەواژانەوە دێت کە شۆڕشی ئایدیۆلۆژیا لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا بەبێ هەڵبژاردن ڕاستیکردوونەتەوە ، ئەمەش دەستەواژەیەکە خۆی دەچێتە چوارچێوەی خوداناسی(تیۆلۆژیای) سەرمایەداریەوە ، لەتەك ئەمەشدا کە دواتر دەوڵەت-نەتەوە دەهێنرێتە بەرباس ئەوا خۆی وەك دەستەواژەیەکی گرنگی ئیلاهی وەدەردەخات ، تەنانەت زۆرجاریش خۆی وەك خوداوەندی سەر ڕووی زەوی نیشاندەدات . نەتەوە شتێك نیە  بە خەیاڵ لە نەبوونەوە ئافرێنرابێت و هێنرابێتە بوونەوە  ، لەتەك ئەمەشدا ناتوانرێت نکۆڵی لەو ڕاستیە بکرێت کە زێدەڕۆیی و قەبەکردنی نەتەوە وەك بەرگێك وایە و کراوەتە بەر سروشتی جڤاکەوە . لەمرۆدا کە جڤاکی نەتەوەیی لەشوێنی ئومەتی ئایینی ئاواکراوە ئەوا دەکرێت ببێتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتێکی زانستی سۆسیۆلۆجی ، بۆئەمەش پیویستە خۆی لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەربازبکات ، ئەگینا جگە لە سەرپۆشێکی چەوساندنەوە و پاوانخوازی و بەکۆیلەکردن هیچ مانایەکی تر نادات بەدەستەوە .

بەدیدی ئۆج ئالان بەبایەخترین بەرهەمی نەتەوە ، نەتەوەی دیموکراتییە ، بۆ ئەمەش پێیوایە کە ئەو دەستەواژەی کە لە جیهانبینی دیموکراتیدا کە بە ئامانجی دەربازبوون لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا پێشخراوە ئەوا نەتەوەی دیموکراتییە ، بۆئەمەش تەنها لەمیانەی نەتەوەیەکی دیموکراتیەوە دەتوانرێت جڤاکی نەتەوەیی بهێنرێتە ئاراوە ، ئەمەش لەو کاتەدایە کە خۆی لە چەمکی پاوانکردن و سوودگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ڕزگاری بووە ، لەم پێوەدانگەیشەوە بونیادە سۆسیۆلۆجیەکان دەکەونە چوارچێوەی فاکتەرەکانی تازەگەری دیموکراتییەوە ، کە لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی بە بەرژەوەندی و سوودی نەتەوەیی دانانرێت ، بەڵکو لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر کارەکتەرە سیاسی و مۆراڵیەکانی جڤاك دەکرێتەوە . ئەو نەتەوانەشی کە هەڵگری ناسنامەی کلتووری جیاوازن و خاوەنی فەرهەنگن ئەوا بەڕادەیەکی گونجاو بۆ بوون بە نەتەوەیەکی دیموکراسی و نەتەوەیەکی ئاشتیخواز لەبارترن (ئۆج ئالان ، پ4، 2011 . ل430-438، 468) .

نەتەوەی دیموکراتیك کاتێك کە ئاوا دەکرێت و خۆی دەرباز دەکات لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەوا وەچەرخان و گۆڕانکاری گرنگ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات ، چونکە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا تەواوی ژیانی نەریتی دووچاری گۆڕانکاری گەورە دەبێتەوە . نەتەوەی دیموکراتیك ئەو مۆدێرنیتە جێگرەوە(ئەلتەرناتیڤە)یە کە تێیدا تاك و هاونیشتمانی ئازادی لەناودا دەئافرێنرێت ، هەروەها لاوازکردنی سیستەمی سەرمایەداریە و فکرەی بەهیچکردنی جڤاك لەناودەبات . بوون بە جڤاکی نەتەوەی دیموکراتیك ، مەرجێکە بۆ گەیشتن بە ژیانی جڤاکێکی تەندروست . لێرەدا ئەو جڤاکەشی کە لەژێر ناونیشانی دەوڵەت و نەتەوە پێشتر پوکێنراوەتەوە و بەرەو چەوسانەوە چووە ئەوا بۆ جارێکی تر و سەرلەنوێ بۆ ئاخێزگە ڕەسەنەکەی خۆی دەگەڕێتەوە . نەتەوەی دیموکراتێك بەواتای جڤاکێکی تەندروست ، بۆئەمەش تاکی تەندروست پێدەگەیەنێت ، لێرەشدا ئەو تاکەی کە بە تەندروستی هزری و دەروونی بگات ئەوا توانای بەرگری کردنی بەرامبەر بە نەخۆشی و ئاستەنگەکانی زیاد دەکات ، چونکە لێرەدا تاك چەمکی پەروەردەیی نەتەوەی دیموکراتیك و بە جڤاك بوون و هاونیشتمانی ئازادی کردۆتە ئامانجی گشتی و لە خودپەرستی وەدوورکەوتۆتەوە .

ئۆج ئالان لە پرۆسەی نەتەوەبوونی دیموکراتدا ئاماژە بە ئازادبوونی ژن دەکات ، پێیوایە کە ئازادبوونی ژن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مەرجە بۆ بوون بە نەتەوەیەکی دیموکرات ، ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە . ژنی ئازاد[24] واتای جڤاکێکی ئازاد دەگەیەنێت ، جڤاکی ئازادیش مانای نەتەوەیەکی دیموکرات بەدەستەوەدەدات .**

**لە نەتەوەی دیموکراتدا کلتوور و مێژوو مانای ڕاستەقینەی خۆیان بۆ گەڕێنراوەتەوە کە بۆ جارێکی تر هەوڵی خۆ بنیادنان دەدەنەوە ، واتە سەرلەنوێ زیندووبوونەوە سەرهەڵدەدات . بەیەکگەیشتنی هەر گەلێکیش لەگەڵ کلتور و مێژووە ڕەسەنەکەی خۆی مانای خۆ بنیادنان دەگەیەنێت بۆ بوون بە نەتەوەیەکی دیموکرات ، لەتەك ئەوەشدا نەتەوەی دیموکرات بەرامبەر بە یاسا و بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی دەستوور وریایە ، لێرەشەوە سیستەمی ئابووری نەتەوەی دیموکراتیك ئەرکەکەی تەنها بەربەستکردن و وەستاندنی پاوانخوازی نیە ، بەڵکو سەرلەنوێ کۆنترۆڵی ئابووری بۆ جڤاك دەگەڕێنێتەوە ، خۆسەری ئابووری کە ئۆج ئالان ئاماژەی بۆ دەکات ، خۆی نزمترین ئاستی ڕێککەوتنە کە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەدا ڕوودەدات ، لەتەك ئەوەشدا دەستبەردان لە خۆسەری ئابووری مانای رادەستبوون بە دەوڵەت و نەتەوەی دەسەڵاتدار دەگەیەنێت ، بۆئەمەش داگیرکاری ئابووری یەکێکە لەهەرە داگیرکاریە مەترسیدارەکان لە نەتەوەی دیموکراتدا ، کە بۆ دۆخە داپلۆسێنەرەکەی دەگەڕێنێتەوە ، کەواتە نەتەوەی دیموکراتیك کە بەها ڕاستەقینەکانی خۆی بۆ گەڕاوەتەوە ئەوا واتای نەتەوەیەکی تەندروستیش دەگەیەنێت بەسەرجەم پرنسیپە ئابووری و سیاسی کۆمەڵایەتیەکانیەوە دوور لە پاوانخوازی دەسەڵات و سەرمایەداری** (ئۆج ئالان ، پ5، 2011 . ل504-513) .

[24]- ئۆج ئالان لێرەدا زیاتر وەك ئەندامی رەوتی فیمینیزمی رادیکالانە دەردەکەوێت ، کە ئازادبوونی ژنی بە ئامانج گرتووە بۆ بوون بە نەتەوەیەکی دیموکرات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەسکی یەکەم " دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی

دەوڵەت دیاردەیەکی بەرفراوانەو گشت چەمکەکانی هزر و دادپەروەری و دەسەڵاتی سیاسی و دەستوور و تەنانەت خودی بنەما مۆڕاڵیەکان و ئایینیش لە چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە . دەوڵەت تایبەتمەندیەکانی جڤاك سەقامگیردەکات و ڕەوایەتی دەدات بە پەیووەندیە کۆمەڵایەتی و ئەزموونیەکان ، لەتەك ئەوەشدا پەیووەندیەکانی خودی خۆی لەگەڵ جڤاکدا لەڕێگای سەپاندنی ئاکارە یاساییەکانەوە ڕێکدەخات و بە ئاشکرا بوونی خۆی دەناسێنێت (نیرا چاندۆك ، 2014 . ل83) . دەوڵەت بریتییە لە دەسەڵاتێکی ڕەها و سەربەخۆ پەیووەست بە بەهاکانی جڤاك ، کە پەیووەندی بەسەرجەم کایەکانی ژیانی جڤاکەوە هەیە (https: 2015 , Pp22) . دەوڵەت لە ئەنجامی گەشەبوونێکەوە سەرهەڵدەدات کە لە کاتی ئێستادا ڕوویداوە ، واتە سەرهەڵدانی پەیووەستە بە گۆڕانکاری لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ، بۆ ئەمەش نابێت بەتەنها پشت بە هێز ببەستێت ، بەڵکو پێویستە پشت بە تەواوی لایەنەکانی تری وەك پەروەردەیی و دادپەروەری و.....هتد ببەستێت . دەوڵەت وەك ئاخێزگەیەك پێویستە زەرورەتی بۆ پاراستنی سیستەم و یاساکان هەبێت و بەرژەوەندی گشتی بکاتە ئاخێزگەی کارەکانی ( https: 2015 , Pp14) .

سیسرۆن[25] فەیلەسوفێکی ڕۆمییە و پێیوایە کە دەوڵەت بریتییە لە بەرژەوەندی هاوبەشی گەل ، لەتەك ئەوەشدا دیاردەیەکە دوور لە بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی تاك و گروپە جۆراوجۆرە پاوانخوازەکان ، لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا ئافرێنراوە و کاردەکات ، سەرەڕای سنوورێکی دیاریکراو کە ئاوی و وشکانی و ئاسمانیش دەگرێتەخۆی ، پابەند بەمەشەوە هەبوونی دەستووری تایبەت بە جڤاکی ئەو دەوڵەتە خۆی کە لایەنی ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجی و ژینگەیی و ....هتد دەگرێتەوە ، گرنگترین شتیش لەناویدا بریتییە لە گەل ، گەلیش مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی دەوڵەت ، ئەگەر بوونی گەل لەسەرەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانەوە هەبوو ئەوا بەرژەوەندی گشتیش بوونی هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ، بۆئەمەش سیسرۆن گەل وەك توخمی یەکەمی هەموو پرنسیپە سەرەکیەکانی دەوڵەت لەقەڵەم دەدات (Lawrence, 1946, Pp84,87) .

---

[25]- سیسرۆن ، دەوڵەتی بە هۆکارە غەریزەییەکانی مرۆڤەوە بەستبۆوە ، بۆئەمەش پێیوابوو کە دەوڵەت وێنەدانەوەی سروشتە و یاساکانی لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە هزر و ئەندێشەکانی هزرڤانانی یۆنانی نزیك دەکردەوە ، لەتەك ئەوەشدا سیسرۆن بانگەشەی بۆ دەوڵەتێك دەکرد کە پەیڕەوی لە یاساکانی سروشت بکات ، چونکە دەوڵەت خۆی لە یاساکانی سروشتەوە وێنەی پێدراوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داڤید هیوم[26] کە فەیلەسووفێکی ئەزموونگەراییە ، بە پشت بەستن بە پەیمانی کۆمەڵایەتی فەیلەسووفانی بەر لەخۆی ، جیاوازی لەنێوان جڤاك و حکومەتدا دەکات و جڤاك وەك پێدراوێکی جەوهەری ناوزەند دەکات ، لەمەشەوە پێوایە کە دەوڵەت پێویستە هاوسەنگی ڕابگرێت ، واتە ڕێگە نەدات ژیانی کۆمەڵایەتی بشێوێنرێت (د. مەهدی مەحفوز، 2013. ل251) . لەم پێوەدانگەیشەوە فەیلەسووفانی بەر لە داڤید هیومیش بە پشت بەستن بە پەیمانی کۆمەڵایەتی هزرینەکانیان ئاراستەی دەوڵەت کردووە ، پابەند بەم بابەتەش زیاتر جەختیان لەسەر یاسای سروشتی کردۆتەوە لەمەڕ ئافراندنی دەسەڵات و دەوڵەتدا . لەتەك ئەمەشدا هەر تاکێك هەوڵدەدات ڕێز لە یاسا و زەوی ئەوانی تر بگرێت ، ئەمەش بەهۆی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەی کە لە بنەڕەتەوە لەنێوانیاندا بوونی هەیە ، ئەمەش بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لەبەرژەوەندی گشتیە (The philosophy,2004, Pp51,53) .

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ، هیگڵ بە پشت بەستن بە دیالێکتیك دەوڵەت بە ڕۆحی جیهان ناوزەند دەکات ، کە پێیوایە بەردەوام لە گەشەکردن دایە و لەمێژوو دانابڕێت ، لەمەشەوە تەواوی سەروەریەکان بۆ دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە ، چونکە خودی دەوڵەت خۆی لە یاساوە سەرچاوەدەگرێ و یاساکانیش لەناو ئەوەوە دەردەچن ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەوڵەت خاوەنی سەرجەم بەها مرۆییەکانە و هۆکاری ئیرادەی مرۆڤەکانە لە جڤاکدا ، هەروەها لەسەرووی هەموو یاساکانەوەیە تەنها یاساکانی خۆی نەبێت کە لەسایەیدا بۆتە کارەکتەرێکی سەرەکی یاسا و ئیرادە مرۆییەکان ، چونکە خودی دەوڵەت لەمێژوودا ڕەهایە و هەموو ئیرادە مرۆییەکان و سەروەرییەکانی مرۆڤ لە ئەودا بەرجەستە دەبن (د. مەهدی مەحفوز، 2013. ل300-304) .

ئۆج ئالان پەیووەست بە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی ، دەوڵەت وەك دیاردەیەکی جیاوازتر لە دەسەڵات دەبینێت ، لەتەك ئەوەشدا کە خودی دەوڵەت پشت بە دەسەڵات دەبەستێت ، بەڵام سیفەتی پشت پێبەستنەکەی بەشێوەیەکی جیاوازترە وەك لەچۆنیەتی شێوەگرتنەکەی . پابەند بەم تێڕوانینە سیاسییەش بەڵگەی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە لە ئاخێزگەدا چەند ناوەندێکی دەسەڵات لەگەڵ یەکتریدا کۆنتراکت دەکەن ، لەتەك ئەوەشدا هۆکاری قازانجی زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت بوون بکەنە ئامانجێکی بەهێزی خۆیان ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەوڵەت وەك قازانجێکی هاوبەشی نیوان خۆیان دەبینن کە تێیدا چەندین ناوەندی دەسەڵاتی جیاواز بوونی هەیە . شەڕو ململانێی نیوان ناوەندەکانی دەسەڵات لێرەدا دێت ئاراوە بەهۆی چۆنیەتی و چەندێتی قازانجەوە ، بۆئەمەش

---

[26]- داڤید هیوم ، فەیلەسووفێکی ئەزمونگەرا ، بەدیدی ئەم جڤاکی مرۆڤایەتی لەسەر هەست و سۆز وەستاوە ، تۆکمەکردنیشی بۆ ئەزموونی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە ، لەتەك ئەوەشدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکاتەوە ، واتە بەپێچەوانەی هۆبز ، چونکە لەلای هیوم پەیمانی کۆمەڵایەتی کاتیە و مرۆڤ ناتوانێت پێداویستیەکانی خۆی بە مسۆگەری تێدا دابینبکات ، لەتەك ئەوەشدا دەسەڵاتی ئایینیشی بەهەڵە ناوزەند دەکرد ، بۆ ئەمەش بنەمای ئاکارەکانی حکومەت لەسەر پرنسیپە ئەخلاقیەکان بنیاددەنێ .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرژەوەندی گشتی و قازانجی دەوڵەت دەکرێتە پاوان و هەریەك لە ڕوانگەی خۆیەوە بەرگری لێدەکات . پابەند بەمەش ئەگەر دۆخێك بهێنرێتە ئاراوە کە بۆ بەرژەوەندی و قازانجی دەوڵەت مەترسیداربێت ئەوا ناوەندی تری دەسەلآت لەم ناوەدا زیت دەبنەوە و دەکەونە زیتەڵەییەوە ، ئەمەش لە خۆرهەلآتی ناویندا و بەدرێژایی مێژوو وارسکاوە و بەردەوامی هەبووە و ناکۆتابووە ئەزموونەکەی . ئۆج ئالان پەیووەست بەم بابەتەوە بەڵگەیەکی تر دەخاتە بەردەست کە شیاوی نکۆڵیلێکردن نیە ، ئەم بەڵگەیەش خۆی لە سنوور و نیشتمانی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەبینێتەوە ، کە جڤاکی مرۆڤایەتی تائێستا نەیتوانیووە بە درووستی ئاماژەی بۆ بکات ، لەتەك ئەوەشدا نەیتوانیووە پابەند بە مێژووەکەی خۆی سنوورەکانی خۆی وەك دەوڵەتی نەتەوەیی دەستنیشان بکات ، هۆکارەکەشی پەیووەستە بە سروشتی کلتووری مرۆڤ خۆی ، واتە لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت سنوور بۆ موڵکایەتی و زەوی دیاریبکان ، هەروەها دەتوانێت سنووری جڤاك دیاریبکات بەهۆی دیاریکردنی پارچەیەك خاك ، ئەمەش کاتێك گوزارشت لە نیشتمان دەکات کە ئەو شوێنە لەگەڵ کلتووری ماددی و مەعنەوی ئەو جڤاکەدا بگونجێت . نیشتەجێبوونیش لەو شوێنەدا بۆ کاتێکی زۆر گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکات ، لێرەشەوە نیشتمان دەبێتە پێویستیەکی دەستلێبەرنەدراو بۆ جڤاك . ئەگەر لێرەدا دەوڵەتی نەتەوەیی و سەرمایەداری شان بەشانی یەکتر هەنگاو بنێن و تێکەڵ بەیەکتری ببن ، ئەوا جڤاك یاخود نیشتمان دەکەنە گۆڕەپانی ئەزموونگەرایی خۆیان ، لەمەشەوە زمان و کلتووری جیاواز دەسەپێنرێت کە ئۆج ئالان بە زمان و کلتووری هۆمۆژەن ناوزەندی دەکات . لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەوڵەتی نەتەوەیی شانبەشانی میلیگەرایی کە خۆیان کردووە بە خاوەنی سەرجەم ئامرازەکانی ئەمن و ئاسایش ئەوا لەهەمان کاتیشدا سەرمایەی زانستی سۆسیۆلۆجیان کردۆتە دیلی خۆیان .

دەوڵەتی نەتەوەیی بەدیدی ئۆج ئالان پەیووەست نیە بەشێوەیەکی ئاسایی دەسەلآتەوە ، چونکە ماناکەی زۆر لەوە فراوانترە کە بە یەکێك لە شێوەکانی دەسەلآت بیبەستینەوە ، بەڵکو ماناکەی بەرزترین شێوە و ئاستی دەسەلآت تێپەڕدەکات ، بۆئەمەش لە دەسەلآتی فاشیزمدا سەرجەمی کلتوور و زمان و پێکهاتە سیاسیەکەی ، تەنانەت هزر و بۆچوونە ئێتنیکیەکانیشی لەبەردەم هەڕەشەیەکی مەزندا بوون . لەم پێوەدانگەیشەوە دەوڵەتی نەتەوەیی وەك جڤاکێکی ئەخلاقی و سیاسی داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە خۆی وەك دەوڵەتێکی یاسا نمایشبکات ، لەمەشەوە خۆی وەك دۆخێك دەنوێنێت کە ئەمە بۆیەکەمین جاریەتی کە یاساکانی تێدا بەرهەم هێنراون ، لەتەك ئەوەشدا هیچ تاکێك ناتوانێت نکۆڵی لە وەها جڤاکیك بکات کە خۆی وەك جڤاکێکی ئەخلاقی و سیاسی وەدەرخستووە (ئۆج ئالان ، پ4، ل259-267 ، 83-84) .

دەوڵەت و نەتەوە وەك کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیك لە سەردەمی مۆدێرنەدا ، لە دیدی ئۆج ئالاندا بریتییە لە شێوەیەکی چالاکی و پراکتیکی بۆ پاوانکردن و دەستبەسەرداگرتنی جڤاك لەلایەن سەرمایەداریەوە ، کە لێرەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی نەتەوەیی وەك شێوە و فۆرمی دەسەلأت بەرزدەبێتەوە و خۆی واتادار دەكات ، هەڵبەت ئەمە لەكاتێكدایە كە لیبرالیزم خۆی وەك ئامانجی گشتێتی و بەرژەوەندی گشتی جڤاك خۆی پێشكەش دەكات لەسەر شانۆی دەسەلأت . بۆ ئەمەش فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی مەرج بووە بۆ داگیركاری جڤاك هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەشدا ، لەمەشەوە چارەسەركردن و شیكاركردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەتوانراوە بە ئاسانی بە ئەنجامی خۆی بگات . لە دیدگای ئۆج ئالاندا دەگەین بەو تێگەیەی كە پێویستە بەر لە هەر شتێك دەوڵەتی نەتەوەیی وەك مەزنترین فۆرمی دەسەلأت ئاماژە پێبكەین . لێرەدا بۆ ڕاستكردنەوەی چەمكی دەوڵەتی نەتەوەیی دەشێ بووترێت نەتەوەی دەوڵەت ، كە ئەمە بەدرێژایی مێژووی ناوین ئاواكراوە و بەردەوامی هەیە ، چونكە دەوڵەتی نەتەوەیی تا ئێستا جگە لە پاوانكردنی سەرتاسەری جڤاك هیچ مانایەكی تر نادات بەدەستەوە . بەدیدی ئۆج ئالان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا یاخود لە (دەوڵەت-نەتەوە)دا كۆلۆنیالیزم و مۆنۆپۆڵی و ئیندۆستریالیزم و ئیكۆنۆمیزم بەردەوام لە دۆخی ڕێككەوتندا بوون لەگەڵ مۆنۆپۆلی دەسەلأتدا . ئۆج ئالان لێرەدا ڕەخنەیەك ئاراستەی فرناند براودل[27] دەكات كە لەیەكێك لە دەقەكانیدا و پابەند بە دەسەلأت و سەرمایە ئاماژەی پێكردووە ، براودل دەڵێت "دەسەلأتیش شتێكە كە وەكو سەرمایە دەتوانرێت كەڵەكە بكرێت" ، بەلأم لێرەدا ئۆج ئالان ئەمە ڕەتدەكاتەوە كە دەسەلأت وەكو سەرمایە بتوانرێت كەڵەكە بكرێت ، هەروەها پێشیوایە كە براودل هیچ ئاگادارنیە لەوەی كە بەهەڵەداچووە ، چونكە گەیشتن بە یەكێتی نێوان سەرمایە و دەسەلأت تاڕادەیەك مەحاڵە ، دەكرێت بوترێت كە دەسەلأت بەهەمان دۆخی سەرمایەیەكی هۆمۆژەن گەیشتووە كە ئەمە بەدرێژایی مێژوو كەڵەكە كراوە .

دەوڵەتی نەتەوەیی لەمێژوودا وەك یەك پێگە تەواوی پاوانخوازیەكانی دەسەلأت و سەرمایەی لە چوارچێوەی خۆیدا كۆكردۆتەوە و كردوویەتی بە یەك جەستە ، لەمەشەوە مەزنترین و تایبەتترین ڕێكخستنی سەرمایە لەڕێگەی یەكانەیی دەوڵەت-نەتەوە وە وەگەڕدەخرێت و بەرنامەڕێژی تایبەت بەخۆی بۆ دەكرێت ، پەیووەست بەمەش بەبێ دابڕاندنی یەكانەیی دەوڵەت-نەتەوە لە فۆڕمە مێژووییەكەی ناتوانرێت ڕوونكردنەوەی تەواوەتی بۆ بكرێت ، چونكە هۆكاری كەڵەكەبوون لێرەدا لە ئارادایە ، كە ئەویش دەسەلأتە .
لە گریمانە فەلسەفی و مێژووییەكانی سەدەی ناوەڕاستیشدا زاراوەی دەوڵەت-نەتەوە بووەتە یەكانەیەك و بە

-27 براودل ، هۆكارە مێژووییەكانی ڕەتدەكردەوە و پێوابوو كە تەواوبوونی زانینەكانی هۆش دەردەخات ، تا ڕادەیەك فكرەی مركسیزمی بەسەرەوە بوو بەتایبەتی فكرەی ماتریالیستی ماركسی ، براودل لەو باوەڕەدا بوو كە سەرمایەش وەك دەسەلأت تاونای كەڵەكەكردن و مۆنۆپۆڵكردنی هەیە ، لێرەدا ئۆج ئالان دەیەوێت ڕەخنە لەو بۆچوونەی براودل بگرێت ، بەلأم لەو ڕەخنەیەیدا پەیووەست بە براودل ئۆج ئالان بەبێ ڕوانینە قۆرخكردنی دەسەلأت و بەزۆر خۆسەپاندنی دەسەلأت لە ئێستادا بەتایبەتی لە ڕۆژهەلأتی ناویندا بووەتە كلتوورێك ڕەخنەكەی خۆی ئاراستە كردووە ، نمونەش بۆ ئەمە ولأتی ئێرانە كە چەندین ساڵە لەڕوانگەیەكی ئایینیەوە دەسەلأتیان كەڵەكە كردووە ، هەر تەنیا خۆشیان یاسا دەركەر و بگۆڕی دەستوورن .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاراوەیەکی ئیلاهیی بارکراوە ، ئەمەش لەکاتی ڕێوڕەسمە پیرۆزەکاندا بە ئاشکرا خۆی نمایش دەکات ، کە لەهیچ سەردەمێکی مێژوویی دۆخێکی وەها نەئافرێنراوە و پەیووەست نەبووە بەم بابەتەوە . هۆکاری گەیاندنی دەوڵەتیش بەو پایە ئیلاهییە ، پەیووەستە بە تایبەتمەندێتی بیرۆکراسیەوە ، تەنانەت لێرەشەوە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری هەوڵی ئەوەدەدات کە لەهەموویان زیاتر هەڵوەستە لەسەر دەوڵەت-نەتەوە بکاتەوە ، ئەم بابەتەش بە ئەندازەیەك نمایشدەکات کە لەهیچ سەردەمێکی مۆدێرنیتەی تردا ئاوانەکراوە .

کەواتە دەوڵەت-نەتەوە لە دیدگای ئۆج ئالاندا ، بریتییە لە سیفەتی هاوبەشی جڤاك بەسەرجەم توێژەکانیەوە ، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی جڤاك دەکات و قۆناغی مۆنۆپۆڵی سەرمایەداری تێپەڕاندووە و گەیەنراوەتەوە بە حەقیقەتی خۆی ، کە لەمرۆدا چەمکی دەوڵەت-نەتەوە لەلایەك بووەتە هۆکاری ئەوەی کە جڤاك بە پاوانی دەسەڵات هەژماربکرێت ، لەلایەکی تریشەوە بە سەرچاوە تیۆلۆژیەکانەوە بەستراوەتەوە ، کە بە سیفەتی نەریتی پێش لە مۆدێرنیتەی دەسەڵات و سەرمایە دەگرێت ، لەتەك ئەوەشدا بۆ ڕوونکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوە گەرەکە لە فۆرمە مێژووییەکەی دابرێنرێت کە بووەتە فۆرمو شێوەی کۆلۆنی دەسەڵات بەشێوەیەکی کەڵەکەبوو (ئۆج ئالان ، پ3، 2010. ل 245-257) .

لە تەواوی دیدگا هزرینیەکانی ئۆج ئالاندا ، دەتوانین پێناسەیەك پەیووەست بە دەوڵەت-نەتەوە هەڵبگۆزێنین ، کە پێیوایە دەوڵەت-نەتەوە بریتییە لەو دەوڵەتەی کە تەنیا لەیەك نەتەوە پێکهاتووە ، گشت ئەندامانی ئەو نەتەوەیەش لەتەك ئاینی خۆپەرستی(نەتەوەپەرستی)یەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تێکەڵ بەیەکتری دەبن ، ئەمەش بەشێوەی یەکایەتی خۆی دەردەخات ، ئەمەش جیاوازە لە دەوڵەتی خانەدان و سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتی ، چونکە هەریەك لەمانە جۆرە پێناسەیەکی تایبەت بەخۆیان هەڵدەگرن .دەوڵەت گەرەکە ڕێز لە ئازادی و مافەکانی تاك بگرێت ، تاکیش بەهەمان شێوە گەرەکە پابەندی یاساکان بێت (ئۆج ئالان ، پ2، 2009 . ل224-225) .

لە دەوڵەتی نەتەوەییدا و لە دیدگای ئۆج ئالاندا دەتوانین چەند گۆتەیەك پەیووەست بە نەتەوەی دیموکراتیك هەڵبگۆزێنین . دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا کە ئامانجی سەرەکی نەتەوەیە ، کە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا خۆی وەك دروشمێك نمایشدەکات ، ئەوا بۆ خوێناوی بوونی سەردەمەکە بووەتە هۆکارێك و هەروەها بووەتە پرنسیپێکی ململانێ لەنێوان زانست و ئایدیۆلۆژیادا . لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا کە دەوڵەت بە نەتەوەوە لکێنراوە ، هاوکات دەسەڵاتیش لەو ناوەدا خۆی کە بە هەردووکیانەوە لکاندووە ، ئەوا بووەتە هۆکاری سەرەکی کێشەگەلێك کە تەواوی ناوچەکانی تریشی گرتۆتەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین بڵێین کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کێشەگەلێکی مەزنی بەدواخۆیدا هێناوە ئەوا ئاخێزگەکەی خۆی لە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەییەوە نمایشدەکات ، هەرئەمەش بووەتە هۆکاری جیاوازیەکەی لەگەڵ دەوڵەتی دەسپۆتیزم کە ئاخێزگەکەی لە چینی خانەدانەکانەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوەدەگرێ ، لەتەك ئەوەشدا كە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بووەتە بابەتێكی فرە ئاڵۆز پەیووەست بە زانستی سۆسیۆلۆجیەوە كە كێشەكانی مەزن كردوون و بەرەو پێواژۆی ناچارەسەری بردوون . دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بەهەمان شێوەی مۆنۆپۆڵی ئابووری ئەویش چەمكی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆخۆی هەڵگرتووە ، لەتەك ئەوەشدا كارە گرنگەكەی بووەتە چەوساندنەوە و سەركوتكردن . نەتەوەی دیموكرات نەك تەنیا خۆی بەڵكو تەواوی كلتوور و ئەزموونەكانی لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە سنووردار كراون و بەڕێوەدەبردرێن ، بۆئەمەش زمانیش ئەوەندی كلتوور ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت پەیووەست بە نەتەوەبوون . لە ئاخێزگەدا نەتەوەی دیموكرات گەرەكە كەمترین نەخۆشی بەخۆیەوە ببینێت ، واتە دەسەلاَت تێیدا بە سەرمایەوە نەلكێنراوە و سەرجەمی تاكەكان تێیدا ئازادن لە چۆنیەتی ژیانكردن و كاركردندا ، بەلاَم لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بووەتە هۆكاری پارچە پارچەكردنی پەیووەندیە كۆمەلاَیەتیەكان و مۆدیلی نەتەوەی دیموكراتی بەرزكردۆتەوە كە كێشە ئافرێنە .

ئۆج ئالان چۆنیەتی جیاوازی و چۆنیەتی ڕێكخستن بە كێشەی سەرەكی نێوان خۆبەڕێوەبردنی دیموكراتیانە و دەوڵەت و دەسەلاَت دەزانێت ، بەلاَم ئەو واقیعیەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری كە لەمڕۆدا دەبینرێت ئەوا وەك شۆڕشێك لە دژی جڤاك سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە ، لەتەك ئەوەشدا بووەتە هۆكاری دەسەلاَتپەرستی و بەهێزبوونی خودی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان ڕیفۆرم و شۆڕش وەك میتۆدی چارەسەری ئەم ڕەوشە پێشنیاردەكات ، كە شوڕش ڕووخاندنی بونیادەكانی دەسەلاَتی دەوڵەتی نەتەوەیی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە بنەما دەگرێت ، ئەوا ڕیفۆرمیش لەم پیچوەدانگەیەوە هەڵدەستێ بە ئافراندنی داهاتوویەكی ئەرێنی و ئافراندنی ڕەوشێكی دژ بە دەسەلاَتی دەسپۆتیزمی (ئۆج ئالان، پ5، 2011 . ل46-51) .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووەم " ئاراستەکانی ( ئیکۆمۆنیزم ، ئیندوستریالیزم و ئیکۆلۆژی ) لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

چەمکی ئابووری(ئیکۆنۆمی) لەتەك چەمکی پیشەسازی(ئیندوستریال) و ژینگەپارێزی(ئیکۆلۆژی)دا بوونەتە بابەتێك لەمرۆژگارەدا کە بابەتگەلێگ لەخۆدەگرن لەڕووی سیاسی و کۆمەلأیەتی و تەنانەت دەولەت و دەسەلأتیش . ئەو شتە ماددیانەی کە تاك بەشێوەیەکی تایبەتی و جڤاك بەشێوەیەکی گشتی بوونەتە ئاسارێکی لەمێژینە و بەدەستی دەسەلأتەوە گیریان خواردووە ، لەتەك ئەمەشدا جڤاك بەسەرجەم تاکەکانیەوە هەلۆەدای بەدەستهێنانیەتی ، ئەمەش لەکاتێکدا کە دەتوانرێت هەر تاکێك مافەکانی خۆی پێ بدرێت و بەشی خۆی پێشکەش بکرێت . ئەو شتە مادییانەش پەیووەستن بە کۆمەڵ و ناتوانرێت بەتەنها سوودیان لێ ببینرێت ، هەموو ئەو تایبەتمەندیانەش لە پرۆژە هەرەوەزییەکاندا دەبینرێن ، ئەم پرۆژەیەش دەتوانرێت لە هزرینەکانی کیبووتسدا ئاماژەی بۆ بکرێت کە تا ئێستاش ئەم پرۆژەیە بەردەوامی هەیە . لە کاتێکدا کە تێگەی یەکسانی کاریگەری لەسەر بزاڤی مرۆڤ داناوە دژی کۆیلایەتی و نادادپەروەری بەتایبەتی لە قۆناغی سۆسیال دیموکراتدا ، ئەوا کاریگەری ئەوەشی لەسەر مرۆڤ داناوە کە یەکسانی ماددی هۆکاری سەرەکیە تاوەکو جیاوازیەکان نەهێڵێت هەرچەندە ئەم جۆرە بیرۆکەیە زیاتر لە مرۆڤانێك نزیکە کە بە چەپی دۆگما ناوزەند دەکرێن ، چونکە ئەم جۆرە بیرۆکەیە لە چەپی نادیموکراتدا تاك وەلادەنێ و بەئاسانیش ناتوانێ گوزارشت لە جیاوازی گەشەکردنی لایەنی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و فەرهەنگی و کلتووریدا بکات ، کەواتە لێرەدا جیاوازیکردنی لایەنی ئابووری و پیشەسازی هەروا کارێکی ئاسان نابیت نە بەپێی بارودۆخە سیاسییەکان و نە بەپێی لایەنی ژینگەیی (مامۆستا جەعفەر، 2007. ل50-51) .

ژینگە(ئیکۆلۆژی) واتایەکی بەرفراوان لەخۆدەگرێ ، گوزارشت لە زانستێکی بەربلأو دەکات و کە پەیووەستە بە پاراستنی مرۆڤ و دەوروبەر ، سەرجەمی بارودۆخە بایۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و سروشتی و نەریتی و سایکۆلۆژی و سیاسیەکان لە چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە ، بەتایبەتی سەرجەم ئەو فاکتەرانەی پەیووەستن بە ژیانی مرۆڤەوە . ئەرستۆ یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە بە ئاشکرا گوزارشتی لە هۆکارە سروشتی و جوگرافیەکان کردووە ، ئەو پێیوایە کە هۆکارە سروشتی و جوگرافیەکان کاریگەریەکی تەواو لەسەر ژیانی مرۆڤ دادەنێن بەتایبەتی لەلایەنی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆژیەوە . مرۆڤ یەکێکە لەو بوونەوەرانەی گەرەکە پابەندی ژینگەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی بێت ، بەلام لەمڕۆدا زالدەستی خۆی بەسەر سروشت و دەوروبەری خۆیدا کردووە ، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی چەندین ئاکاری جۆراو جۆری مادده خۆراکیەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی لایەنەکانی تری پیشەسازیەوە کە ڕۆژانە بەکاریدەبات (د.مەنوچێهر موحسنی ، 2002 . ل90-92) .

گۆڕانکارییە ئابووریەکان کە لەمڕۆدا وەك جیهانگیریەك سەرهەلدەدەن و هەولی ئەوە دەدەن کە تاك بکەن بە هاولاتیەکی جیهانی(کۆسمۆپۆلیتی) ئەوا جەوهەری خۆی لەناو دیموکراسیدا دەبینێتەوە . لەتەك ئەوەشدا گەر بمانەوێت باس لە کۆسپە سۆسیۆلۆجیەکان بکەین کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیووەندی بە نەشونمای ئیکۆنۆمیەوە هەیە ، ئەوا هۆکاری نەشونمای نەتەوەش دێتە پال باسەکەوە ، لەلایەکی ترەوە پەرەسەندنی ئابووریش لەخۆدەگرێ کە پەیووەستە بەتەواوی بونیادەکانی جڤاکەوە کە ڕۆلیان هەیە لە چۆنیەتی بەرهەمهێناندا . دیموکراسیش لەمڕۆدا بۆتە بزاڤێکی ئابووری ، خۆی زیت کردۆتەوە و ڕوو لە گەشەکردنە . کاتێك جڤاك تووشی بارگرژی ئابووری هات ئەوا هۆکارەکەی لە خراپی چاکسازی ئابووریدا نابینرێتەوە ، بەلکو هۆکارەکە ئەوەیە کە دەولەت و جڤاك بەهۆی ناتەواوی خۆیان توانای خۆ گونجاندنیان نییە لەگەل هەلومەرجە ئابووری و سیاسییەکان (سامی شۆڕش ، 2006 . 92-93) .

ململانێی نێوان پەیووەندیە ئابووری و سۆسیۆلۆجیەکان لەتەك ئەو جۆرە مۆدێرنیتەی بەرهەمهێنان ، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەلایەتیەکان لەلایەك و زانست و تەکنەلۆژیا و ئیکۆنۆمیەوە هاتۆتە ئاراوە ، بووەتە هۆکاری ململانێی نێوان چینەکان لە جڤاکدا ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین بلێین کە جۆرە ململانێیەکی لەنێوان چینی بەرهەمهێنەران و چینی دەسەلاتدا دروستکردووە بەدرێژایی مێژووی ناوین ئەزموونەکەی ناکۆتا بووە .

کارل مارکس [28] بەجۆرێك ئاماژەی بۆ دەکات کە بریتییە لە شێوازێکی ناچارەکی ئابووری ، ئەم تێڕوانینە ئابووریەی مارکس لێرەدا خۆی لەدوو مەزەندەدا دەبینێتەوە کە پەیووەستن بەیەکتریەوە و وەك یەکایەتیەك وانە ، مەزەندەی یەکەم کە پەیووەستە بە ئابووری و هۆکارەکەشی نەشونمای جڤاك و تایبەتمەندیە سۆسیۆلۆجیەکانی جڤاك دەگرێتەوە کە بەرهەمهێنەرن ، ئەم بەرهەمهێنانەش لەژێر ناونیشانی پیشەسازی(ئیندۆستریالیزم)دا خۆی

---

[28]- کارل مارکس ، بە وەرگرتنی دیالێکتیکی ئایدیایی هیگل و سەرەوژێرکردنەوەی بۆ دیالێکتیکی ماتریالیستی ، بنەمای ئابووری کردە نهۆمی یەکەمی هەموو بوار سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی تر ، لەتەك ئەوەشدا بە بنەمای سەرەکی ناوزەند دەکرد ، هەر گۆڕانکاریەکیش لە ئابووریدا بریتییە لە گۆڕانکاری لە بوارەکانی تردا ، واتە بنەمای ئابووری ڕۆلی یەکەمە لەبەرامبەر سیاسەت و بنەماکانی تردا ، بۆئەمەش زۆر گرنگی بەلایەنی ئابووری دەدا و بە پێداویستی سەرەکی ولاتی دادەنا بۆ بەرەوپێش بردن .



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

نمایش دەكات و دەبێتە سەرخانی جڤاك و تەواوی سیستەماتیكە ئیكۆنۆمی و یاسایی و مۆڕاڵی و تەنانەت دەسەڵات و سیاسەتیش ئاماژە پێدەكات . مەزەندەی دووەم كە لە ئەنجامی مەزەندەی یەكەمەوە دەكەوێتەوە ، ڕوودەكاتە گۆڕانكاری بەهەموو پرنسیپەكانیەوە تەنیا لایەنی یاسا ناگرێتەوە ، ئەمەش لەلای ماركس كە بە پرۆسەیەكی دیالێكتیكی ناوزەندكراوە سێ قۆناغ دەبڕێت : تێز- دژەتێز- كۆتێز ، كە لە دیالێكتیكیەكەی هێگڵەوە سەرچاوە دەگرێ ، هەموو ئەم گۆڕانكاریانەش پرنسیپەكانی ژیان لەخۆدەگرن بۆ جڤاك بەشێوەیەكی گشتی ( Munch, 2003.Pp114-116) .

شۆڕشی پیشەسازی كە لە سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵدا ، پەیووەست بە دامودەزگا و شێوازەكانی بەرهەمهێنان ، بووە هۆكاری مۆنۆپۆڵی و سەرمایەی كردە هێزێك كە ژیانی هەزارەها كرێكار بەخۆیەوە گرێبدات ، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیدا كۆچەری لە گوندەكانەوە بەرەو شار سەریهەڵدا ، لەم پێوەدانگەیشەوە سیستەمی كشتوكاڵ خرایە قۆناغێكی لاوازەوە . سۆسیالیستەكان بەر لەسەرهەڵدانی سەدەی نۆزدە پێداگریان لەسەر بارودۆخی كرێكاران دەكردەوە ، پێداگریان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە پێویستە دەوڵەت ڕۆڵی سەرەكی ببینێت لە ژیانی ئابووری كرێكاراندا ، لەمەشەوە دەتوانین شۆڕشی پیشەسازی بە شۆڕشێك ناوزەند بكەین كە پەیووەستە بە پەیووەندیە سۆسیۆلۆجی و مرۆڤایەتیەكان . یەكێك لە نووسەرە سۆسیالیستەكانی بەر لە ماركس بەناوی (لویس بلان[29]) كە بە هزرڤانێكی كرداری ناسراوە ، پەیووەست بەم دۆخە ئابووری و پیشەسازیانەی كە چینی كرێكاران تێی كەوتبوون ، نامەیەك بەناوی ڕێكخستنی كارەوە دەنووسێت و تێیدا داوای ئەوە دەكات كە حكومەت پێویستە كارگەیەكی هەرەوەزی بنیادبنێ و سستەمی سۆسیالیستی بەشێوەیەكی گشتگیر جێگیربكات ، لەتەك هەموو ئەوانەشدا بەرنامەیەك بەیووەست بە ژینگە و دەوروبەر بخاتەڕوو كە بەردەوام ڕەوشی ژیان تێكدەدات و بەشێوەیەكی گشتی گوزەرانی مرۆڤەكان بەرەبەرە بەرەو تێكدان دەبات (د. مەهدی مەحفوز، 2013 . ل330) .

بەدیدی كارل ماركس كەپیتالیزمی ئیندۆستریالیزم خۆی لە سیستەمێكی ئابووریدا دەبینێتەوە ، ئەمەش پەیووەست بە بەدەستهێنانی سوود و قازانجی تایبەتی و ململانێی نێوان كارگەكان و چۆنیەتی فرۆشتنی بەرهەمەكانیان ، ئەمەش وایكردووە كە دژبەریەكی مەزن دروستبكات لەنێوان چینە دەوڵەمەندەكاندا و كە

---

[29]- لویس بلان ، پاڵپشتی چینی كرێكاران بوو ، بۆئەمەش بۆگۆتەكانی جێگای ڕەزامەندی سەرجەم كرێكاران بوون ، لەم پێوەدانگەیشەوە توانیان پاڵپشت بە گۆتە و هزرینەكانی لویس بلان چەندین شۆڕشیان پەیووەست بە ئازادی و داواكردنی مافەكانی خۆیان ئاواكرد ، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمینەن و چینی زۆرینەی هەژاراندا ، چونکە لێرەدا چینی کەمینەی دەوڵەمەند سەرچاوە پیشەسازیەکانیان دەستبەسەرداگردووە . مەبەستی مارکس لێرەدا باشکردنی ئابووری وڵاتە بە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی و نەمانی مۆنۆپۆلی چینی سەرمایەداریە (ئەنتۆنی گیدنز، 2005. ل30-34) .

لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا پرسە پیشەسازیەکان بوونەتە کارەکتەری سەرەکی لە چۆنیەتی ئاواکردنی ڕەوشی جڤاکدا ، بۆ ئەمەش شانبەشانی پرسە ئابووریەکان ڕۆڵی داهاتی سەرەکی دەگێڕێت بەدەستی دەسەڵاتەوە ، لەهەمان کاتیشدا بووەتە جێگەی ململانێی نێوان جڤاك و دەسەلآت ، ئەم ململانێیەش بەهۆی ئاواکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوەیە ، لێرەدا تاکی کارکەر ژیانە ئاساییەکەی پێچەوانە بۆتەوە ، واتە چووەتە باری خراپترەوە ، بۆ ئەمەش داواکاری تاك لێرەدا لە کاری ڕەهاوە چووەتە دۆخێکەوە کە مامەڵەی کاتیانە لەگەڵ پیشەکەیدا بکات ، چونکە ئافراندنی دۆخگەلێکی ناهەمواری وەها لەم جۆرە کە بەهۆی ململانێوە ئاواکراوە تاك ڕێگەی لێگیراوە تەنانەت لە داواکردنی مافە ڕەهاکانی خۆیشی (Luccas, 1953. Pp46) . لەتەك ئەوەشدا گەر لێرەدا باس لە بوونی کۆمپانیاکان بکەین لە سەردەمی مۆدێرنەدا وەك چەمکێکی گشتی و پەیووەست بە لایەنە سۆسیۆلۆجیەکانی جڤاکەوە ، ئەوا دەکەوینە بەردەم ڕاستیەکی نکۆڵی لێنەکراو کە تەنانەت جڤاکیش پەلکێشی ئەو ململانێیە کراوە کە بەرەبەرە بەرەو مەترسی هەنگاو دەنێ ، چونکە جڤاکی پیشەسازی لێرەدا بووەتە جڤاکێکی ململانێی نێوان چینەکان (Luxemburg, R. (1976).Pp17) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا لیبرالیزم پێناسەیەکی بۆ ئابوور نەهێشتۆتەوە کە تەواوی لایەنەکانی وەدیاربخات ، لەبەرئەوەی ئابووری لێرەدا پیرۆزکراوە ، ئەوا پێناسەکردنی هەروا کارێکی سانا نیە ، لەمڕۆدا دیاردەگەلێکی دوور لە ئابووریش بەهەمانشێوە بە ئابووری ناوزەند دەکرێت . ئابووری هەرچەند لە ئاخێزگەدا ڕۆڵی جێبەجێکاری پێداویستیەکانی ژیان دەگێڕێت بەتایبەتی لەڕووی ماددیەوە ، ئەوا کاریکردۆتە سەر لایەنی مەعنەوی مرۆڤیش . ئابووری لەمڕۆدا دەتوانرێت لە واتایەکی بەرتسکی بازاڕدا پێناسە بکرێت ، ئەمەش بەهۆی ئاڵوگۆڕی پێداویستیە ماددیەکان کە لەلایەك بووەتە ململانێی نێوان چینەکان ، لەلایەکی تریش لەبری بەکارهێنان ڕوویکردۆتە گۆڕینەوەی بەهاکان ، لەمەشەوە بواری دیموکراتیزەبوونی لەلایەن کەپیتالیزمەوە نەهێشتووە و تەنانەت بێ واتاشی کردووە . بواری ئابووری لێرەدا بەرەو قۆرخکاریەکانی دەسەلآت چووە و بێ ناوەڕۆکی کردووە ، ئەم ڕەوشەش لەژێر دروشمی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەئەنجام گەیشتووە . کەواتە ئابووری لێرەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجۆرێك پێناسە دەكرێت كە پەیووەستە بە چالاكی خودی قۆرخكار ، بەتایبەتی قۆرخكاری سەرمایە .
لەمپێوەدانگیشەوە شێوازی مۆنۆپۆڵی و قازانجی زێدەڕۆییانە پیشەسازی و فینانس ئاواكراوە ، كە خودی خۆی گوزارشتن لە نكۆڵیكردنی ئیكۆنۆمی دەكات ، لەتەك ئەوەشدا گەورەترین كارەسات لەمەوە دەكەوێتەوە . سەردەمی سەردەمی فینانس سەردەمی وێرانكردنی ئابووری جڤاكە ، كە خۆی وەك دڕندەیەك یاخود ئەنتی مرۆڤێك نمایشكردووە . ئۆج ئالان پەیووەست بەم بابەتەوە ئاماژە بە كاهینەكانی سەردەمی مۆدێرنیتەی دیموكراتی دەكات ، كە لەژێر ناوی زانستی ئابووری سیاسییەوە قۆناغی میتۆدۆلۆژی سۆمەریان تێپەڕاندووە و هێزە دەرەكیەكانی جڤاكیان كردووە بە چیرۆكێكی ئەفسانەیی (ئۆج ئالان، پ5، 2011. ل31-33) .
كیشە ئابووریەكان بەدیدی ئۆج ئالان نە پەیووەندیان بە سروشتەوە هەیە و نە پەیووەندیشیان بە ژینگەوە هەیە ، بەڵكو پەیووەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە ، كە بووەتە دڕندەیەك لەناو خودی خۆیدا ، لەم پێوەدانگەیشەوە كێشە ئابووریەكان بەگشتی و بێكاری وەك كێشەیەك لەناویدا مرۆڤی ڕووبەڕووی گرفتگەلێكی زۆر كردۆتەوە ، هەروەها تەنانەت جڤاكیشی ڕووبەڕووی بە سەرمایەكردن كردۆتەوە . لێرەدا ئۆج ئالان ڕەخنە لە ڕۆزا دەگرێت كە سەرمایەداری و نا سەرمایەداری بە یەك شێوەی جڤاك ناوزەند دەكات و پێیوایە كە دەسەلاّتیش شیاوی پاوانخوازیە ، لەمەشەوە هاوشێوەی جڤاك گوزارشتی لێدەكات ، لێرەدا ئۆج ئالان سەرمایەداری بەشێوەیەكی جڤاكی ناچوێنێ و وەك تۆڕێكی ڕێكخستن ناوزەندی دەكات كە تێیدا مافی جڤاك بەرەو تالاّنكردن دەچێت ، لەمەشەوە ئابووری وەك ئەو چۆمەی پێشوو چیتر هاشەی نایەت و وشك دەبێت ، هەموو ئەمەش پابەند بە كۆنتراكتێكەوە بە ئەنجام دەگات كە لەگەڵ دەوڵەت و دەسەلاّتی پاوانخواز لەسەری ڕێككەوتوون ، بێكاریش لەمەوە خۆی زیت دەكاتەوە لەناو تاك بە تاكی جڤاكدا و نەهامەتی بۆ جڤاك دەكاتە زیتەڵەی بەرنامەكانی ، لەم پێوەدانگەیشەوە چینە پێشكەوتووەكانی ئیندۆستریالیزم وەك بازرگانی و پاوانخوازی لەڕێگەی نمایشكردنی پرۆژە جۆراوجۆرەكانەوە ڕۆڵی كاركەریان بچووككردۆتەوەو بێ واتایان كردووە . بۆ چارەسەركردنی ئەمە ئۆج ئالان ئاماژە بە چۆنیەتی بەرنامەڕێژیەك دەكات كە ئامانجی قازانج نەبێت و بەرنامەكان پەیووەست بە بەرهەمهێنان بێت و دوور لە پاوانخوازی و بەرنامەی كەپیتالیزم بێت .
شۆڕشە پیشەسازییەكان كە لەلای ئۆج ئالان بە ئەندازەی شۆڕشی كشتووكاڵ گرنگی خۆی هەیە ، لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا زیانێكی زۆری بە شادەماری سەرچاوەی سەرەكی كشتوكاڵ گەیاندووە ، واتە كشتووكاڵی تووشی داڕووخانێكی گەورە كردۆتەوە و لەمرۆدا چەمكی پیشەسازی بووەتە شێوازێكی شێواندن و چەواشەكاری گەورە ،



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که جیهانی مرۆڤایەتی کردووە بە دۆزەخ . هەموو ئەو ڕەوشەی کە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا لەژێر ناوی پیشەسازیدا ئاواکراوە ڕاستیەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە مرۆڤایەتی خستۆتە بەردەم مەترسیەکی گەورەوە ، بەتایبەتی مۆنۆپۆلی ئیندۆستریالیزم وەك ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی لەسەر سەری جڤاك ئافرێندراووە . ئەو چینانەشی کە لەژێر ناونیشانی هیومانیزمەوە بانگەشەی بەرخۆدان و تێکۆشان دەکەن لەبەرامبەر ئیندۆستریالیزمدا ، ناتوانرێ چاوەڕێی ئەوەیان لێبکرێ کە بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن ، چونکە ئەوانە دابڕاون لە پێگە سۆسیۆلۆجی و چینایەتیەکان . ئەم گروپانە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕووبەڕی بویەرێك ببنەوە کە پێش ئامانجەکانی خۆشیان بکەونەوە ، بویەرگەلێگی وەها لەم شێوەیەش تەنیا بە خزمەتکردنی ئیندۆستریالیزم بەکۆتا دەگات . لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا خاوەن کارەکتەرەکانی پیشەسازی لە هەمان کاتیشدا خاوەن کارەکتەرێکی ئایدیۆلۆژیشن ، لەمڕووەوە پیشەسازی نوێنەرایەتی ترسناکترین پرنسیپەکانی تەکنەلۆژیا دەکات کە پەیووەست بەم چەمکەوە ئەنجامدەدرێ .

ئیکۆلۆژی لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا وەك بابەت بووەتە چەمکێك کە کێشەکانی ئیندۆستریالیم بەبەشێك لەکێشەکانی خۆی دەزانێ ، بەلاّم ئیکۆلۆژی بەپێی بوویەرەکانی جڤاك لە ئیندۆستریالیزم مانادارترە ، چونکە زیاتر لەلایەنی پیشەسازی کێشە سۆسیۆلۆجیەکانی جڤاك بەخۆیەوە گرێدەدات و زانستی دەوروبەرە . زانستی پەرەسەندنی جڤاکە . کێشەی ژینگە کێشەیەکە لە جەنگ واتادارترە ، لەتەك ئەوەشدا بەدیدی ئۆج ئالان کێشەیەك نیە کە جڤاك خودی خۆی ئافراندبێتی وەك ئیندۆستریالیزم ، بەڵکو وەك کێشەیەك لە مێژوودا جێگیر بووە کە جڤاك بەتایبەتی و جیهانیش بەگشتی دەگرێتەوە . کێشەکانی ژینگە لە گشت کێشەکانی تر زیاتر خاوەنی قورساییە پەیووەست بە تۆڕ و ڕێکخراوەکان و قازانج و سەرمایەوە ، لەتەك ئەوەشدا گشت لایەنەکانی تریش کاریگەری بەرچاویان هەیە پەیووەست بە کێشەی ژینگەوە بەتایبەتی لەسەردەمی مۆدێرنەدا . ئۆج ئالان لێرەدا ئاماژە بەو لایەنانەی تریش دەکات وەك بێ سیاسی و بێ مۆڕاڵی و سۆزانیەتی و بێکاری و هەلأوسانی ئابووری ، گشت ئەم لایەنانە بوونەتە هەڕەشەیەکی مەزن و بەردەوام بوونەتە مەترسی بۆ سەر ژینگە و لەناویدا ئاوەردگایەکیان ئافراندووە . ئۆج ئالان پەیووەست بە کارەساتەکانی ژینگە ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر بەهۆی ڕەفتاری هەندێگ گروپ کە لە جڤاکدا خۆیان زیت کردۆتەوە ، بەتایبەتی لایەنی قازانج و سەرمایە کە جڤاکیان کردۆتە شوێنی ڕێکخستنی خۆیان و ئەگەر گۆڕانێکی نوێ و مەترسیدار بەخۆیەوە ببینێ بەهۆی تەکنەلۆژیاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوا لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی سروشتی ، بۆ ئەمەش مەزەندەی ئەوە دەکرێ کە تەواوی ژینگە ڕووبەڕووی قیامەت بکاتەوە .

تێکچوونی هاوسەنگی نێوان جڤاك و ژینگە زیاتر پەیووەستە بە کێشەی سیستەمی شارستانی ، چونکە پەیووەندیە کۆمەلأیەتیەکان بەدرێژایی مێژوو بەشێوەیەکی سروشتی بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا ئاواکراون نەك بۆ نەمانی یەکتر و دارووخانی یەکتر . لەتەك ئەوەشدا ژینگە و جڤاك وەك دوو تایبەتمەندی چەمکێك کار بۆ یەکتری دەکەن لەپێناو مانەوەدا ، بەلأم بەهۆی ئامانجی قازانجەوە ئەو تایبەتمەندیەیان لەدەستدەدەن ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین بڵێین نەمانی ئەو تایبەتمەندیەی کە لەنێوان جڤاك و ژینگەدا نامێنێ دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ژینگەیی کە لەمێژووی کورتی شارستایەتدا ڕوودەدات ، ئەمەش بەر لە ئێستا بوونی هەبووە و دۆخەکەشی هەتا ئێستا هەر بەردەوامە لەسەردەمی مۆدێرنەدا ، چونکە بابەتی قازانج لە تەواوی پێواژۆکانی شارستانیەتدا بووەتە هۆکاری لەناوچوونی سروشت .

لە دیدگای ئۆج ئالاندا دەتوانین ئاماژە بەلایەنێکی تر بکەین پەیووەست بە ژینگەوە ، کە گوزارشت لە چۆنیەتی و چەندێتی جڤاك و ژمارەی دانیشتوان و مەزن بوونی دەکات ، لێرەدا پێی وایە کە مەزن بوونی شار و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بەشێوەیەکی زێدەڕۆییانە ئەگەری وێرانبوونی ژینگەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ، چونکە ژینگە لەتوانایدا نیە بەرگەی بگرێت و توانای بەرهەمهێنانی ئەو ڕێژە زۆرەی نیە و هەروەها خودی ژینگەش لەهەمان کاتیشدا بەرەو پیسبوون پەلکیش دەکات . لە دیدی ئۆج ئالاندا ئەو ڕاستیانەی کە ئاخێزگەی تازەگەری دیموکراتی پێکدێنن ئەوا ژینگە لە سەرجەم ڕووەکانیەوە و لە سەرلەنوێ تازەگەریەکەیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ و شوێن ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ . لەتەك هەموو ئەوانەدا لیبرالیزم لە ئاستەنگە ژینگەییەکاندا کە هەڵدەستێ بە سەرکوتکردنی لایەنە پەیووەندیدارەکەی ، ئەوا لە هەوڵی ئەوەدایە کە تەکنەلۆژیا و پاشماوەکان وەك بەرپرسیاریەك نیشانبدات لە تێکچوونی ژینگەدا ، بەتایبەتی کە لێرەدا زۆر جەخت لەسەر لایەنی سووتەمەنی دەکاتەوە .

کەواتە لەدیدگای ئۆج ئالاندا ئیکۆلۆژیش لەتەك ئیندۆستریالیزم و ئیکۆنۆمیزم ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە لە سەردەمی تازەگەریدا ، بەتایبەتی بەهۆی مۆنۆپۆلی سەرمایە و قازانجەوە کە لەلایەن دەسەلأتی سەرمایەداریەوە ئاوادەکرێ ، ژینگە لە ئەنجامی شۆڕشەکانی تەکنەلۆژیا ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە کە لەژێر ناونیشانی بەرهەمە پیشەسازیەکان ئاواکراوە ، لەم ناوەشدا ئیکۆنۆمیزم ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورە دەگێڕێت لەم وێرانکاریەدا ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەواتە هەریەك لە ئیکۆنۆمیزم و ئیندۆستریالیزم لەسەردەمی مۆدیرنەدا دەبنە دووکێشە لەبەردەم وێرانکاری ئیکۆلۆژیدا کە خودی خۆی بایەخ بە پەیووەندی نێوان ئۆرگانیزمە زیندووەکان و ئیکۆلۆژیەکەیان دەدات (ئۆج ئالان ، پ3، 2010. ل112-123 ، 355-357) .

بەدیدی ئۆج ئالان ، کاتێك پێشەسازی گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت و دەچێتە چوارچێوەی پیشەسازی پەرستیەوە ، ئەوا مانای کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی سەرمایەداری دەبەخشێت ، لەم پێوەدانگەیشەوە گوزارشت لە زۆرترین قازانج و زاڵبوونی خۆی بەسەر واقیعدا دەکات . پەیووەندی نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیندۆستریالیزم پەیووەندیەکی دێرینە و بەیەکەوە بەدرێژای مێژوو هەنگاویان ناوە شانبەشانی یەکتر ، ئەم تێکەڵ بەیکتریبوونەی ئیندۆستریالیزم و دەوڵەتی نەتەوەی بووەتە یاسای زۆرترین قازانج کە ئەمەش بەرهەمی بارودۆخی فاشیزم و پیشەسازی پەرستنە ، پەیووەست بەم دۆخەشەوە ئابووریش ڕۆڵی خۆی تێدا گێڕاوە ، کە وەك زانستێك نکۆڵی لە بەردەوامبوونی سەرمایە کردووە بە باشترین شێوە ، لەتەك ئەوەشدا ڕۆڵی لە ئاشکراکردنی نا پیشەسازیدا بینیووە کە لەتەك سەرمایەداریدا بە ناتوانن تاسەر بەردەوامی بە خۆیان بدەن . ئۆج ئالان لێرەدا گوزارشت لە سیستەمێك دەکات ، ئەگەر بێت و ئەو سیستەمە ئیکۆلۆژی تێکبدات ئەوا بەرگریکردن لەبەرامبەر ئەو سیستەمەدا تاڕادەیەك مەحاڵە ، چونکە ژیان بە دۆخێك دەگەیەنێت کە هەلی ژیانکردنی تێدا نامێنێت .
ئیکۆنۆمیزم ئەو زانستەیە کە دەمامکەکانی بەردەم ئیندۆستریالیزمی داماڵی ، بۆ ئەمەش بوونی سەرمایەداری و هەیمەنەی سەرمایەداری بۆ هێزی بنەڕەتیەکەی خۆی پشت بە ئەزموونگەرایی و ئایدیۆلۆژیا دەبەستێت . بۆ ئەمەش گەرەکە شۆڕشی پیشەسازی وەك بەرهەمێکی سەرمایەداری ناوزەند نەکرێت ، چونکە بەر لەم شۆڕشەش سەرمایەداری لە میانەی جۆرەکانی تری بازرگانیەوە خۆی وەك سیستەمێکی جیهانی ناساندبوو ، بەڵام بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە لەم سەردەمەدا ڕێگای لەبەردەم دراو و بازرگانی کردۆتەوە ، کە لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەم قۆناغەدا و لەبواری پیشەسازیدا سەرمایە بەرهەمهێنانی خۆی دەستگیر دەکات ، ئەوا بووەتە هۆی بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر کە خودی ئەم قازانجەش یاسای سەرمایەداریە ، کە ئیندۆستریالیزمی ڕووبەڕووی زێدەڕۆیی کردۆتەوە ، کە لەدوای جڤاکی گوند و کشتوکاڵدا وەك دووەمین دامەزراوە لە ژێر ناونیشانی سەرمایەداری پیشەسازی خیزانەکان بەگشتی و ڕەگەزی ژنی بەتایبەتی ڕووبەڕووی گرفتگەلێکی زۆر کردۆتەوە بەتایبەتی پەرتەوازەبوونی خێزانەکان ، ئەمەش بەهۆی چەوساندنەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دەسەڵاتگەرایی سەرمایەداری و نەمانی ژیانی ئازاد ، تەنانەت ڕەگەزی ژن وەك كاڵایەك سەیر دەكات ، كەواتە ئیندۆستریالیزم نەك لە گوند بەڵكو لە شارەوە دەستیكردوە بە نەشونماكردن و هەر لەوێش باڵغ بووە ، كە لە ئێستاشدا وەك تاكە دەسەڵاتی سەرەكی خۆی بەسەر تەواوی جڤاكدا سەپاندووە . ژینگە ناسەكان لە ڕواگەی ئۆج ئالانەوە لەم قۆناغەدا لە هەوڵی گەیشتن بە حەقیقەتدان ، كە دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیندۆستریالیزم وەك شۆڕشێكی ئایدیۆلۆژی و ئیكۆنۆمی و سەربازی ناوزەند دەكەن و بەهایەكی گشتگیرو یەكترتەواوكەریان پێ بەخشیوە ، لەمەشەوە ئۆج ئالان قۆناغی سەرمایەداری پیشەسازی بە تێكدەری ژیان ناوزەند دەكات ، كە بەهای جڤاك بوونی لەناو بردووە و تەنانەت تەواوی جڤاكی كردووە بە كالاّ و بە پیشەسازی كردووە** (ئۆج ئالان، پ 4، 2011. ل279-287) .

**ئۆج ئالان چوارچێوەیەكی تیۆری پەیووەست بە سیستەمی ژینگەیی ئاماژەپێدەكات كە گوزارشتە لە سیستەمی جڤاكی ژینگەیی . ئاواكردنی جڤاكی دیموكراتی و ژینگەیی پەیووەستە بە مەزنترین و بەرزترین پێواژۆی زانینەكانی جڤاك ، هەرچەند ئەم لایەنەش گرنگی خۆی پێبدرێت ئەوا جڤاكی ژینگەیی زیاتر پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێ لە ڕووی یەكسانی و ئازادیەوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە جڤاكێكی ئازاد دەئافرێنرێت كە سیستەمێكی ئەخلاقی لەخۆدەگرێ كە لەگەڵ خودی سروشت ئاواكراوە و بەڕێوەدەچێ ، دوور لە جڤاكی كۆیلەیی و پشت بەستن بە ستەمكاری و ئامرازەكانی تێكدانی سروشت**(ئۆج ئالان ، بەرگریكردن 2005. ل99-102) .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەسکی سێیەم " ئەرکەکانی( مۆراڵ ،سیاسەت و ڕۆشنبیری ) لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

بابەتە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقیەکان لە جڤاکی مرۆییدا بوونەتە بابەتێکی هەمیشەیی لە گشت شوێن و سەردەمێکدا ، لەتەك ئەوەشدا لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا بابەتێکن هۆشی مرۆڤیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە ، هەروەها هەریەك لەمانەش ئاخێزگەیەکە بۆ نەشونمای جڤاك و دیاریکردنی تەواوی بارودۆخەکان و هەڵسەنگاندنیان لەهەمبەر ڕۆژگاردا . مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە و زیتلێیەکانی لەچوارچێوەی ئەخلاق و سیاسەت و ڕۆشنبیریدا ئەنجامدەدات . هەریەك لە چەمکەکانی ئەخلاق و سیاسەت و ڕۆشنبیری لە جڤاکی مرۆییدا ، لە ئەنجامی بێ نەزمی و نەگونجاوی بارودۆخی جڤاك وەك تیۆرێك خۆیان وەدەردەخەن و دەبنە دیاریکەری کێشەکان و هۆکاری باشکردنی ڕەوشی تاکەکان بەتایبەتی و جڤاك بەگشتی .

هاتنە ئارای سەردەمی مۆدێرنیتە بەتایبەتی مۆدێرنیتەی دیموکراتی ، کە سەرهەڵدانی پەیووەست بوو بە بونیادنانی جڤاکێکی تر و لەسەر شێوازێکی تری ئەقڵانی ، لەتەك ئەوەشدا کە هەوڵی ڕەتکردنەوەی ڕابردوویدا ، بەڵام جڤاکی لە تایبەتمەندیە مرۆییەکان دوورخستەوە و بەهاکانی نەپاراست ، هەروەها بەرەنگاری بەهاو نەریتە سۆسیۆلۆجیەکانیش بۆوە . پاراستنی مرۆڤ و گرنگیدان بە بەها مرۆییەکان لە ئاخێزگەدا یەکێك بوو لە تایبەتمەندیەکانی مۆدێرنیتە ، بەڵام داواتر وێرانسازی بەدوای خۆیدا هێنا و لەبری بەرهەمهێنانی پێداویستیە مرۆییەکان بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی بوو بە ئامانجی سەرەکی ، لەتەك ئەمەشدا بابەتی مەعریفە خرایە خزمەتی وێرانخوازیەوە ، بۆ ئەمەش دەتوانین بڵێین کە مۆدێرنیتە لە جڤاکێکدایە کە ئاخێزگەی سەرجەم لایەنەکانی لەسەر بنەمای ئەقڵ بونیادنرابێت .

جڤاکی مرۆیی بۆ کامڵبوونی تەواو پێویستی بە یەکگرتوویی هەیە ، ئەمەش بەهاوکاری سەرجەم مرۆڤەکان دەبێت ، لەتەك ئەوەشدا بابەتە ئەخلاقی و سیاسی و ڕۆشنبیریەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و نەمانی گەندەڵی و مۆنۆپۆڵی سەرمایەی جڤاك . هاوکاری نێوان مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەرکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری نێوان مرۆڤەکان ، بۆ ئەمەش گەر هاوکاری نێوان مرۆڤەکان بوونی نەبێت ئەوا جڤاکێکیش بوونی نابێت بەناوی جڤاکی مرۆییەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەت لە ئەرکەکانیدا بەتایبەتی لە ئەرکە سیاسیەکانیدا بەرامبەر بە جڤاك گەرەکە جۆرێکی زیتەڵەیی و پەیووەندیدار بە هولاٚتیان بدات لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیریەوە ، لەتەك ئەوەشدا گەرەکە لایەنی ئەخلاقی لەتەواوی جڤاکدا بەرز بنرخێنێ ، بۆ ئەمەش پێویستە پێگەیەکی سۆسیۆلۆجی پتەو بەدەستبهێنێ . زۆربوونی کارایی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری لە سیستەمی سیاسیدا گوزارشت لە سەقامگیربوونی جڤاك دەکات ، بۆ ئەمەش پێویستە سیاسەت وەك پرۆسەیەکی گشتگیر پەیووەست بە ڕەهەندە ئەخلاقی و ڕۆشنبیریەکان بە کۆمەڵایەتی بکرێت . بەکۆمەڵایەتیکردنی سیستەمی سیاسی گوزارشت لە ئاشناکردن و ڕێگارۆشنی هاولاٚتیان دەکات پەیووەست بە ڕێساکانی دەوڵەت ، لەتەك ئەوەشدا ئاشناکردنی سەرجەم تاکەکانە بە بەها ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و کلتووریەکانی جڤاك ، ئەمەش لەلایەك دەبێتە پەیووەندیەك لەنێوان تاك و پێکهاتەکانی و گونجاندنیەتی لەگەڵ شوناسی جڤاك ، لەلایەکی تر تاکەکان ئاشنایەتی لەگەڵ کلتووری گشتی پەیدادەکەن و لەگەڵ جڤاکدا تێکهەڵکێشی دەکەن ، هەردوو لایەنەکەش وەك دوو هۆکاری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی لەنێوان تاکەکانی جڤاك و تەواوی دەرهاویشتەکانی خودی جڤاکدا دەبنە پردێك بۆ جێگیرکردنی سیستەمی سیاسی و جێگیرکردنی سەقامگیری .
لایەنی ئەخلاق پەیووەندیەکی توندوتۆڵی بە لایەنی سیاسەتەوە هەیە ، ئەم پەیووەندیەش لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری بونیاددەنرێ ، واتە لەتەواوی کارەکانی مرۆڤدا هەم بەرنامەیەکی سیاسی هەیە و هەم ئەو بەرنامەیەش لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری بنیاددەنرێ . تەواوی زیتەڵەییەکانی مرۆڤ ڕەهەندێکی ئەخلاقی لەخۆدەگرن ، بۆئەمەش دەتوانین بلێین سیستەمی سیاسی ڕەهەندی ئەخلاقی لەخۆدەگرێ پەیووەست بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە ، چونکە هزراندن پەیووەست بە خۆشگوزەرانی و هێنانە ئارای ئەمنی جڤاك خۆی لەخۆیدا وەك ڕەهەندێکی ئەخلاقی ناوزەند دەکرێت . پەیووەست بەمەشەوە لێدوانەکەی وەزیری بەهێزی شاژنی ئینگلتەرا ڤیکتۆریا[30] بە هەڵە ناوزەند دەکەم کە هەردەم دەیوت ( لە سیاسەتدا شتێك نیە بەناوی ئەخلاقەوە یاخود لە سیاسەتدا ئەخلاق هیچ مانایەکی نیە ) ، لێرەدا پێموایە کە ئاگاداری ئەو کارە سیاسیانە نیە کە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا ئەنجام دەدرێن و لەخۆیاندا مانایەکی ئەخلاقیان هەڵگرتووە ، هەروەها ئەخلاق و سیاسەت دوو چەمکی گشتگیرن و واتای ولاٚت دەگەیەنن ، لەتەك ئەوەشدا مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا تایبەتمەندیەکی

---

[30]- شاژنی بەریتانی ڤیکتۆریا ، لەناو دەوڵەتێکی سەرمایەداری و مۆنۆپۆلگەرا ، لەتەك ئەوەشدا پەیووەست بە ڕێبازی کۆلۆنیالیزمی گۆتەکەی خۆی ئاراستە کردووە ، بۆئەمەش گۆتەکەی پەیووەست بە ژینگەکەی خۆی دروستە ، چونکە ئەخلاق بنەمایەکە تێکەڵ بە سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم نابێت .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەخلاقی هەڵگرتووە ، ئەم تایبەتمەندیەش بەشێکە لە یاسا و ڕێسا سیاسییەکان کە ئامانجیان پاراستنی جڤاکە ، بەلاّم کاتێك کە نەیارانی دیموکراسی دەستدەگرن بەسەر دەسەلاّتدا ، ئەوا ئەم ئامانجانە پێچەوانە دەبنەوە ، بەلاّم دەیتوانی بڵێت لە سیاسەتدا ئایین هیچ مانایەکی نیە ، بەلاّم ئەخلاق مانای خۆی هەیە . لە ئاخێزگەدا ئەرکی سیاسەت ئافراندنی دەستوورگەلێکە بۆ فەزیلەتی مرۆیی و پابەند بوون بە یاسای گشتی کە خۆی لەخۆیدا پابەند بوونێکی ئەخلاقیە و گوزارشت لە ڕۆشنبیریەتی جڤاك دەکات .

ئەرکی ڕۆشنبیر لەناو جڤاکدا بریتییە لە شکاندنی ئەو کۆسپانەی کە بەرەوڕووی هاولاّتیان دەبێتەوە ، بۆ ئەمەش مانای هێزێکی مەزن بەخۆی دەبەخشێت و توانای دیاریکردنی دۆخەکانی هەیە ، لەتەك ئەوەشدا نابێت دەستبەرداری بارودۆخە ناهەموارەکان و ململانێی چینایەتی و سیاسەت بێت ، لەلایەکی تر ڕۆشنبیر لەتوانایدا هەیە کە سنوور بۆ دەسەلاّت دابنێت ، بۆئەمەش نابێت گۆڕان بەسەرخۆیدا بهێنێت و دەستبەرداری دەسەلاّت بێت و ببێتە ئامرازی مۆنۆپۆڵی دەسەلاّت ، چونکە دەستبەرداربوونی گوزارشت لە بالاّدەستی دەسەلاّت و لۆژیکی سیاسی دەکات ، هەروەها گوزارشت لە بالاّدەستی سیاسەت و دەسەلاّت دەکات بەسەر هزرینەکان و لایەنە مۆراڵیەکان بەتایبەتیش تەواوی ڕەفتارە مرۆییەکان . لەسەردەمی مۆدێرنەدا لۆژیك و هزرینە مرۆییەکان لەناو چوارچێوەی سیاسەت و لۆژیکەکەیدا گیریانخواردووە ، بۆئەمەش کورتبینی بەدواخۆیدا هێناوە بەتایبەتی لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا سیستەمی سیاسی بووە بە دیاریکەری لایەنە مۆراڵیەکان ، لەتەك ئەوەشدا ئافراندنی چەمکە مۆراڵیەکان بە لایەنی زیتەڵەیی خۆی ناوزەند دەکات . لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا دەتوانین بڵێین شتێك نیە لەچوارچێوەی سیاسەت و دەسەلاّت دەربچێت ، لەتەك ئەوەشدا هیچ هێزێك بوونی نیە لە دەرەوەی سیاسەتدا بەها ئەخلاقیەکان بۆ جڤاك بئافرێنێ و چاودێری ڕەوشەکانی جڤاك بکات . فۆکۆیاما پێیوایە کە ئەوەی ڕۆشنبیر ئەنجامی دەدات بریتیی نیە لەو جۆرە سیاسەتەی کە بوونی هەیە ، بۆڵکو جۆرێکی تری سیاسەت ئەنجام دەدات کە ئەو بە دژە سیاسەت ناوزەندی دەکات ، چونکە ڕۆشنبیر بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی میتۆدێکی ترە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان ، ئەمەش پەیووەستە بە میتۆدێکی سیاسی سەردەمیانە . ڕۆشنبیر بایەخ بە سیستەمە مۆراڵیەکان دەدات و لەهەوڵی ئافراندنی جیهانبینی دایە . ڕۆشنبیر جوڵێنەری ئەندێشە سۆسیۆلۆجیەکانی جڤاکە ، لەمەشەوە دەتوانین بڵێین کە گۆڕانی بەها ئەخلاقیەکان تەنیا چالاکی ڕۆشنبیرە نەك سیاسەت ، چونکە ئەرکی دامەزراندنی پێگەیەکی پتەوە بۆ سەرجەم هاولاّتیان بەگشتی ، سەرەڕای هەموو ئەوانەش گەرەکە لەدایکبوونی ڕۆشنبیر لەناو سەرمایەی زانستی بێت نەك لەناو سەرمایەی دەسەلاّت و کایە جۆراوجۆرەکان . کاری ڕۆشنبیر گۆڕانکاریە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردەوامیدانە بە جیهان لەڕووی ئازادی و بیرکردنەوە ، بۆ ئەمەش گەرەکە لەبنەمایەکی زانستی تیۆریەوە هەنگاو بهاوێت بەرەو کلتوور و سیاسەتی جڤاك ، بۆئەمەش دەتوانین بڵێین لەم ڕوانگەیەوە لایەنێکی مۆڕاڵی نوێتر دەئافرێنێت . ڕۆشنبیر لەناوەڕۆکدا ئافرێنەری ئەو قۆناغەیە کە ئەخلاقی سیاسی تێدا بەرهەم دێت بەمەرجێ لەناو لایەنی زانستی و تیۆری زیت بووبێتەوە . لێرەشەوە هەوڵدەدەم ئەرك و ڕۆڵی هەریەك لە سیاسەت و ڕۆشنبیری و ئەخلاق لەدیدگای ئۆج ئالانەوە ئاماژە پێبکەم .

## یەکەم : ئەخلاق ( مۆڕاڵ )

گەر ئەخلاق (مۆڕاڵ) وەك چەمکێکی فەلسەفیانە هەڵبسەنگێنین لە سەردەمی مۆدێرندا ئەوا چەند ڕێبازێکی بە دواخۆیدا هێناوە ، یەکێك لەو لایەنانەی ئەخلاقی مۆدێرن کە پەیووەستە بە خۆشەویستی و مرۆڤگەرایی . لەکاتێکدا جۆن لۆك [31] لەگەڵ هۆبزدا کۆك بوو لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ گەرەکە بچێتە ژێرباری پەیمانی کۆمەلأیەتیەوە ، ئەم بۆچوونەشیان گوزارشت بوو لە ڕەچاوکردنی یاساو ڕێسا گشتیەکان کە ناوەڕۆکەکەیان تەواوی پرنسیپە ئەخلاقیەکانی لەخۆگرتبوو ، لەتەك ئەوەشدا ئامانج لێرەدا یەکگرتنەوەی ئەخلاق بوو لەگەڵ یاسا و ڕێسا گشتیەکان ، لەلایەکی تر ئەم ئامانجە گوزارشت بوو لەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە و بەیەکگرتنەوەی ئەقڵ و ئەخلاقیش یاساکان وەك بنەمایەکی گشتی دەپارێزرێن لە زیادەڕۆیی . ئاخێزگەی ئەخلاق گەرەکە بەشیوەیەك دابڕێژرێت نەك تەنیا بەختەوەری و ئازادی بۆ مرۆڤ بئافرێنێت ، بەڵکو سنوورێك بۆ ئازادیەکانی سەرجەم تاکەکانی جڤاك دابنێت ، تاوەکو ئازادییەکانیش لەسنوور دەرنەچن . ئەخلاق نەك لە سەردەمی مۆدێرنەدا ، بەڵکو لەتەواوی سەردەمەکاندا و لەتەواوی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە ، لەتەك ئەمەشدا زۆرترین کاریگەری لەسەر ئیکۆلۆژی داناوە ، لەتەك ئەوەشدا خودی مرۆڤ کە خۆی ئافرێنەری تەکنیك و کلتوورە و بوونەوەرێکی داهێنەر و بەرهەمهێنەرە ، گەرەکە پابەند بێت بە دەوروبەری خۆی و ڕێز لە سروشت و

[31] جۆن لۆك ، پێیوابوو کە مرۆڤ بە ئامانجی گەیشتن بە بنەماکانی ئەخلاق بەشێوەیەکی یاسایی لە دۆخی سروشتیەوە دەصێت بەرەو بەستنی پەیمانی کۆمەلأیەتی ، کە تێیدا شتەکان بە ڕەزامەندی گشتی بەڕێوەدەچن . بۆ ئەمەش لۆك دەسەلأتی یاسادانان لەسەرووی دەسەلأتەکانی ترەوە دادەنێ ، ئەمەش بەو نیازە نا کە بیکات بە تاکە دەسەلأت بەسەر دەسەلأتی جێبەجێکردن و کۆنفیدراڵیدا بیسەپێنێت ، بەڵکو وەك خۆی و ڕۆڵگێڕانەکەی لەناو جڤاکدا ، کە تێیدا یاسا ئەخلاقیەکان دەردەچن و ئەم دەسەلأتەش بریتییە لە داڕشتنی سەرجەم یاساکان و ئاراستەکردنیان بۆ جڤاك .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهێنانەكانیش بگرێت . بەكارهێنانی سروشت بە مەبەستی قازانج و سەرمایە دەرچوونە لە بنەما ئەخلاقیەكان . كەواتە ڕێزگرتن لە سروشت و یاساكانی بەمەبەستی پاراستنی گشتی پەیووەستە بە بوونی ئەخلاق ( Paul Edwards, 2003. Pp213,227) .

لە دیدگای ئۆج ئالاندا دەشێت ئەخلاق وەك چەمكێك بناسێنین كە لەیەكەم ترۆپكی جڤاك بووندا ڕۆڵی خۆی بینیووە ، بۆ ئەمەش پێیوایە كە ئەخلاق بریتییە لە چەمكێك كە لەیەكەمین بونیادنانی جڤاكدا مرۆڤ وەك بنەمایەك بۆ خۆ دروستكردن و مانەوەی نواندوویەتی ، كەواتە ئەخلاق بەپێی گشت كار و زیتەڵەكانی مرۆڤ لە سەرەتاوە تاوەكو ئێستا گوزارشت لە یەكێتیبوون یەكپارچەیی دەكات . ئۆج ئالان پەیووەست بەم بابەتەشەوە هەڵوەستە لەسەر یەكپارچەیی بوون دەكاتەوە ، كە پێیوایە تێگەی یەكپارچەیی لەناو مرۆڤەكانی سەرەتاوە وەك نەریتێكی باو درێژەی بەماوەكەی خۆی داوە كە تاوەكو ئێستاش مانای ئەخلاق دەدات بەدەستەوە ، چونكە بوونی تێگەی یەكێتی بوون و یەكپارچەیی بەواتای لێرەبوونی ئەخلاق دێت ، وەك چۆن مرۆڤ ناتوانێ بەبێ نان و ئاو درێژە بە ژیانی كاتی خۆی بدات ، ئەوا جڤاكیش بەبێ ئەخلاق هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە . ئەخلاق وەك تایبەتمەندیەكی نەریتی و لەچوارچێوەی سنوورەكانی خۆیدا ڕۆڵ دەبینێت و كارەكانی خۆی دەكات . سیاسەتیش لە نزیكەوە گرێدراوی ئەخلاقە ، جیاوازیەكەشی تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، كە سیاسەت زیتەڵەییەكی هەنووكەیی و ڕۆژانەیە ، لەتەك ئەوەشدا مانای یەكپارچەیی بڕیارەكان وەردەگرێت كە پەیووەستن بە كێشە ڕۆژانەییەكانی جڤاك . بەدیدی ئۆج ئالان ڕێساكانی ئەخلاق خۆیان لە یەكگرتنی نەریتە ئەخلاقی و ڕێوڕەسمەكان و نەریتە باوەكاندا دەبیننەوە كە لە ئەنجامی كارتێكردنی یەكترەوە سەرهەڵدەدەن ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئەخلاق چوارچێوەیەك پێشكەش بە سیاسەت دەكات ، سیاسەتیش ئەم چوارچێوەیە گشتگیر و بەرفراوان دەكاتەوە . لە لایەكی تر ئۆج ئالان ئاماژە بەم جۆرە یەكگرتنەی سیاسەت و ئەخلاق دەكات و پێیوایە وەك چۆن دیموكراتیبوون مەرجێكی ناچاریە بۆ سیاسەت ، ئاوهاش پێویستە ئەخلاقیش بێت ، كەواتە بوونی دیموكراسیەتی جڤاك پەیووەستە بە بوونی سیاسەتەوە ، سیاسەتیش بەبێ ئەخلاق ڕۆڵێكی پاسیف دەگێڕێت لەناو جڤاكدا . لەسەردەمی مۆدێرنەدا كە ململانێیەك لەنێوان سیاسەت و ئەخلاق و دیموكراسیدا خۆی زیت كردۆتەوە ، ئەمەش بووتە هۆی دواكەتنی هەریەكەیان پەیووەست بە ڕۆڵ و پێگەكەی خۆیان (ئۆج ئالان ، پ4، 2011. ل85-89) .

سیستەمەكانی دەوڵەت و دەسەلات ، بەتایبەتی سەپاندنی یاسای تاكلایەنە بوونەتە هۆی تێكدانی ئەخلاق ، لەتەك



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەشدا کە جڤاك ژێر دەستە کراوە ، ئەوا خودی ئەخلاقیش بۆ ئەم جۆرە جڤاکانە هیچ مانایەکی نەماوە ، بەتایبەتی ئەو جڤاکانەی کە ملکەچی دەسەلاّت بوون لە ڕێگای سەپاندنی ئیرادەی تاك لایەنەوە . جڤاکێك کە پەرە بە خۆبەڕێوەبەرێتی خۆی بدات و لایەنی ئەخلاقی خۆی گەشەپێبدات ، ئەوا هیچ ئیرادەیەك نیە کە بتوانێت بەسەریدا زاڵبێت ، لەم پێوەدانگەیشەوە هەر جڤاکێك لایەنی ئەخلاقی و سیاسی تێدا بەرجەستە بووبێ بەیەکەوە ، ئەوا دەسەلاّت و دەوڵەت شتێك نین کە پشتیان پێ ببەسترێت و شوێن و پێگەیان بۆ دابنرێت ، بۆ ئەمەش جڤاك دەبێتە جڤاکێکی مرۆیی و لیبرالی و دیموکراتی ، بەمەرجێ وەك پێویستیەکی دەسەلاّت و مۆنۆپۆلیەکانی سەرمایە بەکارنەهێنرێت و جڤاکێك بێت مۆڕاڵیانە خۆی بژیەنێت (ئۆج ئالان، پ5، 2011. ل28-29).

جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی لە دیدگاکانی ئۆج ئالاندا دەشێ وەك جڤاکێکی دیموکراتی وەلاّمی جڤاکی سەرمایەداری بداتەوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە چاکە و بەختەوەری و ڕاستی و جوانی و دیموکراسیەت و ئازادی و یەکسانی وەك گەوهەری جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی ناوزەند دەکات ، چونکە ڕاستی و دروستی لەناوەڕۆکی جڤاکی ئەخلاقیەوە زیت دەبێتەوە ، تەنانەت ئێستاتیکاش لە دەرەوەی ئەم جڤاکە ئەخلاقیە هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە ، بۆ ئەمەش ئۆج ئالان ئێستاتیکا لەناو پرنسیپە ئەخلاقی و سیاسیەکانی ناوەوەی جڤاکدا هەڵدەگۆزێنێت ، لەتەك ئەوەشدا هەموو پرنسیپە تەواوەکانی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی بە جڤاکی ئەخلاقی و سیاسیەوە گرێدەدات ، کە وەك پەیووەندیەکی شیکارکراو لەگەڵ جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی خۆیان وەدەردەخەن . جڤاکی دیموکراتی گوزارشتە لە مۆدێرنیتەی دیموکراتی کە خودی خۆیشی ناساندنی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسییە ، کە لەناو مەزنترین و فرەترین جیاوازیەکاندا خۆی دەبینێتەوە ، بۆ ئەمەش هەر گروپێکی کۆمەلاّیەتی دەتوانێت خۆی لەناو ئەم جیاوازیە گەورانەدا خۆی بگونجێنێت ، خود لێرەدا دەتوانێت ببێتە خاوەنی هزرینی سیاسی تایبەت بەخۆ و زیتەڵەی ژیانێکی کارا وەگەڕبخات ، ئەم فرە جیاوازیەی کە لێرەدا بوونی هەیە گوزارشتە لە جوانی و ئازادی و یەکسانی و دەوڵەمەندی کلتووری . کاتێکیش مۆدێرنیتەی دیموکراتی ئاوادەبێت کە خودی خۆی گوزارشتە لە جڤاکێکی ئەخلاقی ، ئەوا جڤاکی ئەخلاقی لە بارودۆخەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا خۆی لە چوارچێوەیەکدا دەبینێتەوە کە مۆنۆپۆڵ کراوە ، پابەند بەمەش مێژووەکەی خۆی بە خراپترین ڕۆڵدا گوزەر پێدەکات . چەمکی لیبرالیزم کە لەمۆدێرنیتەی دیموکراتیدا خۆی زیت کردۆتەوە و بانگەشە بۆ ماناکەی خۆی دەکات کە ئازادییە ، ئەوا نەك زیتەڵەکانی بێ سوود بوون ، بەڵکو بووەتە هۆی پەرەسەندنی پاوانخوازی زیاتر کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەرجەم زیتەڵەکانیدا بووەتە بەندیخانەی ئایدیۆلۆژیا و لایەنی ماددی کردووە بە ئامانجی خۆی ، لەم پێوەدانگەیشەوە پاوانخوازی چووەتە ناو ڕاستەقینەی جڤاکەوە و خۆی بەچەند زاراوەی وەك دەوڵەتی نەتەوەیی و لیبرالیزم نمایش دەکات کە تێیدا ئەخلاق وێرانکراوە ، وێرانکردنی ئەخلاقیش بەواتای وێرانکردنی جڤاك دێت . بۆ ئەمەش ئەم جڤاکە دیموکراتیەی کە لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا ئاواکراوە ، گەرەکە پرنسیپە ئەخلاقی و سیاسییەکان وەك ئاخێزگەیەك ڕۆڵی تێدا ببینن و جیاوازی چینایەتی بووەستێنن ، چونکە پەرەسەندن بەهۆی جیاوازی چینایەتیەوە کەمترین ماوە بەخۆی دەدات (Abdullah Öcalan: 2013,Pp43-57) .

بەدیدی ئۆج ئالان ئەخلاق وەك زاراوە ، لەناو جڤاکدا چەمکێکە لە سەرووی چەمکەکانی ترەوەیە ، هەروەها لەسەرووی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوەیە ، بەڵام لەبەرئەوەی بەتەواوەتی نەناسێنراوە و ڕۆشن نەکراوەتەوە ئەوا مانای ژیانی لەناو جڤاکدا بەرامبەر بە خود نامۆ کردووە . کەواتە ڕێسا ئەخلاقیەکان جڤاکێکی ئەخلاقی ئاراستە دەکەن ، کە تێیدا خود دەکاتە زیتەڵەکارێکی بەسوود بۆ دەوڵەت ، بەڵام ئەرکە ئەخلاقیەکان لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بێ مانا ماونەتەوە ، تەنانەت لاوازتر لە پێشوو هەنگاو دەنێ کە تێیدا هیچ شرۆڤەیەکی ئەخلاقی بوونی نیە لەکاتێدا کە ئەم شرۆڤەیە خودی شارستانیەتیش ئاوادەکات . ڕێسا ئەخلاقیەکان مانا بە ژیان دەبەخشن کاتێك کە لە زەینی مرۆڤدا جێگیر دەبن ، بۆ ئەمەش مانای دەستەبەربوون و پێکهاتنی ئەخلاق دەدات بەدەستەوە ، لەتەك ئەوەشدا هزرین و ڕاوێژکردن و بڕیاردان دەبن بە سێ بابەتی سەرەکی لەناو جڤاکدا پێشدەخات کە ڕاستەوانەترین دۆخی دیموکراسیەتە و ئاراستەکردنی جڤاکی ئەخلاقیە و مانای هەبوونی ژیای تێدا دەستگیردەبێت ، لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین لە دیدی ئۆج ئالاندا پرنسیپەکانی ئەخلاق و دیموکراسی بۆ ئەو سەرچاوەیە بگەڕێنینەوە کە لە هێزی کار و زینی جڤاکێکی کۆمەڵایەتی و زیتەڵە ئافرێنەوە دەردەچن . پابەند بەم چەمکەشەوە ، دەتوانین جیاکاریەك لەنێوان ئەخلاق و یاسا و ئاییندا بکەین ، یاسا بریتییە لە چەمکێکی لاوەکی کە فەرمانڕەوایەتییەکی ناچارەکی و زۆرە ملێیانەیە و دوورە لەناخی خودی بەسەرداسەپێنراو ، بەڵام ئەخلاق بریتییە لە ڕێسایەکی سەرەکی کە لەناخی خودەوە پەسندکراوە ، واتە لە ناخەوە سەرچاوەدەگرێ و ئاراستە دەکرێ ، کە مۆرکی شارستانیەتی بەرکەوتووە ، لەتەك ئەمانیشدا ئایین بریتییە لە بەدیهاتوویەکی بەر لە شارستانیەت کە تێیدا ڕوودەکاتە پرنسیپە هزری ئەخلاقیەکان ، کە لێرەشدا ئاماژە بە شتە پیرۆز و یاساغەکان دەکات وەك سەرچاوەی ڕەسەنی خۆی ، بەڵام هێشتاش وەك خودی ئەخلاق مۆرکی شارستانیەتی بەرنەکەوتووە ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە میهرەبانی و و یاساغ بوون و پاداشت و سزادان لە ناوەڕۆکەکەیدا دەبن بە خاڵێکی جەوهەری ، کە لێرەدا وشکترین بڕیاری ئەخلاقی تێدا ئاراستە دەکرێت ، هەرچەند خودی ئایین خۆی لە جەوهەری ئەخلاقەوە دەرچووە ، تەنانەت لە چەندین لایەنی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆجیەوە خودی ئایین دەبێت بە بەشێك لە ئەخلاق ، چونکە لەلایەك بە چەمکگەلێکی وەك سزا و لەناوبردن و سڕینەوەی مرۆڤایەتی و دۆزەخ و شەڕ و ستەمکاری و فەرمانڕەوایەتی و نا میهرەبانی و پەرستنی ناچارەکی ئاراستەکراوە ، بەلاَم لەلایەکی تر و لەتەك پرنسیپە سیاسی و ئەخلاقیەکاندا هەموو ئەم چەمکگەلانە دەگۆڕدرێن بۆ چەمکی میهرەبانی و ئافراندن و بەهەشت و دادپەروەری و ئازادی و.....هتد ، کە لە هەردوو لایەنەکەوە زەینی مرۆڤیان بارکردووە ، لەتەك هەموو ئەوانەشدا جڤاکی ئەخلاقی بەردەوام لە بەرخودانیدا بووە و ماناکەی خۆی وەك خودی ئەخلاق ڕادەستی ئایین و یاساکان نەکردووە کە وەك هێزێکی ناچارەکی بەردەوام بەسەر جڤاکدا سەپێندراون .

لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا گشت هەوڵێك دەدرێت بۆ پووکانەوەی جڤاکی ئەخلاقی کە ئۆج ئالان لێرەدا وەك قەیرانێکی مەزن ناوزەندی دەکات ، لەتەك ئەوەشدا پرنسیپە سروشتیەکانی جڤاك بەردەوام لە بەرخودانی خۆیدایە تاوەکو بەردەوامی بە خۆی بدات . ئەو مەبەستە سەرەکیەی کە لەمڕۆدا مۆدێرنیتەی دیموکراتی گەرەکیەتی دۆخێکی خاپوورکاری بەدوا خۆیدا هێناوە و تەنانەت چووەتە ناوەڕۆکی جڤاکی ئەخلاقیشەوە . بوونی جڤاك پەیووەستە بە بوونی ئەخلاق ، بە لەناوچوونی فاکتەری ئەخلاقیش ئەوا هیچ شتێکیش نامێنێت بەناوی جڤاکەوە ، چونکە ئەخلاق ئامرازی مانەوەی جڤاکە و ئاخێزگەی سەرجەم لایەنەکانیەتی ، هاوکات مانای ژیان و بەردەوامی بە جڤاك دەبەخشێت . لەم پێوەدانگەیشەوە لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا گەرەکە جێبەجێکردنی ئەرکە ئەخلاقیەکان بگات بە لوتکە ، تاوەکو جڤاکێکی دیموکراتی ئاوابکرێت و دوور بخرێتەوە لەو دۆخە ناهەموارەی کە لەمڕۆدا تێی کەوتووە کە گوزارشت لە خاپوورکردن دەکات ، بۆ ئەمەش لە دیدگای ئۆج ئالاندا ئەوەمان دەستگیر دەبێت کە جڤاکی ئەخلاقی پەیووەست نیە بە بوونی سەرخان و ژێرخانەوە ، بەڵکو ئاراستەکردنی خودە بەرەو بوون بە خودێکی ئەخلاقی کە ئەمە سەرجەم تاکەکان دەگرێتەوە ، دواتر جڤاکێکی ئەخلاقی ئاوادەکرێت کە تێیدا ژیان مانای تەواوەتی خۆی ئاشکرادەکات (ئۆج ئالان، پ3، 2010. ل395-407) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دووەم : سیاسەت

سیاسەت ، بریتییە لە گوفتار و ئاکار و هزرینێکی مەعریفی کە پەیووەستە بە چارەنووسی هەر جڤاکێکی مرۆیی و ئافراندنی ژیانێکی نمونەیی تێیدا کە بەرژەوەندی گشتی تێییدا کراوەتە ئامانجی ئاخێزگەیی ، پابەند بە هەر پێواژۆیەکیشی سەرجەمی مرۆڤەکانیش تێیدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و ئامانجی سیاسی هەریەکەشیان گەیاندنی جڤاکە بەوپەڕی ڕەوش ئارامی . ڕەوشی هەر جڤاککێکی مرۆڤایەتی پەیووەستە بە چۆنیەتی و چەندێتی کاریگەری سیستەمە سیاسییەکان ، بەتایبەتی سیستەمی دەسەڵاتداری کە لەژێر دوو ناونیشاندا خۆی وەدیار دەخات (دەسپۆتیزم و دیموکراتی) ، کە سیستەمی دەسپۆتیزمی ڕوودەکاتە بڕیاردانی خود و خود پەرستی ، واتە مۆنۆپۆلی مافەکان و دامرکاندنی ئازادیەکانی تاك لە سەرتاسەری جڤاکدا بە ئامانج وەردەگرێت ، لێرەشدا جگە لە بەرژەوەندی تایبەتی کە پەیووەستە بە چینی دەسەڵاتدارانەوە هیچی تر جێگای باس نابێت .   لەتەك ئەوەشدا سیستەمی دیموکراتی هەنگاو بەرەو ئافراندنەوەی ئازادییەکان دەدات کە پێشتر دامرکێنرابوون ، پابەند بەمەش ئازادییەکانی تاك و جڤاك لە ڕووی سیاسەتکردن و زیتەڵەییەوە بە ئامانج وەردەگرێت ، ئەمەش خودی مانای دیموکراسیبوون وەدەست دەخات، چونکە لێرەدا گشتێتی جێگای باسە نەك خودێتی  (Wilson, 1997.Pp13-14)

. نیکلسۆن[32] ، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە مەزنەکانی بەریتانیا و تایبەتمەندیەك دەخاتە پاڵ کەسی سیاسەتمەدار کە بریتییە لە متمانەپێکراو ، واتە پێیوایە کە کەسی سیاسەتمەدار گەرەکە هەموو ئامانجێکی وەدەستهێنانی ئاکاری شەرەفمەندانە بێت ، بەمەش دەگات بەوپەڕی سەرکەوتن ، کە تێیدا ڕاستگۆیی وەدیدەکرێ ، بۆ ئەمەش گەرەکە دڵنیا بێت لە بوونی خۆی و تواناکانی و نەبێتە کەسێکی کارتێکراو ، واتە گەرەکە کارتێکەر بێت ( گای فاڵکمان ، 2012 ، ل106) .

لە دیدی ئۆج ئالاندا ، جڤاکی ئازاد ئەو جڤاکەیە کە لە میانەی جڤاکێکی سیاسیەوە ئافرێنراوە ، واتە

---

[32] نیکلسۆن ، بانگەشە بۆ سەرکەوتنێك دەکات کە لەرێگەی ئاکار و کردەوەی دروستەوە دەستگیرببێت ، بۆئەمەش زیاتر ڕوودەکاتە کەسانی هزرڤان و پێوایە گەرەکە نەك تەنها گۆتەکانیدا بەڵکو بەشێوەیەکی ئاکارەکیش دروستی دەربخات ، ئەم گۆتەیەی نیکلسۆن ڕوودەکاتە سەرکەوتنێك کە لە دروستەوە هەنگاوی بۆ هاویژرابێ و هەر بەدروستیش بئافرێنرێت ، ئەمەش پرنسیپێکە لە کەسانی بەمانا سیاسەتمەداردا وێنا دەداتەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیاکردنەوەی هێزی سیاسی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت کارەکتەرێکی هەنووکەییە بۆ بوون بە جڤاکێکی سیاسی . لەم پێوەدانگەیشەوە ئازادی تاك کە خۆی نمایشدەکات وەك هاونیشتمانیەکی نەتەوەی دیموکراتیك گەرەکە بە ئەندازەی خۆی جڤاکی بێت ، چونکە ئەو تاکەی کە تەزویرکراوە و لەلایەن خودپەرستی و کەپیتالیزمەوە دژی جڤاك بەرزکراوەتەوە ، ئەوا لە جەوهەردا خودێکە لەناو کۆیلایەتی ژیان دەکات ، واتە لێرەدا ئۆج ئالان گوزارشت لە یەکەمین پرنسیپ دەکات بۆ بوون بە نەتەوەی دیموکراتیك ، ئەویش پەیووەستە بە ئازادبوونی تاك کە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی دیموکراتیانە ئاواکراوە ، لەتەك ئەم پرنسیپە ئاخێزگەییەشدا پێناسەیەك بۆ بوون بە نەتەوە هەڵدەگۆزێنرێت کە ئەویش خۆی لە زەین و هۆشیاریدا دەبینێتەوە ، خودی ئەمەش لە باوەڕبوون بە نەتەوە دەبرێتەوە . کەواتە هەنگاونان بەرەو دیموکراتیانە تا چ ئەندازەیەك بتوانێت خۆبەڕێوەبەری خۆی دەستگیربکات و خۆی بە سیستەماتیك بکات ، ئەوا بەو ئەندازەیەش وەچەخانی ئەرێنی و سیاسی پێشدەخات (ئۆج ئالان، پ5، 2011. ل488-494) .

هزر و بیرکردنەوە لە دیدی ئۆج ئالاندا بابەتێکە بە دیموکراسیەتەوە بەستراوەتەوە ، لەتەك ئەوەشدا بوونی دیموکراسیش پەیووەستە بە بوونی سیاسەتەوە . واتە گەلی خاوەن ئیرادە گەلێکە گوزارشت لە بوونی دیموکراسیەت دەکات لەناو خۆیدا ، بەلاّم دیموکراسیەتیش پێویستی بە بوونی زیتەڵەی سیاسی هەیە ، چونکە ئیرادەی خودی گەلیش گوزارشتە لە بوونی هێزێکی سیاسی . بۆ سەرکەوتن گەرەکە سیاسەت هەبێت ، گەر سیاسەت نەبێت ئەوا دیموکراسیەت و ئیرادە و سەرکەوتنیش مانای لاوازی دەدەن بە دەستەوە لەناو جڤاکدا (دادگای مێژوو ، 1996 ، ل110-111) .

چەمکی سیاسەت وەك چەمکی ئەخلاق لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و نارۆشنی بۆتەوە ، لەتەك ئەوەشدا کە چەمکێکە پابەند بە ئازادی و ڕاستەقینەبوونی جڤاك بەکاردەبرێت . لە کاتێکدا ئۆج ئالان ئاماژە بە شتگەلێك دەکات کە نامۆن بە سیاسەت ، یەکێك لەوانە ئاکارەکانی دەوڵەتە کە ئەرکێکی ئیداریە و براوەتە ناو ئەرکە سیاسیەکانەوە ، لەتەك ئەوەشدا سیاسەت بەهۆی پشتگیری دەوڵەت ئەنجام نادرێت ، بەڵکو خودی دەوڵەت فەرمانڕەوایەتیکردنی سیاسەتە . لەم پێوەدانگەیشەوە ئاکاری دووەم سەرهەڵدەدات کە پەیووەستە بە جڤاك و بەرژەوەندییە ژیانییەکان بە شێوەیەکی گشتی تێیدا ، ئەمەش هیچ کات گوزارشت لە سیاسەت یاخود سیستەمی سیاسی ناکات ، بەڵکو ئەمە سیستەمێکە لەلایەن دامەزراوە مۆنۆپۆڵیەکانی کەپیتالیزمیەوە ئاخێزگە ڕێژی بۆکراوە . یەکێکی تر لەو ئاکارانەی کە لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا ئاواکراوە ، بریتییە لە تێکهەڵکێشکردنی ئەو بابەتانەی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له بنەڕەتەوە پەیووەست نین بە سیاسەتەوە و ئەو بابەتانەشی کە پەیووەستن بە سیاسەتەوە ، واتە ئەو کارانەی کە پەیووەست نین بە ئازادی و دیموکراتیخوازی و یەکسانیەوە ئەوا بوون بە ئامانجی سەرەکی سیاسەت ، بەلاّم لە ئاخێزگەدا هەرچی بابەتگەلی وەك ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و ئیرادە هەیە لەتەك سیاسەتدا لەناو یەك چوارچێوەدا درێژە بە بەردەوامی و ئامانجە ڕەسەنەکی خۆیان دەدەن ، ئەو ئاکارانەشی کە لە دەرەوەی ئەم بابەتگەلەی کە وەسفکرا ئەنجام بدرێت بەناوی سیاسەتەوە ، ئەوا هیچ سەروکارێکی لەتەك سیاسەتدا نیە ، بەڵکو سیاسەتێکی کەپیتالیزمیە و بە ئامانجی مۆنۆپۆڵی ئاواکراوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ئازادی و دیموکراسیەت و یەکسانی لەتەك بەرژەوەندیە ژیانیەکانی جڤاك لەسەرجەم ڕووەکانی وەك سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆجی و ئیکۆنۆمیەوە بە مۆنۆپۆڵی دەگات . کاتێك کە دەسەلاّت بەسەر دەوڵەتدا زاڵە ، ئەوا سیاسەتیش لەسەرجەم ئاخێزگەکانیدا یاساغ و سنووردار دەکرێت ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆنتراکتی سیاسەت و دەسەلاّت دەبێتە تارمایی و بەردەوام گرژی و ئالۆزی پێشدەهێنێ بۆ جڤاك .

جڤاك لە دیدی ئۆج ئالاندا بریتییە لە دیاردەیەکی سیاسی ، کە بە سروشت ئەم دیاردەیەی هەڵگرتووە ، واتە وەك چۆن چەمکی ئەخلاق گوزارشت لە چەندێتی ئاکارە ژیانییەکان دەکات بە شیاوترین سیستەم ، ئەوا سیاسەتیش گوزارشت لە چۆنیەتی ئاکارەکان دەکات و ئەنجامدانی کارەکان دەکات کە بۆ جڤاك بە ئەنجام دەگەن ، لەم پێوەدانگەیشەوە سیاسەت چەمکی ئەخلاقیش دەخاتە ناو سەرجەم بوارەکانی خۆیەوە ، بەلاّم لە سەردەمی مۆدێرنەدا سیاسەت ئەرکی مۆنۆپۆڵی دەگرێتە ئەستۆی خۆی ، چونکە خراوەتە پاڵ چەندین چەمکی زەبەلاحەوە کە گوزارشت لە فەرمانڕەوایەتی و دەوڵەت و کۆمپانیا و چەندین بابەتی تری شکڵ و شێوە زەبەلاح دەکەن ، کە سیاسەتی بێبەشکردووە لەسەرجەم ماناکانی ، کە هیچ کام لەم ئامانجە گەورانەی کە لە ڕووکاردا بەمەبەستی ژیانکردن ئافرێنراون و لە جەوهەریشدا مۆنۆپۆڵی ئامانجیانە نەیانتوانیووە مانای هەبوویی ژیان ڕوونبکەنەوە . ئۆج ئالان لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ کام لەمانە ناتوانن بچنە ناو چوارچێوەی سیاسیەوە ، تەنانەت ئازادی و یەکسانی و دیموکراسیەت دەتوانن مانای سیاسەت بدەن بەدەستەوە و ببنە پێناسەیەك بۆ سیاسەت ، لەتەك ئەوەشدا هەبوونی ژیانی جڤاك لەناو ئەماندا خۆی وەدەردەخات .

جڤاکی سیاسی گوزارشتە لە سروشتی جڤاك ، لێرەشدا سیاسەت بەردەوامی بە ژیانی جڤاك دەدات ، هاوکات لەم هەوڵەشیدا ئەخلاق یارمەتیدەریەتی ، هەموو ئەمانەش هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جڤاکی سروشتی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕۆکی سیاسی و ئەخلاقی هەڵگرتووە تا کۆتایی هەر بەردەوام دەبێت ، هەرچەند ڕووبەڕووی کۆسپ ببێتەوە و تووشی نەهامەتی و داڕووخان بێت ، ئەوا کۆتایی بە بەردەوامیەکەی نایەت ، ئەمەش وەستاوەتە سەر سروشتی سۆسیۆلۆجیەکەی کە هەرگیز تووشی لەناوچوون نایە ، سیاسەتیش لەم ناوەدا ڕۆڵی پراکتیزەبوونی ئازادی و یەکسانی و دیموکراتیەت دەگێڕێت . هەرچەند جڤاك بەرەو کلتووری ماددی و مۆنۆپۆڵی ببرێت ن ئەوا سیاسەتیش وەك شوڕشێك لەم ناوەدا واتادار دەبێت بۆ هێنانە ئارای ژیارێکی دیموکراتی ، بۆ ئەمەش دەتوانین بڵێین کە پوکانەوەی یەکجارەکی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی بەهۆی مۆنۆپۆڵی و کۆلۆنیکردن بە ئامانج ناگات ، چونکە لێرەدا سیاسەت وەك هونەری ئازادی پێناسەیەك بۆخۆی دەکات ، کە هەر نەتەوەیەك سیاسەت تێیدا بوونی نەبێت و ڕۆڵی خۆی نەگێڕێت ، ئەوا مانای بێ ئیرادەیی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێت و هیچ گۆتە و ئیرادەیەکی هاوبەشیشی تێدا بەدیناکرێ ، ئەمەش بە واتای زاڵدەستی مردن دێت بەسەر ناکاراییە سیاسیەکەی کە بریتییە لە بێدەنگی . جڤاکی سیاسی و ئەخلاقی بە درێژایی مێژوو جۆرە سیاسەتێکی ئۆتۆنۆمی تێیدا ڕۆڵی گێڕاوە ، کە هەردەم گوزارشتی لە سەربەخۆیی سیاسی کردۆتەوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان ڕەخنەیەك لە ڕێبازی لیبرالیزم دەگرێت ، کە پێیوایە لیبرالیزم سەربەخۆیی سیاسی گۆڕیووە و ناوی سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوەیی لەجێگادا داناوە ، بۆئەمەش ماناکەی جگە لە ساختەکاریەك هیچی تر نادات بە دەستەوە ، لەتەك ئەوەشدا شۆڕشی سیاسی زیاتر مانادار کردووە . خۆڕاگریی سیاسی تەنها لە چوارچێوەی پاراستنی جڤاك و ناوچە جوگرافیایەکەی نەوەستاوە ، بەڵکو ڕوویکردۆتە پاراستنی زۆرێك لە کەسایەتی سیاسی سەنگینیش لەناو شۆڕش و خۆڕاگریەکانیدا .

بە دیدی ئۆج ئالان لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بەرتەسککردنەوەی مانای سیاسەت زۆر لەوە زیاترە کە لەسەردەمی شارستانیەتدا ئاواکراوە ، بەتایبەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، کە گشت شانەکانی ژیانی سیاسی تێیدا ڕووبەڕووی کۆلۆنی و مۆنۆپۆڵی بوونەتەوە . لەمەشەوە ئۆج ئالان ئاماژە بەوە دەکات کە تا چەند پەلهاویشتنی سیاسەت بۆ ناو سەرجەم کایەکانی ژیانی جڤاك ئاوابکرێت ، ئەوەندەش دەبێتە وەڵامێك بۆ دەسەڵات ، چونکە سیاسەت وەك بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە بوونی سیاسەت لەناو تەواوی جڤاکدا خۆی ناساندبێت و ماناکانی ئاراستەی چینی کۆمەڵایەتی کردبێت .

بەردەوامبوونی جەوهەری سیاسی و ئەخلاقی پەیووەستە بە بوونی جڤاکێك کە لە بەرخودانداية بۆ هەبوونی خۆی ، ئەمەش لە دیدی ئۆج ئالاندا ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئاخێزگەدا جڤاك سروشتێکی سیاسی و ئەخلاقی هەیە ، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا بوونی جڤاك بەرەو بوونێکی سۆسیالیستی و کەپیتالیزمی چووە ، ئەمەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وایکردووه کە جڤاك ڕەسەنایەتی خۆی لەلا ناڕۆشن بێت و فریوخوازی تێیدا بکرێت بە ئامانج ، بەڵام جڤاك لەخۆیدا جەوهەری کارەکتەرەکەی بریتییە لە ئەخلاق و سیاسەت ، هەر ئەمانەش پێناسەیەکی ڕاستینەیان بۆ جڤاك لەخۆدا هەڵگرتووە . لەتەك هەموو ئەمانەشدا توندڕەویەکانی دەسەڵات لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بوون بە کێشەیەکی مەزن و وەك کۆسپێکی بەردەم نەشونماکردنی دیموکراسی خۆیان خزاندۆتە ناو جڤاکەوە ، لەمەشەوە سیاسەت بۆ پاراستن و بەردەوامی جڤاك و بەرژەوەندیە ژیانیەکەی جڤاك وەك ئامرازێك دەردەکەوێت ، لەم پێوەدانگەیشەوە بەردەوامیدان بە سیاسەت ، بەردەوامیدانە بە ژیان بەتایبەتی لەناو جڤاکدا . بۆئەمەش دەتوانین بڵێین سیاسەت کاتێك لەناو جڤاکدا بێ مانا دەبێت کە فەرمانڕەوایەتی مۆنۆپۆڵی لەژێر ناونیشانی دەوڵەت بەسەر جڤاکدا ئاوابکرێت ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سنووردارییەش گەرەکە جڤاك هەبوونی خۆی وەدیاربخات ، چونکە شۆڕشەی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەبەرامبەر جڤاکدا بەرپایکردووە ، بووەتە هۆی ئافراندنی تازەگەری دیموکراتی و سەپاندنی بەشێوەیەکی ناچاری ، بۆ ئەمەش ناوەڕۆکەکەی هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە لەڕووی ئایندەوە . ئۆج ئالان لێرەدا دەیەوێت ئاماژە بە سیاسەتی دیموکراتیانە بکات ، کە پێیوایە ئەمە تەنیا لە جڤاکی سیاسی و ئەخلاقیدا بە ئەنجام دەگات ، کە ماهیەتی پەرەسەندنی تێدا بەدیدەکرێت و ئازادییەکان و یەکسانی و دیموکراسیەت تێیدا زیاتر بە ئەنجام دەگەن . بۆئەمەش بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە سیاسیەکان لەناو جڤاکدا ، دەبێتە مایەی ئازادی و دیموکراسیەت ، لێرەشدا سەرکەوتنەکانی تاك و کۆمەڵ بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی یەکسانی و پراکتیزەبوونی سیاسەت لەناو جڤاکدا ، کە گوزارشت لە دۆخی ڕۆشنبیری دەکاتەوە (ئۆج ئالان، پ3 ، 2010. ل407-424) .

## سێیەم : ڕۆشنبیری

بوونی هەر مرۆڤێك پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆژی و سیاسی ئەو جڤاکەی کە تێیدا ژیان دەکات ، لەم پێوەدانگەیشەوە هەر مرۆڤێك کە لەناو هەر جڤاکێکدا دژی ئەوا لەتەك مرۆڤەکانی تردا ئەرك و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشان ، ئەمەش بۆ باشتر ژیانکردنە لە سەرجەم ڕوویەکەوە ، ئەم ئەرکانەش لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقیدا خۆیان دەبیننەوە . ئەرکی ڕۆشنبیر هەڵوێست وەرگرتنە لە دژی تەواوی ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی کە چوونەتە ناخی جڤاکەوە یاخود بەرەو جڤاك دێن ، بۆئەمەش ڕۆشنبیر هەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەم ئەرکەی دەکەوێتە سەرشان کە پەیووەستە بە کەشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی جڤاك . ئامانجی ڕۆشنبیر لەناو جڤاکدا ئافراندنی سیستەمێکی دیموکراسیە و سەروەرکردنی تەواوی یاساکانە بەسەر تەواوی جڤاکدا ، لەتەك ئەوەشدا گەرەکە ڕۆڵی هۆشیاربوونەوەی جڤاك وەبەرچاوبگرێ و نامرۆڤ بوون دووربخاتەوە ، لەتەك ئەوەشدا گەرەکە خۆی لە بەڕەها هەژمارکردن بەدوور بگرێ ، چونکە بە ڕەها کردنی هەر مرۆڤێك لەهەر بوارێکدا گوزارشت لە نامرۆڤ بوون دەکات لەو بوارەدا . ڕۆشنبیر کەسێکە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات ، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی پەیووەستە بە دادپەروەریەوە ، ئەمەش واتای کراوەبوونی جڤاك بەدەستەوە دەدات (کۆمەڵێك نووسەر ، 2014، ل170-174) .

ڕۆشنبیری گوزارشتە ڕۆشنایی هزری ، ئەم ڕۆشنبوونەوەیە هزریەش گەرەکە کرداربنوێنێ لە خزمەتی جڤاکدا ، چونکە ڕۆشنبیری پەیووەست بە کەشە سۆسیۆلۆجی و ئابووری و سیاسییەکان ماناکەی خۆی تەواو دەکات ، لەم پێوەدانگەیشەوە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی کاتێك کە ڕوویکردبۆوە دەسەلاَتی ڕەها و مۆنۆپۆڵی سەرمایە و مافی هاولاَتیان ، گۆڕین و لەبەریەك هەڵوەشانی ئەم فەرمانڕەوایەتی و دەسەلاَتە دەبێت بەیەکێك لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیری کە دواجار بیری ئازادی بەدواخۆیدا دەهێنێ .

هۆڵباخ[33] کە فەیلەسووفێکی ئەڵمانیە ، پێیوایە کە ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە و لەتەك ئەوانیتردا ئەندامێکی جڤاکە ، بۆئەمەش گەرەکە پابەند بە جڤاکەکەی بجوڵێتەوە و گوێڕایەڵی بێ ، لەتەك ئەوەشدا دەستبەرداری کەمێك لە ئازادیەکانی خۆی بێت ، تاوەکو سوودی زیاتر بگەیەنێت ، چونکە مل نەدان بۆ جڤاك و بەرگریکردن لە سوودی ڕەها بۆ خودی خۆی ناتوانێت هیچ ئانجامێکی پۆزەتیف بەدەستبهێنێت . ئەوە جڤاکە ڕۆڵ لە پێگەیاندنی هۆشی تاکە کەسدا دەگێڕێت نەك تاکە کەس خۆی هۆکار بێت بۆ نەشونمای هۆشی خۆی . کەواتە کەسی ڕۆشنبیر گەرەکە ئیرادەی خۆی ڕادەستی ئیرادەی جڤاك بکات ، لەمەشەوە ئەرکە ڕۆشنبیریەکان دەتوانرێت لەتەواوی بوارە سۆسیۆلۆجی و سیاسییەکاندا ببینرێن ، بۆ ئەمەش جەخت لە ئازادی دەکاتەوە و ئەقڵ و زانین پایەدار دەکات کە پەیووەستە بە بەروپێشەوە چوونی جڤاك ، چونکە شکۆی هەر جڤاکێك و هەر نەتەوەیەك پەیووەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریەوە ، کە بەدئەخلاقی و زۆرداری دەپوکێنێتەوە ، بۆئەمەش ئەرکە ڕۆشنبیریەکان بەپێی یاساگەلێکی

---

[33]- هۆڵباخ ، بەشێوەیەك ئاماژەی بۆ یاسا دەکرد کە بریتییە لە ئەقڵی مرۆڤ و لەناو جڤاکدا ئافرێنراوە ، بۆئەمەش بانگەشەی بۆ یاسای مەدەنی دەکرد کە گەرەکە جڤاك خۆی دایبڕێژێت و جیایی بکاتەوە لە یاسا سروشتیەکان . هەموو مرۆڤێك لەلای هۆڵباخ ئارەزووی لە سەرکەوتنە بۆ خودی خۆی ، بۆئەمەش گەرەکە ئیرادەی خۆی بە ئیرادەی جڤاکەوە گرێبدات تاوەکو ئیرادەیەکی گشتی سەرهەڵبدات لەپێناو هەمووواندا یاسایەك بەرزبکاتەوە کە گوزارشت لە گشتێتی بکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەقڵمەندانە ڕۆڵ دەگێڕن و گشت ئامانجێکیشیان هۆش ڕوونی هاوڵاتیانە و گەیاندنی جڤاکە بە خۆشگوزەرانی . (From *System*....1770, Pp43-47)

ئۆج ئالان پەیووەست بە لایەنی ڕۆشنبیری ، لایەنی ئەخلاق و سیاسەت دێنێتە مەیدانەوە ، لەم چوارچێوەیەشدا گوزارشت لە ئەزموون و زەهنیەتی جڤاك دەكات . دارمانی ئەزموونی جڤاك مەزنترین هۆكارە بۆ بەكۆیلەكردن و چەوساندنەوەی جڤاك ، بەتایبەت كاتێك كە سیاسەت و ئەخلاقی جڤاك لە تەمەن كورتی خۆیان دەدەن ، ئەمە هۆكارە ئاخێزگەییەكەی ئەزموونی جڤاكە و دواتر دەسەڵاتی سەرمایەداری ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئامرازەكانی دەسەڵات و دەوڵەت كە جڤاك دەخەنە بەردەم ڕوشێكی نالەبارەوە كە مانای كۆیلایەتی دەدات بە دەستەوە ، ئەوا یەكێك لەو ئامرازانە پەیووەستە بە مۆنۆپۆلی ئایدیۆلۆژیاوە كە لەناو جڤاكدا بە ئەنجام دەگات ، ئەمەش زیاتر خۆی لە چەندین بابەتگەرادا دەبینێتەوە كە بەناوەكانی ئایینگەرایی و ڕەگەزگەرایی و زانستگەرایی و هونەرگەرایی ئاواكراون ، جڤاكی بێ ئەزموون خودی خۆی مانای ملكەچبوون دەدات بەدەستەوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان هزر و ئەزموون بە هۆشی جڤاك ناوزەند دەكات ، لەتەك ئەوەشدا ئەخلاق و سیاسەت ئۆرگانێكن لە خودی توانا هزرییەكانەوە وەگەڕدەخرێن . هێزی هزرین بۆ ئۆج ئالان مانای ڕۆشنبیری و خاوەن تێگەی تەواو بەدەستەوە دەدات .

لایەنی ڕۆشنبیری تا چەند بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ ئەوا جڤاكیش بەو ئەندازەیە بەرەو پێشە دەچێت و زیاتر دێتە مەیدانی ئەزموونیەوە و هۆمۆژی دەپوكێنێتەوە . جڤاك هەرچەند لایەنی ڕۆشنبیری پێشبخات ئەوا لایەنی ئەخلاقی و سیاسیشی پێشخستووە .

لە مۆدێرنیتەی دیموكراتیدا چەندین دامەزراوەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن و تێدا هەرچی چەمكی ئەخلاقی و سیاسی و ڕۆشنبیریە دەخرێنە بازنایەكەوە كە گوزارشت لە یەكایەتی دەكات . لێرەدا هەرچی ئەركی ڕۆشنبیریە تێكەڵ بە ئەركی ئەخلاقی و سیاسی دەبێت ، لەتەك ئەوەشدا دەبن بە تەریقەیەك و لەلایەن دەزگای سەرمایەداریەوە ئاراستە دەكرێن ، ئەم سێ چەمكەش كە كراون بە (یەك) ئەوا ئاماژە بە ڕوویەكی مەزنی بە دەزگابوون دەكات . لێرەشەوە ئەركە ڕۆشنبیریەكان گۆتەی جیاوازیان لێدەكەوێتەوە پەیووەست بە سەرجەم شتەكان ، كە بەتەواوی بووەتە قوربانی سەرمایەداری ، كە ئۆج ئالان ئەمە بە سەرمایەداری ڕۆشنبیری ناوزەند دەكات و نمونە بە زانكۆیەكان دەهێنێتەوە ، پێیوایە كە زانكۆ هەرچەندە خۆی بەمانای گەشەی ئەزموونی مرۆیی دێت ، ئەوا لەسەردەمی یەكینەكانی تازەگەری دیموكراتیدا بووەتە بارهەڵگری زانیاریەكانی دەزگای سەرمایەداری ،



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەش مۆنۆپۆڵیەکی ترەو هاوشانی دەوڵەتی نەتەوەییە کە دەسەڵاتی سەرمایەداری هەڵیدەسوڕێنێ . لەمەشەوە ئۆج ئالان وابەستەبوونی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی بە لایەنی ڕۆشنبیری دەکات بە پێویستی .

ئۆج ئالان پێش ئەوەی ئەرکەکانی ڕۆشنبیری ئاماژەپێبکات ئەوا ڕوودەکاتە هەڵسەنگاندنی خودی مانای ڕۆشنبیری . کە لەدیدی ئەودا مانای پێشخستنی زانیاری و گەشەی زەینی دەدات بە دەستەوە . بەڵام لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا ماناکەی خۆی لەدەستداوە و دۆخی خیانەتکردن لە ڕاستەقینەبوون دەگێڕێ ، پابەند بەمەش ڕۆشنبیری ئەرکە سەرەکیەکەیشی ڕۆڵی خیانەتکردن دەدات بەدەستەوە کاتێك بەدوای ڕاستەقینەبووندا دەگەڕێت ، هۆکاری لە دەستدانی ئەو ڕۆڵە گرنگەشی پەیووەستە بە دۆخ گۆڕیەکەی خۆی کە لە ڕۆشنبیری ئەزموونی و زەینییەوە بەرەو ڕۆشنبیری سەرمایەداری چووە ، ئەمە نەك تەنها لە ڕووکاردا دەردەکەوێت ، بەڵکو لە ناوەڕۆکیشدا دەردەکەوێت ، واتا جەوهەری خۆیشی لەدەستداوە و ڕۆڵی سەرمایەداری دەگێڕێت . لەم پێوەدانگەیشەوە کە ڕۆشنبیری ئاراستەیەکی سەرمایەداری وەرگرتووە و لە ئامانجێکی ئەخلاقیەوە بەرەو ئامانجێکی قازانج خوازی دەستیکردووە بە ڕۆڵ گێڕان ئەوا هێنانەوەی بۆ سەر میتۆدەکەی خۆی تا ڕادەیەك ئەستەمە . ڕۆشنبیریەت گوزارشت لە ئیرادە و کەرامەت دەکات ، بەڵام ئەم ڕاستیە تێگەیشتنی ئەستەمە ، چونکە ئەو قەیرانەی کە لێرەدا ڕۆشنبیری دووچاری هاتووە لە ئاخێزگەدا بۆ ئەزموون دەگەڕێتەوە کە سنووردار کراوە بۆ بەرپاکردنی ئاوەردگایەك بەمەبەستی سەرمایەداری ، ئەمەش لەخۆیدا بووەتە هۆکاری ئافراندنی قەیرانی هۆشی مرۆیی .

قەیرانی ڕۆشنبیری لەناو جڤاکدا وەك قەیرانی دەروون وایە لەناو جەستەدا ، بەتایبەتی لە تەواوی سەدەکانی نۆزدە و بیستدا ئەم قەیرانە بەدیدەکرێت ، کە ماناکەی هاوشانە لەگەڵ هێزی ئەزموونگەرایی سەرمایەداری کە بەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاواکراوە ، لەتەك ئەوەشدا لە تەواوی کایەکانی ڕۆشنبیریدا ڕەنگیداوەتەوە ، سەرجەم لایەنەکانی ڕۆشنبیری لێرەدا کە پەیووەستن بە فەلسەفە و زانست و ئایین ، تەنانەت ئەخلاق و سیاسەتیش تێکەڵ بەو دەسەڵاتە کراون کە لەخزمەتی مۆنۆپۆلی و پێکهاتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیدا بەڕێوەدەچن ، هەرچەند دەوڵەتی نەتەوەییش لێرەدا خۆی کۆمپانیایەکی گەورەی قۆرخکاری سەرمایەیە ، ئەوا گورزێکی مەزنیشی لە ڕۆشنبیریەت وەشاندووە ، بەتایبەتی ئەمەش بەشێوەیەکی کارا لەناو سیستەمەکانی خوێندنی ئەکادیمیادا دەردەکەوێت کە بووەتە بارهەڵگری زانیاری و ئەزموونە جۆربەجۆرەکانی سیستەمی سەرمایەداری ، پەیووەست بەم ئاماژەپێکردنانەی ئۆج ئالان لێرەدا دەتوانین ڕوونکردنەوەیەکی بەپێز هەڵبگۆزێنین ، کە لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا هۆشی نەوەی تازە و تەنانەت دەروونیشی گەیەنراوە بە دۆخێك کە مانای بەکۆیلە بوون دەگەیەنێت ، واتا وەك


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندەیەك لەبەردەم خوداوەندی دەوڵەتی نەتەوەییدا چۆکیان داداوە و لەبەردەم چینێکی تری ڕاهیبەکانی وەك سۆمەردا خۆیان دەبیننەوە ، ئەوانەشی لێرەدا کڕنووشیان بۆ مادده نەبردووە و کەرامەتی خۆیان پاراستووە زۆر دەگمەنن ، چونکە لەسەرجەم کایەکانی ڕۆشنبیریدا شۆرشێك بەڕێوەدەچێ کە شۆڕشی سەرمایەداریە و تاکەکانی لە ئیرادەیەکی شەرەفمەندانەوە بەرەو ئیرادەیەکی ماددەگەری پەلکێش کردووە ، لەتەك ئەوەشدا لەژێرناوی دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆی زیت کردۆتەوە .

ئۆج ئالان بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر چینی ڕۆشنبیران لەناو جڤاکدا ، کە پێیوایە ڕۆشنبیر بەرپرسیارە لەسەرجەم ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی جڤاك دەبنەوە ، واتە وەك چۆن لەناو جڤاکدا بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشان لەچۆنیەتی ئافراندنی هزر و گۆتە و کردەوەی چاك ئاوهاش بەرپرسیارە بەرامبەر بە ژینگەکەیشی . لەم پێوەدانگەیشەوە ئۆج ئالان هەڵوەستەیەك دەکات و ڕوودەکاتە شیکردنەوەی خاڵێك کە پەیووەستە بە ونبوونی خودی ڕۆشنبیر ، کە بەهۆی ناکاراییەکەی خودی ڕۆشنبیریەتی شێواندووە و لەبواری ستراتیژی و تەکنیکیەوە ڕووبەڕووی شکستگەلێکی هەمەجۆر بۆتەوە ، ئەمەش بەوەی کە ئامانجی زانستی لەچۆنیەتی خزمەتکردن بە جڤاك و چۆنیەتی بەردەوامبوونی گوازتۆتەوە بۆ چۆنیەتی پاوانخوازی و مەرامە سیاسییەکانی دەسەلآت و چۆنیەتی بوونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی .

ئەو قۆناغەی کە بەناوی تازەگەری دیموکراتییەوە ئاواکراوە ، زیتەڵە ڕۆشنبیریەکان ، زانست و زانیاریەکانی تێداکراون بە دیدگایەکی سەرمایەداری ، بۆ ئەمەش داڕووخانی ئەخلاقی بەداوی خۆیدا هێناوە ، لەتەك ئەوەشدا زانست و ئەخلاقیشی لەیەکتر دابڕاندووە ، ئەم لەیەکتر دابڕاندنەی زانست و ئەخلاق لەدیدگای ئۆج ئالاندا بە ئاخێزگەی ئافراندنی ئامرازەکانی وێرانخوازی و پەراوێزخستنی جڤاك دادەنرێت ، پابەند بەم دۆخەش ئۆج ئالان پێشنیاری ئەوەدەکات کە هەرچی هەوڵی ڕۆشنبیری هەیە بە زانست و زانیاریەوە بخرێنە چوارچێوەی جڤاکێکی ئەخلاقی و سیاسی ، و وەستاندنی دۆخی بەرتەسککردنەوەی مانای زانست و تەواوی زانیاریە ئەزموونیەکان بکرێن بە ئامانجی ڕۆشنبیری و هەوڵەکانی ، کە ئەمە گوزارشت لە دۆخی سروشتی جڤاك دەکات . سەرجەمی زانست پەیوەندیدار بکرێت بەو شتەی کە بوونی هەیە نەك ئەوەی کە بوونی نیە ، لەم پێوەدانگەیشەوە گەرەکە شۆڕشێك بەرامبەر بە تازەگەری دیموکراتی لەلایەن جڤاکەوە بە ئامانج بگیرێت کە هەوڵ تێکهەڵکێشکردنی زانست و سەرمایە دەدات ، ڕۆشنبیریش لە دۆخێکی وەهادا گەرەکە دوو شت بە ئامانج بگرێت ، لەلایەك خۆڕاگربێت و لەلایەکی تریش فاکتەری لێتوێژینەوە بێت لەسنووری خۆڕاگریەکەیدا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکی ڕۆشنبیری بەتایبەت لە تازەگەری دیموکراتیدا کەوتۆتە ناو شۆڕشی هەرسکردنی پرنسیپەکانی خۆی ، ئەمەش بەتایبەتی لە ئاستی جیهانگیریدا ، کە لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن بەڕێوەدەچێ ، بۆ ئەمەش لە هەموو هەوڵەکانیدا گوزارشت لە دابڕاندنی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی دەکاتەوە لەگەڵ زانستدا ، کە لەلایەك گوزارشت لە پوکانەوەی دۆخی سوودبەخشی جڤاك دەکات ، لەلایەکی تریشەوە گوزارشت لە قەڵەمبازیە ڕۆشنبیریەکانی ئەنتی شارستانیەت دەکات کە تێیدا شۆڕشی خۆی پەیووەست بە زانست و ڕۆشنبیری ئاوادەکات .

تازەگەری دیموکراتی بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی پێویستی بە هاوکاری ڕۆشنبیری و میتۆدی زانستی هەیە ، ئەمەش زیاتر لەلایەن دامەزراوەی نوێوە بە ئەنجام دەگات نەك رشۆشنبیری سەرمایەداری ، چونکە لێرەدا ڕۆشنبیری سەرمایەداری پابەند بە دامەزراوەکانی سەرمایەداری ڕەفتار دەکات ، بۆ ئەمەش زانیاریەکانی لە ڕابردووەوە وەردەگرێت و دۆخێك دەئافرێنێت کە ئێستا و ڕابردوو لێکجیابوونەوەیان نەبێت . لەم پێوەدانگەیشەوە ڕۆشنبیری ڕاستەقینەبوونی خۆی لەدەستدەدات . کەواتە ئەرکی ڕۆشنبیری ئافراندنی شۆڕشێکی گشتگیرە بۆ زیاتر بەیەکەوە لکاندنی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی بە زانستەوە ، زانستێك کە لە هۆشی مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆوە سەریهەڵداوە و بەرهەمی ئاوەڵابوونی هزرینێکی سەربەخۆیە ، لەمەشەوە ڕۆشنبیری دەگاتوە بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی و ڕۆشنبیریش لێرەدا کەسێکە کە هەست بە ڕاستەقینەبوونی خۆی دەکات ( ئۆج ئالان، پ 3، 2010. ل107-109 ، 373-374 ، 376-394) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەسکی چوارەم " ئاستەنگە هزری و پەروەردەییەکانی جڤاك لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا

چەمکی پەروەردە ، یەکێکە لەو ئاخێزگە گرنگانەی کە لە گشت بوارەکانی ژیانی جڤاکدا ڕۆڵ دەگێڕێت ، لەتەك ئەوەشدا پەروەردە ئۆبژەیەکە و کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی تاك دەنوێنێت ، واتە مرۆڤ لە نەزانی دەردەهێنێ و بەرەو ئاراستەیەکی هۆشمەندانەی پەلکێش دەکات ، لەمەشەوە مرۆڤێکی تەندروست دەئافرێنێت ، کەواتە پەروەردە و تەندروستی دوو بنەمان کە پەیووەندی پتەویان بە جڤاکەوە هەیە ، پەروەردە بەپێی کاریگەریەکەی لەپێش تەندروستیەوە دێت ، بەلاّم هاوشانی پەروەردەش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەناو تاك و کۆمەڵدا . نەشونمای هۆشیاری و زانستی لەناو هەر جڤاکێکدا وەستاوەتە سەر لایەنی پەروەردەیی ئەو جڤاکە و گرنگی پێدانی لەڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە . لەم پێوەدانگەیشەوە تەواوی جومگە سەرەکیەکانی جڤاك بەهۆی پرۆسەی پەروەردەییەوە پتەوبوونی خۆیان دەردەخەن . پابەند بەمەش پرۆسەی پەروەردە کۆڵەکەی ڕاگری جڤاکە ، لەم پێوەدانگەیشەوە پەروەردە تاکێکی تەندروست و جڤاکێکی تەندروست ئاراستە دەکات (Rachel….(2001).Pp1-3) . پەروەردە پرنسیپێکی سەرەکیە و بۆ تەواوی بابەتەکانی تر دەبێت بە بناغە ، لەتەك ئەوەشدا نەبوونی لەناو جڤاکدا و پشت نەبەستن پێی کاردانەوەی نێگەتیفی دەبێت ، چونکە تاکە بنەمای چارەسەری کێشەکانی نەبوونی هۆشیاریە . پەروەردە تاکە چارەسەری سەرجەم کێشەکانە و لابەری ئەو ئاستەنگانەیە کە بەشێوەیەکی نێگەتیف بەرەوڕووی جڤاك هەنگاو دەنێت ، ئەمەش لەلایەن دەسەلاّتەوە بێت یاخود هەر کێشەیەکی تر ، بۆ ئەمەش دەبێتە بنەمای چەسپاندنی دادپەروەری لەناو جڤاکدا . پەروەردە پرۆسەیەکە پەیووەندی بە هۆش و هزرینەکانی مرۆڤەوە هەیە ، واتا بەهەمی هۆشی مرۆییە و شتێك نیە بە سروشت و لەدەرەوەی مرۆڤەوە هاتبێ ، پابەند بەمەش هاوشانی مرۆڤ دەڕوات و هەر لەکاتی لەدایك بوونیەوە تا کاتی مردن ، لە هەموو ئەو ماوەیەشدا ڕۆڵی فێرکار دەبینێت ، چونکە مرۆڤ هەرچەندێك بژی ئەوا هێشتا پێویستی بە پەروەردەیە (Hamlyn, 1987.Pp15-16) .

ئەفلاتوون[34] لە کۆمارەکەیدا ، پەروەردەکردن بە پرۆسەیەکی سەرەتای گشت شتەکان دادەنێت ، بۆ ئەمەش هەوڵدەدات لەڕێگەی پەروەردەوە دەروونێکی چاك ئاماژە پێبکات ، لەمەشەوە پەروەردە دەکاتە مەرجی سەرتا و بە ئافرێنەری دەروونێکی چاکی دادەنێت کە ئەو خۆی بە دەروونی فەلسەفی ناوزەندی دەکات . لەمەشەوە ئەفلاتوون

-34 ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا ئاماژە بە سێ جۆر لە پەروەردە دەکات ، پەروەردەیەك تایبەت بە فەرمانڕەواکان ، پەروەردەیەك تایبەت بە سەربازەکان ، پەروەردەیەك تایبەت بە کەسانی بەرهەمهێنر- هاولاّتی ئازاد . بۆ هەریەك لەمانەش کات و شوێنی تایبەت بەخۆیان بۆ دیاریدەکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جڤاکێکی تەندروست لەڕێگەی پەروەردەیەکی چاکەوە دەباتەوە ، لەتەك ئەوەشدا هێشتنەوەی یاسا و پاراستنی بڕوا لەلای ئەفلاتوون لەناو پرنسیپەکانی پەروەردەدا خۆیان دەبیننەوە ، پەیووەست بەمەشەوە ڕۆڵی پەروەردە بەرز دەنرخێنێ و پێیوایە کە پەروەردە لە پێگەیاندنی تاك و کۆمەڵدا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت و پابەند بەمە پرۆسەی پەروەردە بۆ هەرسێ چینی فەرمانڕەوا و سەرباز و بەرهەمهێنەرەکان پێشنیار دەکات (ئەفلاتوون، 2009، ل132، 146 ، 201) .

ئامانجی پەروەردە گۆڕینی جڤاکە لە ژیان و ئایدیۆلۆژیایەکی نا تەندروستەوە بەرەو ژیان و ئایدیۆلۆژیایەکی تەندروست . بۆئەمەش گەرەکە بەتەواوی لەناو هەموو دامەزراوەکاندا ڕەچاوی پرنسیپەکانی بکرێت ، چونکە لایەنی زانستی و تەندروستی جڤاك بەم پرۆسەیەوە بەندە و تواناو تایبەتمەندیەکانی جڤاك بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دەردەکەون ، پابەند بەمەشەوە پەروەردە تەرازووی هاوسەنگیە لەنێوان پێداویستیەکانی تاك و کۆمەڵدا . پەروەردە هەرچەند خۆی بابەتێکی مەزنە و وەسفکردنی بەکۆتا ناگات ، بەڵام ئەوەی تێیدا ڕۆڵ دەبینێت بەشێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر چۆنیەتی و چەندێتی لایەنی جێبەجێکار و وەرگر یاخود فێرکار و فێرخواز ، لەم ڕێگەیەشەوە ئامانجەکەی خۆی دەستگیر دەکات ، کە لە ئەمەوە بۆ ئەو زیتەڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ ، لەتەك ئەوەشدا بەبێ بوونی دڵنیایی لەنێوان سەرجەم تاکەکانی جڤاك و فەرمانڕەوایەتی ئامانجەکەی نایەتەدی . لەمەشەوە دەتوانین تەندروستی جڤاك و سەرجەم تاکەکانی لەناو پرنسیپەکانی پەروەردەدا هەڵبگۆزێنین (Crosson,1999.Pp8-9) .

جۆن دیۆی[35] کە فەیلەسووفێکی ئایدیالیزمی ئەمریکییە ، پێیوایە کە پەروەردە ڕۆڵی ڕێکخستنی ژیان دەگێڕێت ، بەتایبەتی بوون و سرووشتی ژیان و چۆنیەتی ئاراستەکردنی . لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین ئاماژە بە جۆرێك لە پەروەردە بکەین لەلای دیۆی کە لەسەر لایەنی پراکتیکی وەستاوە ، لەتەك ئەوەشدا دیۆی فەلسەفە و پەروەردە بەیەکەوە گرێدەدات و لەلای ئەو هەردووکیان یەك مانا و یەك شتن . جۆن دیۆی گرنگیپێدانی مرۆیی و چارەسەری سەرجەمی ئاستەنگەکانی گەشەی مرۆیی لە پەروەردەدا دەبینێتەوە ، کە ئەمەش لەخۆیدا گوزارشت لە چۆنیەتی تەندروستبوونی تاك و جڤاك لەڕووی هۆشیاری و لایەنی سیاسی و ئەخلاقیەوە دەکات ، کە سەرەنجام دیموکراسیەت بەدوای خۆیدا دەهێنێت (Zeller. 2000. pp 17-18) .

---

[35]- جۆن دیۆی ، نەك تەنیا بە ئامرازگەرایی ناسرابوو ، بەڵکو بە هزرڤانێکی کرداریش ناسرابوو ، چونکە لەتەواوی گۆتەکانیدا پەیووەست بە پرۆسەی پەروەردەکردن ، بانگەشەی بۆ پەروەردەیەك دەکرد کە بەشێوەیەکی پراکتیك(کردار)ی بە ئەنجام بگات نەك تیۆری و بەس . بۆئەمەش پەروەردەکردن کاتێ مانای خۆی دەدات بەدەستەوە کە بەکردەوە ئەنجام درابێ و بە تاقیکردنەوەدا تێپەڕیبێ .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دیدگای ئۆج ئالاندا و پەیووەست بە تێگەی پەروەردە و تەندروستی ، دەتوانین هەڵوەستە لەسەر گۆتەیەك بكەین لە مۆدێرنیتەی دیموكراتیدا ، كە لێرەدا پێیوایە سیستەمی پەروەردە شێوەی تاك خوازی بە ئامانج وەرگرتووە ، ئەمەش لەخۆیدا گوزارشتە لە دژایەتیكردنی جڤاك و لەبەرچاوگرتنی تاكگەرایی . پابەند بەمەشەوە سیستەمی دەسەڵات كە خۆی لە سەرجەم بڕیارەكاندا بەهەند وەرگرتووە ، ئەوا مافی تاكخوازیشی بۆ ئامانجە مۆنۆپۆلیەكەی لەژێر ناونیشانی لیبرالیزمدا بەرزكردۆتەوە ، لەتەك ئەوەشدا كەرتی پەروەردە بووەتە ئامانجێك و لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە بەرنامە ئیداری و ڕۆشنبیرییەكانی ئاواكراوە و بە دۆخی بە پیشەسازیبوونی گەیاندووە . لەم پێوەدانگەیشەوە نەك هەر تەنیا بە پیشەسازیبوونی پەروەردە بە ئامانج وەرگیراوە ، بەڵكو لەڕووی تەندروستی ئەزموونی و زەینیشەوە تاك بەرەو پوكانەوە براوە و ڕووبەڕووی ژێرپەنجەی هۆشەكی بووەتەوە ، لێرەشەوە تاك لە جڤاك دابڕێنراوە . بە نەبوونی پەروەردە جڤاك لە دۆخە سیاسی و ئەخلاقیەكەی دادەبڕێت ، ئەمەش زیاتر لەو جڤاكانەدا خۆی وەدەردەخات كە پابەند بە بەرنامەڕێژیەكانی مۆدێرنیتەی دیموكراتی هەنگاو دەنێن .
كەواتە دابڕانی جڤاك لە سیستەمە ئەخلاقی و سیاسیەكەی بەواتای بۆردومانكردنی مرۆڤەكان و سڕینەوەی بنەما ئەخلاقی و سیاسیەكانی تاك دێت ، هەر جڤاكێكیش كە بە دۆخێكی وەها بگات ئەوا سەرجەمی تاكەكانی لە ڕووی تەندروستی زەینییەوە ناتەواو دەردەچن كە هیچ تیۆر و بنەمایەكی چارەسەری ناتوانێت بیانگەیەنێتەوە بە دۆخەكەی پێش خۆیان . ئۆج ئالان لێرەدا دەیەوێت پەروەردە بە دۆخێك بگەیەنێت كە تەندروستی جڤاك لەئەستۆ بگرێ ، بەلأم لە مۆدێرنیتەی دیموكراتیدا بە ئامانجی وێرانكاری و تێكدانی تەندروستی لە هەموو بارەكاندا بەكاردەبرێت كە لەژێر ناونیشانی زانست بۆ گەشەكردن و تەندروستی جڤاك ئاواكراوە . بۆئەمەش ئۆج ئالان پەروەردە دەكات بە ئاخێزگەی ژیان لە جڤاكدا ، هەركاتێكیش ئەم ئاخێزگەیە تێكچوو ، مانای وایە جڤاك تێكچوو . بۆ ئەمەش لەتەواوی زیتەڵەكانی مۆدێرنیتەی دیموكراتیدا چەمكی پەروەردە كراوەتە پێشەنگ و پێشگری وشەگەلێكی وەك دیموكراتیبوون و لیبرالیزم و یەكسانی و.....هتد . كاتێك جڤاك بە دیموكراتیزە دەبێت كە تاك تێیدا گەیشتووە بە هۆشیاری تەواو ، بێگومان هۆشیاریەك كە وابەستەیە بە سیستەمی سیاسی و ئەخلاقی ، جڤاكی تەندروستیش ئەو كاتە هەیە كە سیستەمی پەروەردە تێیدا بە ئامانجی مۆنۆپۆڵی سەرمایە بەكارنەبراوە (ئۆج ئالان، پ5، 2011. ل496-497) .

كێشەگەلێكی وەبەرچاو كە ڕووبەڕووی لایەنی پەروەردە و تەندروستی بووەتەوە لەناو جڤاكدا ، پەیووەستە بەو دۆخەی كە لەلایەن مۆنۆپۆلی دەسەلأت و دەوڵەتەوە ئاواكراوە بەتایبەتی لە ژیانی مۆدێرنیتەی دیموكراتیدا ، لەتەك ئەم كێشەگەلانەشەوە لایەنی پەروەردە و تەندروستی بە دۆخی بازرگانیكردن براوە و هەردەم وەك سەرزەمینێكی دەوڵەت و دەسەلأت لێی دەڕوانرێت . پابەند بەمەشەوە زانست لەشێوەی دەوڵەت خۆمان نیشان دەدات و بووتە هێز و ئامرازێكی ئەزموونگەری یاخود ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی سەرمایەداری ، لێرەشەوە لایەنی پەروەردە و تەندروستی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونەتە هاوڵی تاکە ڕێگای دەسەڵات . کێشەیەکی تر کە خۆی خزاندۆتە ناو پرنسیپەکانی پەروەردەوە لە ئێستادا ئەوەیە کە دەوڵەت ئەو ڕۆڵەی بەخۆی بەخشیووە ، واتە ڕۆڵی پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی بەرنامەکانی بوونەتە یەکێك لە ئامانجەکانی دەوڵەت و لەژێر ناونیشانی جڤاکێکی تەندروست دەرخواردی تاکەکانی دەدات ، ئەمەش هەر لە منداڵێکەوە بگرە تا دەگاتە بەساڵاچوویەکیش ، بەڵام ئەمە ئەرکی جڤاك خۆیەتی کە لە ئەستۆی بگرێت نەك دەوڵەت ، چونکە ئەمە پەیووەستە بە نەریتەکانی جڤاك و پرنسیپە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکانی جڤاك . دەوڵەت و دەسەڵات لە ئەنجامی بەرنامەڕێژیەکانیانەوە بوونەتە میکرۆبی جڤاك و هەردەم لایەنی پەروەردەیان بە ئامانجی خۆیان وەرگرتووە . ئۆج ئالان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەی بوون و نەبوونی جڤاك پەیووەستە بە خودی جڤاك خۆیەوە ، هەروەها مافی هەبوونی خۆی لەلایەن خۆیەوەیەتی نەك لەلایەن جڤاکی تر و کەسانی ترەوە ، واتە ئەوە جڤاك خۆیەتی کە مافی ژیان و هەبوونی خۆی بە خۆی دەدات نەك کەسانی تر ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێنن . ئەگەر جڤاك مافی هەبوونی خۆی بەوانی تر بسپێرێ ، ئەوا مانای ئەوەیە کە خۆی بە دەسەڵاتی سەرمایە و مۆنۆپۆڵی دەسەڵات سپاردووە . لەلای ئۆج ئالان پەروەردە ئاخێزگەی خۆی لە هەبوونی ژیان و هەبوونی خۆیەوە وەردەگرێت کە تێدا خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت نەك دەسەڵات .

ئۆج ئالان پابەند بە چەمکی پەروەردە ڕوودەکاتە مێژووی شارستانیەتەکان و چۆنیەتی ململانێی نێوانیان ، کە لێرەدا دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە بەهۆی زەوتکردن و مۆنۆپۆڵی پەروەردە لەلایەن دەسەڵاتەوە خودی ڕاستییەکانیش خراونە ئەودیو پەردەوە ، ئەمەش بەدرێژایی مێژوو بەردەوامی بەخۆی داوە ، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی بە فکرداهاتنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جڤاکدا لەڕێگەی پەروەردەوە ، کە ئەمەش شۆڕشێکی دژە تەندروستیە و ڕووبەڕووی جڤاك ئاوادەکرێت ، کە تێیدا دەسەڵات ڕۆڵی ئەکتیڤی خۆی دەبینێت و شێوە لۆژیکی خۆی بۆ بەکۆیلەکردنی تاکەکان وەگەڕدەخات .

لە دیدی ئۆج ئالانەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە پاوانکاریەکانی دەسەڵات بەشێوەیەکی مەزن لەڕێگەی پەروەردەوە بە ئامانج گەیشتووە وەك لەهەر شتێکی تر ، وەبەرچاوترین خاڵیش تێیدا ناچارکردنی پەروەردەییە کە لەمڕۆدا نەمانی نەخوێندەواری و هەوڵدان بە مەبەستی تەندروستی گشتی بە ئامانج وەرگرتووە .

ئەرکی سەرەکی جڤاك بەرامبەر بە پووکانەوەی دەسەڵاتی سەرمایە و مۆنۆپۆڵی دەسەڵات ، بەرەوپێشەوە بردنی دامەزراوە پەروەردەییەکانیەتی ، کە ئاماژە بە هەبوونی ڕاستەقینەیی و کارابوونی لایەنی سیاسی و ئەخلاقی خۆی دەکات ، بۆ ئەمەش دامەزراوە ئەخلاقی و سیاسییەکان پێویستییەکی جڤاکین کە لەناوەڕۆکی پەروەردەوە دەردەچن ، لەمەشەوە پێویستە جڤاك تەندروستی خۆی بپارێزێت ، چونکە تەندروستیش هاوشانی پەروەردە ئاخێزگەکەی لەسەر بنچینەی ئازادی و هۆشیاری بنیادنراوە . پابەند بەمەشەوە تەندروستببونی جڤاك گوزارشتە لە جڤاکێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازاد ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا بەتایبەتی دەسەڵاتی سەرمایەداری و مۆنۆپۆڵی دروشمی پەروەردە و تەندروستی بەرزکردۆتەوە . تەندروستبوونی جڤاك لەلای ئۆج ئالان بەواتای جڤاکێکی ئەخلاقی و سیاسی دێت ، هەروەها بەواتای ڕۆشنگەری دێت . لەدیدی ئۆج ئالاندا چەمکی پەروەردە و تەندروستی هۆکارن بۆ مانەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازی و سەرمایە ، ئەمەش کاتێك کە ئەم مۆنۆپۆلیەی دەسەڵات بە ئامانج دەگات ، ئەوا دەردەکەوێت کە گەورەترین زەبری کوشندە بەر جڤاك کەوتووە ، بۆ ئەمەش گەر جڤاك هۆشیاری خۆی لەدەستبدات و ملکەچی بەرنامەڕێژیەکانی ئەو پەروەردە و تەندروستیە بێت کە لەلایەن سەرمایەداریەوە ئاواکراوە ، ئەوا مانای خۆ ڕادەستکردنە بە سیستەمی سەرمایەداری ، ئەوکاتیش جڤاك دەبێت بە موڵکی دەسەڵاتی سەرمایەداری ، لێرەشدا ئۆج ئالان بانگەشە بۆ خەبات و تێکۆشانی سیستەمی شارستانی دەکات بەرامبەر بەو ڕەوشەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی ئافراندوویەتی ، تاوەکو سەرجەمی کێشە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جڤاك بگەن بە چارەسەریەکی ڕیشەیی (ئۆج ئالان، پ3، 2010. ل144-147) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وانەسکی پێنجەم " فیمینیزم ، فیمینیزم و ئایین ، فیمینیزم لای ئۆج ئالان

فیمینیزم ، بەواتای مێینەگەرایی ، یاخود ژنگەرایی دێت ، ئەمەش بەگوێرە هزرڤانان زۆرجار واتای رەوتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو یاخود باوەڕبوون بە ڕابەرایەتی ژن و پیاو دەدات بەدەستەوە . فیمینیزم یەکێکە لەو چەمك یان ڕەوتە تازانەی کە مێژووی سەرهەڵدانی بۆ 1790-1890 دەگەڕێتەوە ، بەلاَم بەشێوەیەکی بەرچاو لە ساڵی 1838 لە فەرەنسا سەریهەڵدا ، ئەمەش خۆی پەیووەست بەچەندین بابەتی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و فەلسەفی ....هتد وە نمایش دەکات . بۆ ئەمەش فیمینیزم پەیووەست بەهەر ڕەوتێکی وەك لیبرالی و سۆسیۆلۆجی و مارکسیزمی مانایەکی جیاواز بەدەستەوە دەدات ، بەلاَم ئامانجی سەرەکی لە فیمینیزمدا و بەرزکردنەوەی وەك چەمکێکی ژن ، بریتییە لە ڕزگارکردنی ژن لەو بارە ناهەموارەی کە لەلایەن پیاوەوە بۆی ئافرێنراوە (نورة فرج المساعد، 2006 ، ل4) .

فیمینیزم وەك چەمك و تیۆر ، یاخود وەك بزاڤ و قوتابخانە ، بابەتگەل و تێڕوانینێکی زۆر لەخۆدەگرێ ، بۆئەمەش هەوڵدەدەم لێرەدا نمونەی رەوتی لیبرالی و مارکسیزمی و سیستەمی باوکسالاری و کۆمەلاَیەتی لەگەڵ تێڕوانینی هەریەك لە ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و ئیسلام پەیووەست بە ژن ، دواتریش بەشێوەیەکی گشتی دیدی فیمینیزم لەلای ئۆج ئالان لەسەر ئەم بابەتە وەربگرم .

لە ڕەوتی فیمینیزمی لیبرالیدا دەتوانین جۆرە توانا و ئازادیەك بۆ ئافرەت دەستەبەربکەین کە لەگەڵ توانا و ئازادی پیاودا هاوشێوە بێت . لەلای چەندین فەیلەسووفدا دەتوانین ئاماژە بە بێ توانایی ئافرەت بکەین وەك ئەرستۆ کە گوزارشت لەوە دەکات ، ئافرەت لە سروشتەوە ئەو توانایەی پێنەدراوە کە وەك پیاو بیربکاتەوە و بهزرێ ، فەرمانڕەوایی بکات و سیاسەتمەداربێت ، بۆ ئەمەش لەلای ئەرستۆ ژن توانای ئەقڵی لە پیاو کەمترە و ناتوانێ لەگەڵ پیاودا هاوهەنگاو بێت . ڕەوتی فیمینیزمی لیبرالی پەیووەست بەم بابەتەوە دەکارێ توانای ئەقڵی و سیاسی و سۆسیۆلۆجی بۆ ژن بگەڕێنێتەوە کە لەلایەن پیاوەوە مۆنۆپۆڵ کراوە . لەتەك ئەمەشەوە ئامانجی ئەم رەوتە گەیاندنی خودی ژنە بە مافەکەی خۆی و ڕزگارکردنیەتی لە کۆت و بەندی سێکسی ، هەروەها دەکارێت ماف بەیەکسانی ئاراستە بکات لەنێوان ژن و پیاودا ، چونکە ڕۆڵ بینینی ژن لەناو بوارە جۆربەجۆرەکاندا زەوت کراوە ، بۆئەمەش ڕەوتی فیمینیزمی لیبرالی دەیەوێت ژن لەتەواوی بوارەکاندا هاوشێوەی پیاو ڕۆڵی خۆی ببینێ .

رەوتی فیمینیزمی لیبرالی پابەند بە دیاریکردنی پێگەی ژن لە دوو سەردەمی کلاسیکی و هاوچەرخدا بوونی هەیە . لە سەردەمی کلاسیکدا ، ژن هێشتا وەك پیاو دان بە مافەکانیدا نەنراوە ، بۆ ئەمەش جەخت لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژن دەکەنەوە بەشێوەیەکی سنووردار ، واتە تەواوی ڕۆڵ و پێگە و هێز و بەشداری ژن سنووردارە و تەنها لەناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوارچێوەی خێزاندا دەخولێتەوە و پەیووەستە بە ڕۆڵ و هێزەکانی پیاو . لەم پێوەدانگەیشەوە دەتوانین بڵێین کە ژن لە سەردەمی لیبرالیەتی کلاسیکیدا لەلایەن پیاوەوە کۆنترۆڵکراوە ، ئەم جۆرە ماف و ئازادی کۆنترۆڵکردنەی ژن لەناو خێزاندا لەلای هزرڤانە کلاسیکیەکانی ڕەوتی لیبرالیزم ، هۆکاری ئازادی زیاتری پیاو دەردەخات و پەیووەست بە ئادات و کلتوور و ئایین توانای نێرینەیی زیاتری پێدەبەخشێ .

هزرڤانە هاوچەرخەکانی ڕەوتی فیمینیزمی لیبرالی کە گوزارشتیان لە ئازادی تاکە کەس دەکردەوە ، ئەوا ژن و پیاو هەمان جۆر لە ئازادیان هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەلآت و خاوەنداری ، ئەمەش خۆی لە خستنەڕووی چەمکگەلێکی وەك ئازادی و یەکسانی و مافی خاوەندارێتی و ....هتد دا دەبینیەوە ، لێرەدا جیاوازی غەریزی و بایۆلۆژی و ڕەگەزگەرایی بوونی نیە ، لەتەك ئەوەشدا هەردوولا هۆکارن بۆ بوونی گشتی ، کەواتە گەرەکە هەردوو لایان لەتەواوی بوارە سیاسی و ئابووری و سۆسیۆلۆجی و یاساییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن . پەیووەست بەم بابەتەوە جۆن ستیوارت میل[36] ، گۆتەی خۆی ئاراستەی ژن دەکات بۆ ئەوەی ژنبوونی خۆی وەدەربخات و تاوەکو بۆ جارێکی تر لەلایەن پیاوەوە مافەکانی مۆنۆپۆل نەکرێن ، کە دەبێژێت : گەرەکە ژن بە مافەکانی خۆی هەستێ لەبری ئەوەی لەلایەن پیاوەوە یاسای بۆ دابنرێ ، لەتەك ئەوەشدا گەرەکە ژن ڕاهێنانی خۆی ببینێ وەك پیاو و لە داهاتدا مافی کەمتری بەرنەکەوێت ، هەوڵبدات لە ژیانی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و ئیکۆنۆمیدا بۆ جارێکی تر لەلایەن پیاوەوە مۆنۆپۆڵ و گۆشەگیر نەکرێتەوە ، گەر ئەم هەولآنە لە خودی ژندا بەدینەکرا ، ئەوا تەواوی گوزەرانی بە مۆنۆپۆڵی تەواو دەگات . ئامانجی ئەم ڕەوتەش ڕەتکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزیە .

لە فیمینیزمی لیبرالیدا چارەسەرکردنی کێشەی ژن زیاتر ڕوودەکاتە بابەتێکی میانڕەوی و یاسایی و سیاسی ، ئامانجی ئەم ڕەوتەش گەیشتنی ژنە بە ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکانیەتی بەشێوەیەکی سیاسی و یاسایی ، چونکە لە ئاخێزگەدا ئەم ڕەوتە بانگەشە بۆ یەکسانی هاولآتیان دەکات لەڕووی لایەنی ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجیەوە ، بۆ ئەمەش گەرەکە سەرجەم تاکەکان پابەند بن بەو یەکسانیەی کە فیمینیزمی لیبرالی بانگەشەی بۆ دەکات و ئامانجیەتی کە ئەم جۆرە سیستەمە بەشێوەیەکی پەروەردەیی بسەپێنێت .

فیمینیزمی مارکسیزمی کە گوزارشت لە سیستەمێکی شیوعی دەکات ، ئەوا سەربەستی دەدەن بە ژیانی مرۆڤ ،

---

[36] جۆن ستیوارت میل ، لە تیۆرە سیاسیەکەیدا زیاتر ڕوویکردۆتە پاڵپشتیکردنی چینی کەمینە ، بۆئەمەش دەسەلآتی زۆرینە بۆ ئەو هەمیشە ئافرێنەری مەترسی بووە بۆ جڤاك و زەوتکردنی مافی کەمینە . لەدیدی ئەودا گەرەکە دەوڵەت گرنگی بە تاکە کەس بدات و مافەکانی بپارێزێت ، ، کەواتە دەسەلآتی زۆرینە بۆ جۆن ستیوارت میل جێگای مەترسی بوو نەك دەوڵەت یاخود حکومەت ، بۆئەمەش بانگەشەی بۆ دەوڵەتێك دەکرد کە گرنگی بە تاکەکەس بدات ، پابەند بەمەش هەر تاکێك دەتوانێت بگات بە مافەکانی خۆی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆئەمەش پابەند بە کاری ژنەوە ، ڕوودەکەنە چۆنیەتی پەیووەندی  خێزانی لەتەك سیستەمی سەرمایەداریدا ، لە ڕەوتی مارکسیزمدا دەتوانین کاری ئافرەت تەنها لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا ببینینەوە ، کە ئەمە وێرانکردنی خدی خێزان و هاندانی ژن بۆ چوونە ناو بازاڕی کار بەدەستەوە دەدات ، چونکە لێرەدا ژن بە پشت بەستن بە سیستەمی سەرمایەداری هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ ، بۆ ئەمەش یەکسانی ژن و چۆنیەتی ڕزگارکردنی ژنیان بە سیستەمی سەرمایەداریەوە بەستۆتەوە . هەرچەندە فیمینیستە مارکسییەکان جیاوازی ڕەگەزیان بەرزکردبۆوە پابەند بە سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی کارەوە ئەوا پێیانوابوو کە مرۆڤ چ ژن یاخود پیاو خۆی هۆکارە بۆ پێکهێنانی بوونی خۆی ، ئەوەشی کە پێی دەوترێت چەوساندنەوەی ژن ، ئەوا خۆی هۆکاری ئەو چەوساندنەوەیە . لە فیمینیزمی مارکسییدا دەتوانین جۆرێك لە ململانێی ڕەگەزی ئاماژە پێبکەین کە پەیووەستە بە ململانێ و شۆڕشی ژن دژ بە سیستەمی پیاوسالاری و گونجاندنی ژن لەگەڵ سیستەمی پرۆلیتاریدا کە ژن تێیدا ئازادی خۆی دەستەبەر دەکات لەڕووی کار و چالاکیەکانیەوە لە بەرامبەر پیاودا ، لێرەشدا کێشەکانی ژن دەبێت بە بەشێك لەکێشە ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکان (Leacock,1977, Pp.23-41,310-311) .

جۆرێکی تر لە خستنەڕووی ڕەوتی فیمینیستیدا ، کە هزرڤانان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە ، بریتییە لە **سیستەمی باوکسالاری** ، کە گوزارشت لە چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ژن دەکات ، بۆ ئەمە لێرەدا فیمینیستەکان ڕوودەکەنە شیکردنەوەی جۆری پەیووەندی ڕەگەزی و ئەقڵی و سروشتی لەتەواوی بابەتە سیاسی و کلتووری و سۆسیۆلۆجیەکانەوە . تەواوی هزرڤانان ئەم جۆرە چەوساندنەوەی ژنانیان لەلایەن پیاوەوەو کردووە بە جۆرێك لە سیستەم ، کە بریتییە لە سیستەمی باوکسالاری ، لێرەدا ئەوەی زیاتر هزرڤانانی ماندووکردووە ، گەڕانەوەیە بۆ کلتوور و مێژوو . ئەم سیستەمە تەنها چەوساندنەوە و ماف کۆنترۆڵکردن و تەواوی ئاکارە چەوسێنەرەکانی تر لەخۆدەگرێ کە لەلایەن پیاوەوە بە ئەنجام دەگەن . بۆ نەمانی ئەم جۆرە سیستەمە چەند تیۆر و ڕەوتێك سەریانهەڵدا ، وەك ڕەوتی لیبرالی و سۆسیۆلۆجی و فەلسەفی و رادیکالی و.....هتد . لەتەك ئەوەشدا کە کاڵبوونەوەی بەخۆوە بینی ، بەڵام هێشتا درێژە بە ماوەکەی خۆی دەدات ، زۆرێك لە هزرڤانەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەی کە بە باوکسالاری ناودەبرێ پێشنیازی سڕینەوەی جیاوازی ڕەگەزی دەکەن لە ڕووی سیاسیەوە (نورة فرج المساعد، 2006 ، ل22-27) .

جۆرێکی تر لە ڕەوتی فیمینیزم ، بریتییە لە ڕەوتی **فیمینیزمی کۆمەڵایەتی** ، کە پابەند بە کۆمەڵایەتیبوونەوە بابەتی ژن ئاماژە پێدەکات . لێرەشەوە ئەزموون و توانای ئەقڵی و هێز و توانای هزرین و بڕیاردانی ژن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێوەیەکی گشتی جێگای قسەلەسەرکردنە ، بۆ ئەمەش لێرەدا پابەند بە شێوە کۆمەڵایەتیەکەی دان بە بوونی ژن دادەنرێت ، کە ئامادەبوونی ژن دەردەخات پەیووەست بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەی کە تێیدا گوزەران دەکات .
لەتەك ئەوەشدا زۆرینەی ژن تێیدا ڕۆڵ دەگێرێت پابەند بە چاکسازی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و ....هتد .
لە رەوتی فیمینیزمی کۆمەڵایەتیدا ، یەکێك لە ئامانجەکان بریتییە لە دانپیانان بە جۆری ڕەگەزی ، بەڵام ئامانجی سەرەکی و گرنگی ئەم بزاڤە بریتییە لە فۆرمەڵەکردنی و شیکردنەوەی ژن پەیووەست بە بوونیادە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ، کە ئەمەش بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی هەر ناوچەیەك گۆڕانکاری بەسەردادێت .
فیمینیستە کۆمەڵایەتیەکان پابەند بە هەر بوارێك مشتومڕ دەکەن ، هۆکاری ئەم باس و خواستانەی فیمینیستە کۆمەڵایەتیەکانیش وایکرد کە ژن بێتە ناو کایەی سیاسی و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ بۆ چاکسازی و گوزەرانی کۆمەڵایەتی . لەم پێوەدانگەیشەوە ژن لەناو کایە سیاسیەکاندا جەختی لەبوونی خۆی کردەوە و پێداویستیەکانی خۆی کرد بە پلان ، لەمەشەوە فیمینیستە کۆمەڵایەتیەکان هۆکاری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ بەشداری ژن دەگەڕێننەوە ، هاوکات ئەم بەژداریکردنەی ژنیش سوودێکی ماددی بە خودی ژن گەیاندووە . لەلایەکی تر هەندێك لە فیمینیستە کۆمەڵایەتیەکان خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ چۆنیەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەگەڕێننەوە ، هەروەها هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی سیستەمی سیاسی بە چۆنیەتی بەشداری ژنان لە دەوڵەتدا دەبەستنەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژن هێشتا کاڵایەکە و بۆ ململانێی سیاسی و وەڵامدانەوەی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت ، کەواتە ژن بەرەو ئاراستەیەکی تری چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی براوە . لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری کۆمەڵایەتی و سەرمایەداری لەناو جڤاکدا ، ژن هەرچەندە پابەند بە کۆمەڵایەتیبوونەکەیەوە باسی لێوەدەکرێ ئەوا ئەرك و بەشداریەکانی جیاکراونەتەوە لەناو سەرجەم کایە کۆمەڵایەتیەکاندا . ئەو ئازادیەی کە لەڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە پێی دراوە بۆ بە ئامانج گەیشتنی پیاوە نەك خودی ژن خۆی ، بەڵام ژن لە ڕوانگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە بە پلەی دووەم لەدوای پیاو سوودی ژیان و گوزەرانی خۆی بینیووە ، ئەمەش خۆی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە برەوی پێدرا کە تێیدا ژن وەك کۆیلەی ماڵ و خزمەتکاری پەرستگا ئایینیەکان بەکاردەهێنرا . ئەو بارە ناهەموارەشی کە ژن لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەیدا تێی کەوتووە ، زیاتر پەیووەستە بە کلتوور و ئایین ، لەمەشەوە تێگەکەی (فیمینیزم) وەك بابەتێکی سیاسی بەرزکراوەتەوە ، کە تێیدا بەکۆیلەکردنی ژن ڕوویەکی سیاسی و ئابووری وەرگرتووە (Shiva, V.Pp12-13, 18) .

لەڕووی ئایینیەوە ژن وەك پێداویستیەکی ژیان و چۆنیەتی منداڵ خستنەوە و تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو لێی دەڕوانرێ . لەم پێوەدانگەیشەوە هەر ئایینە و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ خودی ژن ، کە تێیدا سەردەمێك ئازادە و سەردەمێك کۆیلە و سەردەمێك خزمەتکار ، لەتەك ئەوەشدا ژن لەڕۆژهەڵاتی کۆندا لە بەرەوپێشەوەچوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جڤاكدا ڕۆڵی خۆی دەبینێ ، هەرچەند مافیشی پێدەدری ئەوا لەهەمانكاتیشدا ڕۆڵبینینەكەی لەلایەن چینی دەسەلآت و دەوڵەت پشتگۆی دەخری . لەسەردەمی مۆدێرنەشدا بەهەمانشێوە ئەو ڕۆڵە دەبینێت ،بەلأم هۆكاری لەدەستدانەكەی بۆ لایەنی سەرمایەداری و ئایین و ....هتد دەگەڕێتەوە ، لەتەك ئەوەشدا هەموو ڕۆڵبینینەكانی بۆ قازانجی ئابووری و سیاسی پیاو بە ئەنجام دەگەن .

لە ئایینی زەردەشتیدا ژن وەك سەرچاوەی توانەوەی ناخۆشی و هێنەری خۆشی و خۆشەویستی ناوزەند كراوە ، پابەند بەمەش خۆشەویستی پیاو لە هەمبەر ژنەكەیدا گوزارشت لە خۆشەویستی خودا و جوانی دەكات . ژن لە ئایینی زەردەشتیدا ڕەسەنایەتی بۆ دەگەڕێتەوە ، تەنانەت لە تەواوی شتەكاندا پێشنیاری بە هەند وەرگیراوە و قبولكراوە . لەم ئایینەدا ژن تەواوی مافەكانی دەستگیربووە و توانیویەتی بە پلەو پایەی خۆی بگات ، هاوكات توانای بڕیاردانی لەتەك پیاودا هەیە وەك مرۆڤێكی كامل دانی پیانراوە (هاوار بەهمەنی ، 2012 ، ل189-192) . بەر لە هاتنی ئایینی زەردەشتیش ئێرانیە كۆنەكان لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا یەیكێك لە خواكانیان بریتیبوو لە خوداوەندی ژن ( ئەنیتا) ، كە وەك خوداوەندی بە پیت و بەرەكەتی زەوی ناوزەندیان كردووە (سلێمان مەزهەر ، 2008، ل296) . ئایینی زەردەشتی كاریگەری خۆی لەناو سوپای میدییەكانیشدا نواندووە ، بەتایبەتی لە سوپاكەی كەیخەسرەودا ، كەتێیدا ژنێك بە شمشێرەوە وەستاوە بەناوی (پەخشانپا) ، ئەمەش گوزارشت لە بوونی ئازادی و یەكسانی دەكات و پیاوسالارێتی هیچ مانایەكی نەبووە لەو كاتەدا ، چونكە هێشتا ژنێك پاڵەوانە و سەركردایەتی سوپا دەكات (لوقمانی حاجی كەریم ، 2014، ل98-99) .

لە ئایینی مەسیحیدا ، ژن وەك بوونێی تاك واتە خوارتر لە منداڵەكانیش ناوی دەهێنرێ ، زۆرجاریش وەك كەنیزەك[37] ، بۆ ئەمەش وەك ئەندامێكی پلەدووی خێزان ئاماژەی بۆ دەكرێ ، واتە پیاو لە ژن بە تەواوتر و هۆشمەندتر ناوزەند دەكرێت ، هەروەك چۆن لەلای هزرڤانانی ئایینی مەسیحیدا دەردەكەوێت ، بۆئەمەش لە پێش سەرهەڵدانی مەسیحیەت ناتوانین ژنێك بدۆزینەوە كە بەتەواوی چاكەكاربێت ، هەروەك لە دە فەرمانەكەی بەندی

---

[37] كەنیزەك لە ئایینی مەسیحیدا بەواتای ( ژن)ی خزمەتكار دێت ، ئەمەش زیاتر لە پەرستگا كۆنەكانی ئەوكاتی مەسیحیەكان دەبینرێت ، ژن ئەو مرۆڤە بوو كە لە دوای مەسیح ببو بە كۆیلە و تەنانەت فەرمان جێبەجێكەر بوو ، وەك دەبینین لە سەردەمی مەسیحیشدا ئەوە بوونی هەبووە ، لە یەكێك لە گۆتەكانیدا كە ئاراستەی خەڵكی دەكات ، دەبێژێت: (( لەبەر دڵ ڕەقی خۆتان ڕێگەتان پێدەدەم ژنەكانتان تەلاَق بدەن . مەتتا 8:19) )) ، هەروەها مەسیح زیاتر خۆی بە پەروەردەكردنی پیاوانەوە سەرقاڵدەكرد وەك لە ژنان . هەموو ئەمانەش بوونەتە ئاخێزگەیەك بۆ بیروڕای قەشەكانی وەك (بۆناڤینتۆرا ، پۆڵس ، جیرۆم و....هتد) ، كە ژن بە ئاژەڵێكی چوارپێ ناوزەند دەكەن و تەنانەت قێزیان لە جەستەشی دەبێتەوە ، هەندێك لە قەشەكان جەستەی ئافرەت وەك جەستەی بەراز دەچوێنن ، بەتایبەتی قەشە جیرۆم كە دەبێژێت: (ئەو بۆنە ناخۆشەی لە جەستەی ژندا بەدیدەكەم، لە بۆنی هەموو ئاژەڵێكی مردووی بۆگەنكردوو ناخۆشترە ) .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کۆتایی تەواراتدا** ژن وەك ئاژەڵێك دەچوێنرێ و کە تێیدا گوزارشت لە ژن وەك چوارپێ دەکات . لە یاسای جوستیان ئاماژەی بۆ دەکرێ ، لەبەرئەوەی ژن ناتەواوە لە هۆشدا و توانای بەڕێوەبردنی نیە ، گەرەکە ژن لەتەواوی کارەکانیدا سەرپەرشتی بکرێت . تۆمای ئەکوینی کە یەکێکە لە هزرڤانە گەورەکانی ئایینی مەسیحی ، پێیوایە کە ژن ناگات بە پیاو لەبەرزی هۆشدا ، بۆئەمەش گەرەکە لەژێر چاودێری ئاغایانەی پیاودا ژیان بکات . هەروەها قەشە بۆناڤینتۆرا دەڵێت ، ژن شەیتانێکە و لەشێوەی مرۆڤ خۆی وەدیار دەخات ، گۆتەکانیشی هەمان ئەو فیشکەیەیەن کە لەدەمی مارەوە دەردەچن (د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام ، پ3، 2013، ل5، 15-16 ،135) . لەتەك ئەمەشدا مەسیح خۆی ڕێگە بە تەلأقدانی ژن دەدات ، تەنانەت ئەگەر هۆکارە دلڕەنجانی نێوان ژن و پیاویش بێت ، هەرچەندە لەلایەك مەسیح خۆی جیاوازی نێوان ژن و پیاوی نەکردووە و لەسەر بنەمایەکی یەکسان لێی ڕوانیوون ، بەلأم لەلایەکی ترەوە دەبینین زۆرێك لە مرۆڤەکان بە رەبەنی سەردەنێنەوە لە ئایینی مەسیحیدا و پێیانوایە کە ژن دەبێتە هۆی لە دەستتدانی پادشایەتی ئاسمانی ، ئەمەش لەخودی مەسیح خۆیدا ئەم ڕەبەنی بوونە دەردەکەوێت ، کەواتە لەناو ئایینی مەسیحیدا هیچ بایەخێك بۆ ژن دانانرێت (ئینجیلی پیرۆز ، مەتتا 8:19) .

**لە ئایینی ئیسلامدا** ، ژن وەك نیوەیەك لە مرۆڤ ئاماژەی بۆ دەکرێت ، بەتایبەتی پابەند بە یاسا و ئامادەبوونی لەبەردەم یاسادا ، لەلایەکی تر وەك کۆیلەیەك بە پیاو دەفرۆشرێت و تەواوی مافەکەی بە دەستی پیاوەوە دێت و دەچێ ، تەنانەت ڕووخساریشی مۆڵەتی پێنادری کە دەرکەوێ نەك بەشێوەیەك کە کاریگەری و ڕۆڵی هەبێت لە پێشکەوتنی جڤاکدا . واتە ژن لەناو ئایینی ئیسلامدا جگە لە بووکەڵەیەکی بەفرینی دەستی پیاو کە زوو بەرەو توانەوە دەچێت هیچیتر نیە . ژن لەناو ئایینی ئیسلامدا تەنها لەڕووی خەوتن و خەوبینینەوە لەگەڵ پیاودا یەکسانە ، چونکە تەنها ئەرکی منداڵ بەخێوکردن و وەچە خستنەوەیە ، وەك لە قورئاندا هاتووە : (( (نِسَاؤُكُم.....المُؤمِنِينَ) بقره 2:223 ))، واتە ژنانی هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن ، جا بەهەر شێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە ......هتد .
لەلایەکی ترەوە دیاردەی هێنانی چوار ژن بەدیدەکرێت ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بێ نرخکردنی ژنە لەناو ژیاندا و چواندنیەتی بە ئاژەڵێکی ماڵی . لەتەك ئەوەشدا دیاردەی تەلأق کە لەناو ئایینەکانی تریشدا هەیە ، بەلأم لە ئیسلامدا بەشێوەیەکی توندتر ، چونکە تێیدا مافەکان لە ژن ستێنراونەتەوە و تەنانەت مافی بڕیاردانیشی نیە ، ئەوەی لێرەدا بڕیار دەدات یاسای تەلأقدانی بەدەستە تەنها پیاوە نەك ژن ، ئەمەش یەکێکە لەو دیاردە بەرچاوانەی کە گوزارشت لە نێرسالاری دەکات و ژن دەکات بە کۆیلە و پیاویش خاوەن کۆیلە . لەتەك ئەوەشدا دیاردەی چوار ژن مانایەکی تریش بەدەستەوە دەدات ، ئەویش بەراوردکردنی هۆشی چوار ژنە بەرامبەر بە یەك هۆش ، واتە هۆشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەك پیاو توانای لە هۆشی چوار ژن باڵاترە .

هەر لە سوورەتی (بقرە – ئایەتی 2:228 و 2:229)دا ئەوە وەدیار دەکەوێت کە ژن تەنها جگە لە کۆیلەیەك هیچی تر نیە و بەتەواوی لە چالاکیەکانی و توانا و بەهرەکانی دابڕێنراوە ، چونکە لێرەدا ژن و نامووس یاخود شەرەف و ئەخلاقی پیاوی بەیەکەوە گرێداوە ، لەم پێوەدانگەیشەوە ژن تەنها گوێڕایەڵی پیاوەکەیەتی ، ئەگەر گوێڕایەڵی نەبێت ئەوا ئیمان لەدەستدەدات ، بەلأم گوێڕایەڵ نەبوونی پیاو بۆ ژنەکەی هیچ زیانێك بە پیاو ناگەیەنێت ، کەواتە ئەوەی لێرەدا زەرەرمەندی هەردوو جیهانی بەرهەست و دەرهەستە تەنیا ژنە ، نەك پیاو . لەتەك ئەوەشدا دیاردەی تەلأق خۆی گوزارشتە لە بێ متانەیی و دڵنیا نەبوون لە ژن ، لەمەشەوە دەتوانین دوو مانا دەستگیربکەین کە تێیدا لەلایەك خوداوەندێکی نێرینە لە پشتی پەردەوە گۆتەکانی ئاراستەدەکات ، لەلایەکی تریشەوە ژن توانای هۆشەکی نیە و تەنیا ئەهریمەنێکە و لەسەر زەوی کە بۆ لەکەدارکردنی پیاو هاتۆتە دنیاوە ، بۆئەمەش گەرەکە لە هەموو ژیانیدا گوێڕایەڵبێ و فەرمان جێبەجێ بکات (تەفسیری قورئانی پیرۆز ، ل223،228،229) . هەروەها بابەتێکی تری گرنگ ئەوەیە کە لە ئایینی ئیسلامدا دیاردەی مارەبەجاش بوونی هەیە ، کە ئەمە لەلایەن پیاوەوە ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە ، بەتایبەتی کاتێ ژن لە کلتوور لادەدات یاخود هەڵەیەك دەکات ، بۆئەمەش زۆر جار ڕووبەڕووی تەلأقدان دەبێتەوە ، بۆئەوەی بۆ جارێکی تر بچێتەوە لای مێردەکەی گەرەکە ماوەی شەو و ڕۆژێك بچێتە لای پیاوێکی تر تاوەکو هەستی بۆ پیاوە کۆنەکەی بجوڵێتەوە ، ئەمەش لەخۆیدا ئەوپەڕی چەوساندنەوەی ژنە و بە چوارپێ زانینی ژنە ، لەلایەکی تر دەرخستنی ژنە وەك بوونەوەرێکی بێ هۆش و بێ زمان و لاواز ، بەلأم لێرەدا دەبینین کە پیاو هیچ تاوانێکی ناخرێتە ئەستۆ ، بەڵکو ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە خودی ژنە بەتەنها . زۆر جاریش دەبینین بەبێ ئەوەی ژن ئاگاداری ئەوە بێت کە پیاوەکەی تەلأقی داوە ، یاخود پیاو لەکاتی بازرگانیکردندا ناوی تەلأق دەهێنێت ، ئەوا ژن دەبێت ئەم باجە بدات ! . بەدیدی من هیچ جیاوازیەك لەنێوان مارەبەجاشی و هاوسەر بەکرێداندا نابینرێت ، چونکە ئەم بابەتە لە خودی خۆیدا سوکایەتیپێکردنی ژنە لەلایەن پیاوەکەیەوە ، هەروەها لەلایەکی تر سوکایەتیپێکردنە بە پرنسیپەکانی خێزان ، ئەمەش بەزۆری لەناوچە هۆز نشینەکاندا بوونی هەیە . بەلأم لێرەدا چەند پرسیارێك خۆی زیت دەکاتەوە ، ئایا ژن بۆچی ئەو دۆخە قبوڵ دەکات کە بەسەریدا دەسەپێنرێت ؟ بۆچی دوای ئەم پێواژۆ سوکایەتیە هێشتا پیاوە کۆنەکەی گەرەکە ؟ ئایا هۆکارەکە ئیمانە کە ملکەچی ئەم پێواژۆیە دەبێت یاخود هۆکاری تر هەیە لێرەدا کە بە نهێنی لای ژن خۆی مەلأسداوە ؟ (د.مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، 2015،ل49).

ئایا لەکاتێکدا کە ژن هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە و سەرپێچی فەرمانەکانی پیاوەکەی نەکردووە ، بەلأم پیاوەکەی هەڵەیەکی ئەنجامداوە کە بووەتە هۆی تەلأق کەوتن ، گەرەکە ژن ئەو باجە بدات ؟ ئایا ژن لێرەدا تاوانی چیە ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیدی ئۆج ئالان فیمینیزم ، زیاتر لەو پێناسەیە لەخۆدەگرێ گەر بمانەوێت تەنها پابەند بەکێشەیەك ئاماژەی بۆبکەین ، چونکە زیاتر لە ڕەهەندێك لەخۆدەگرێ ، واتە لایەنی ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجی بەخۆیەوە گرێدەدات ، لەم پێوەدانگەیشەوە ناتوانین بە سانایی ئاماژە بە هەموو ئەو سنوورانە بکەین کە ژن بەدرێژایی مێژوو تێیدا مۆنۆپۆل کراوە ، لەتەك ئەوەشدا زیاتر لەناو زانستە سۆسیۆلۆجیەکاندا خۆی وەدەرخستووە .
ئۆج ئالان مانای فیمینیزم بە ژنۆلۆژی ناوزەند دەکات و لەبەرامبەر هەریەك لە لایەنی تیۆلۆژی و ئەسکاتۆلۆژی و پۆلیتیکۆلۆژی و زانستی پەروەردە و زانستی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دادەنێت ، ئەمەش بەواتای وەسفی ئەم دیاردەیە هیچی کەمتر نیە لە وەسفی دیاردەکانی تر کە لەمرۆدا هەریەکەیان بە دروشمێك شۆڕشێکیان کردووە بە ئامانج و مەبەستی خۆیان ن بەلاَم ئۆج ئالان واتای ژنۆلۆژی بە بەرفراوانتر دادەنێت لەبەرامبەر واتای هەریەك لەوانی تر ، لەمەشەوە ئۆج ئالان دەکارێت سروشتی سۆسیۆلۆجی ژن وەك زانستێك بەرزبکاتەوە ، کە تێیدا ڕووناکی سروشتی سۆسیۆلۆجی جڤاکی بەمەوە بەستۆتەوە . لەم پێوەدانگەیەوە ئۆج ئالان داواکاری خۆی بۆ ڕۆشنکردنەوەی سەرجەم ئەو لایەنانە دەکات کە تێیدا ژن کۆلۆنی کراوە ، هەر لەمێژووەکەیەوە تا دەگاتە هزر و ئەزموونی ژن ، چونکە ڕۆشنکردنەوەی سروشتی سۆسیۆلۆجی جڤاك بە ڕۆشنکردنەوەی سروشتی ژن وەدیدێت .
ئۆج ئالان لەلایەکی ترەوە دەیەوێت ناوەڕۆکی ئەم گۆتەیە پڕبکاتەوە کە بانگەشە بۆ ئازادی و ڕزگارکردنی ژن دەکات ، چونکە ئەو کێشەی ژن زۆر لەوە مەزنتر دەبینێت کە تەنیا لە چوارچێوەی ئازادی و یەکسانیدا باسی لێوەبکرێت ، لەمەشەوە ئاماژە بە دیموکراسیبوون دەکات لەناو جڤاکدا ، کە ئازادی ژن گوزارشت لە بوونی جڤاکێکی دیموکراسی دەکات ، واتە ئازادی و دیموکراسی جڤاك بەبێ ئازادی ژن دەستگیر نابێت ، تەنانەت خودی ژینگەش بابەتێکە کە پەیووەست بەم ئازادیەی ژن خۆی نمایش دەکات . بەبێ ئازادی و ڕزگارکردنی ژن ، ژینگەی کۆمەلاَیەتی شتێکە کە لەناوەڕۆکەوە تووشی داڕووخان بووە . ئۆج ئالان دەکارێت لێرەدا ژن وەك سەرجەمێتی سەبژێکت و ئۆبژێکت هەلاَسەنگێنێت ، لەم هەلاَسەنگاندنەشدا نەهی لە ئەڤینداری ڕوکاری دەکات و ڕوودەکاتە ئەڤینداریەك کە لە ناوەڕۆك و زەهنیەتەوە سەرچاوەی گرتووە . ئەڤینداری پیاو بۆ ژن بەدرێژایی مێژوو ئەنجامەکەی بە کوشتن و لێدان تەواو بووە ، تەنانەت ململانێی چینایەتی جڤاکیش زۆر جار خۆی لە مەسەلەکانی ژندا دەبینێتەوە .

ئۆج ئالان پەیووەست بەم بابەتەوە ڕوودەکاتە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ، کە میکانیزمی بەکۆیلەبوونی ژنی پێشخستووە ، لەتەك ئەوەشدا خۆی نوێنەرایەتی کۆلۆنی ژن دەکات ، ئەمەش لەتەواوی زیتەلاَییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا ڕەنگی داوەتەوە . لەمەشەوە ڕەوتی فیمینیزمی ڕادیکالی دژی سیستەمی سەرمایەداری خۆی نمایش دەکات ، کە لێرەدا ئۆج ئالان ڕیشەی سەرەکی فیمینیزم بۆ شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێنێتەوە . ڕەوتی فیمینیزمی لیبرالی لەسەرەتادا داوای یەکسانی نێوان ژن و پیاوی دەکرد ، بەلاَم هەولَەکەی تاڕادەیەك بێ سوود بوو ، لەمەشەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆج ئالان پەنجە بۆ ئەو پێشکەوتنە ڕووکاریانە دەکات کە لەبوواری سۆسیۆلۆجی و ئیکۆنۆمی و پۆلیتیکیەوە خۆیان زیت کردۆتەوە و بەدرێژایی مێژوو یەکێك لە ئاکارەکانی کۆلۆنیکردنی ژن بووە لەڕووی هزر و زیتەڵەییەکانیەوە ، کە لە قۆناغی شارستانیەتەکاندا بەتەواوی دەبینرێت ، واتە ئەو کۆلۆنیەی ژن کە لەمۆدێرنیتەدا بە ئاکام گەیشتووە ئەوا لە قۆناغەکانی شارستانیەتدا زیاتر دەبینرێت .

لە بابەتی ژنۆلۆژیدا ئۆج ئالان جارێکی تر دەیەوێت ئاماژە بە بوون بکات ، بەتایبەتی بوونی مرۆڤ و بەردەوامبوونی لەناو گەردووندا ، کە ئەمە لەلای ئۆج ئالان جگە لە جەستە ژن هیچ شتێکی تر نیە ئەم بەردەوامیە پێش بخات ، لەم پێوەدانگەیشەوە ڕۆڵی هەریەك لە ژن و پیاو پەیووەست بەم بەردەوامیدانەی مرۆڤ لەناو گەردووندا دیاریدەکات ، کە ژن تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و پیاویش جگە لە ڕۆڵبینینێکی لاوەکی هیچی تری نیە ، چونکە پیاو تەنیا ئەرکی سەرپەرشتیکردن و ئاغایەتی دەبینێت کە تێیدا دەسەلاّت و سەرمایە و بەرەو نابیناییان بردووە پەیووەست بەم دۆخەوە ، بەلاّم ژن هەر لەگەڵ لەدایك بوونی کۆرپەلەوە تا مردن ئەرکی پەروەردە و چۆنیەتی گەشەی هزری دەبینێت بەسەر کۆرپەلەوە .
لەلایەکی تر ئۆج ئالان دەکارێت ئاماژە بە بوونی ژن و ڕۆڵە سەرەکیەکەی بکات پەیووەست بە جڤاکی ئەخلاقی و سیاسیەوە ، کە پێیوایە هیچ جڤاکێکی ئەخلاقی و سیاسی بوونی نیە کە تێدا ژن بە ئازادی و یەکسانی خۆی نەگات ، گەرەکە بۆ ئەم بە ئەخلاقی و سیاسی بوونەی جڤاك ڕۆڵی ژن لەبەرچاوبگیرێ ، کە گوزارشت لە جوانیناسی و ئاکارناسی دەکات . لەتەك ئەم بابەتەشدا گەشەی ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجی جڤاك شتێکە بەبێ ئازادی ژن پێشناخرێت ، ئەمەش لە ڕۆژهەلاّتی کۆندا دەبینرێت ، لەمەشەوە ئابووری پێداویستیەکە بۆ ژیانی خێزانی کە ژن تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت . پابەند بە هەموو ئەم بابەتانەش دەتوانین بڵێین ژنۆلۆژی تێگەیەکە کە ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی لەخۆدەگرێ ، کە تێیدا خۆی بەناوی فیمینیزمەوە بەرزکردۆتەوە و لە تەواوی چارەسەری کێشە ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێ ، چارەسەری هەموو ئەمانەش وەك کێشەگەلێك بە چارەسەری کێشەی ژنەوە بەستراونەتەوە . رەوتی فیمینیزمی لیبرالی کە خۆی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بەرزکردۆتەوە ، گەرەکە کێشەکانی ژن شیبکاتەوە و بەچارەسەری بگەیەنێت ، لەتەك ئەمەشەوە تازەگەری دیموکراتیش هەمان ئەو ڕۆڵە چارەسەریەی ژن بگرێتە ئەستۆی خۆی پەیووەست بە ئازادی و چۆنیەتی ڕزگارکردنی و هێنانەدەری لە ژێر کۆلۆنیدا (ئۆج ئالان، پ3، 2010. ل348-355) .
کۆلۆنی ژن و سەرکوتکردنی ژن کە لە سەردەمی پیاوسالاریەوە ئافرێنراوە ، گوزارشت لە گەورەترین سەرکوتکاری ژن دەکات لەلایەن پیاوەوە ، ئەمەش زیاتر لە سیستەمی سەرمایەداریدا زیاتر بە ئەنجام گەیشتووە ، کە تێیدا ژن بووەتە یاریەك بۆ ئامانجی لەناوەڕۆکدا سەرمایەداری و لە ڕووکاردا سیاسی و کۆمەلاّیەتی . ئەم سیستەمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوکسالاریە لەدوای سیستەمی دایکسالاری لە ( 5000پ.ز)ەوە سەریهەڵدا ، کە سیستەمێك بوو بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ژن ، لەلایەن دەسەڵاتی سەرمایەداریەوە هاتە ئاراوە .

ژیان شتێکە کە ژن تێیدا بوونی هەبێت ، ئەگینا شتێك نیە باسی لێوە بکرێ ، لەمەشەوە ئۆج ئالان لە گۆتەکانیدا ژن بە تەواوکەری ژیان دادەنێ ، واتە ژن مانای ژیان دەدات بەدەستەوە ، بەڵام ژیان بەبێ ژن بوونی نیە لەلای ئەو . پابەند بەمەش ژیانێکی تەواو و بێ کەموکوڕی پەیووەستە بە ئازادی ژن .

مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆ کۆلۆنیکردنی ژن زیاتر ڕوویکردۆتە سوودبینین لە قۆناغی شارستانیەتەکان ، پابەند بەمەش سیستەمێکی گۆڕانکاری و یاسایی بەرزکردۆتەوە ، کە ناوەڕۆکەکەی گوزارشتە لە پیاوسالاری و کۆلۆنیکردنی ژن ، تەنانەت بەمەشەوە نەوەستاوە و ژنی کردووە بە پاشکۆی پیاو ، لەتەك ئەوەشدا لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەکۆلۆنیکردنی پیاویش بەئەنجام بگەیەنێت لەڕووی کارەوە . ئۆج ئالان لێرەدا بوونی شۆڕشێك بە پێویست دەزانێ ، لەمەشەوە داوای گۆڕانکاری لە هزر و هەڵوێستەکانی پیاو دەکات کە تا ئێستا پابەند بە چەوساندنەوەی ژن هەنگاوی ناوە ، تاوەکو تێیدا ژن بە ئازادی خۆی بگات ، کە مانای بوونی ژیان و بەختەوەری دەگەیەنێت (ئۆج ئالان ، پ4، 2011 . ل472-479) .

ئازادبوونی ژن بەواتای بەشداربوونی لەتەواوی بوارەکانی ئابووری و سیاسی و سۆسیۆلۆجیدا ، بۆ ئەمەش کاتێك ژن کە بەشداری لە لایەنی سیاسیدا دەکات گەرەکە سەرکەوتن بەدەستبێنی ، چونکە ئەم بەشداربوونەی لەمەیدانی سیاسیدا ، گوزارشتە لە ئاوەرداگایەك کە لەبەرامبەر پیاودا بەرپای دەکات و تێیدا بەرگری لە مافە بنەڕەتیەکانی خۆی دەکات . بەدیدی ئۆج ئالان دەوڵەتداری و پلەداری شتێکە کە لەسروشتی ژنەوە دوورە ، چونکە سروشتی ژن مانای دیموکراسی و ژینگە و جڤاکی ئازاد دەدات بەدەستەوە ، لەم ڕوانگەیەشەوە گەرەکە شۆڕشێك بۆ ئافراندنی ئەم دۆخە بەرپابکری ، کاتێك کە شۆڕشی ژن بەرپادەکرێ ، نەك تەنیا مانای ئازادی لەخۆدەگرێ ، بەڵکو مانایەکی تریش کە پەیووەستە بە ڕووخانی کۆیلایەتی لەخۆدەگرێ ، ئەم شۆڕشەش لەدیدی ئۆج ئالانەوە گەرەکە لەلایەن ژنەوە بە ڕێکخست بکرێ و بە ئەنجام بگات ، چونکە جەستەی پیاو بە جەستەی ژنەوە بەستراوەتەوە ، کەواتە ژن گەرەکە جەستەی خۆی لەبەرچاوبگرێ کە چەندە بەهێزە ، بەهێزبوونی جەستەی ژنیش مانای ژیری دەگەیەنێت ، کە هەرچەندە جەستی ژن خویچن ساردی و خوێن گەرمی بەخۆوە بینیووە ، ئەوا هێزێکیشە لەناو ژیاندا دابڕانی بەخۆوە نەبینیووە ، کەواتە هێزی ژیری لەلای ژن وەك ئۆج ئالان ئاماژەی بۆ دەکات پەیووەستە بە بەهێزبوونی جەستە ، کە توانای هاوسەنگی ڕاگرتنی ژیان و ئافراندنی جوانی هەیە (ئۆج ئالان . بەرگریکردن ، 2005. ل193-194) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆج ئالان ئازادی ژن دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی ژن خۆی کە تا چەند ئازادی تێدا هەیە ، چونکە ئازادی ژن پەیووەستە بە ئازادی جڤاکەوە ، بۆ ئەمەش پێگەی ئازادی هەریەك لە ژن خۆیی و پێگەی ئازادی جڤاك بەیەکەوە گرێدەدات ، لەم پێوەدانگەیشەوە ئازادکردنی ژن بەواتای سەرلەنویّ ئافراندنەوەی ژیان (د.عەبدوڵڵای ئاوریشمی ، 2015 ، ل214) .
کەواتە ئۆج ئالان لەڕوانگەیەکی ڕادیکاڵیەوە گۆتەکانی پەیووەست بە ژن ئاراستە دەکات ، دەکارێت شۆڕشێك بۆ ئازادی ژن بەرپابکات ، لەدیدی ئۆج ئالاندا ژن خۆی لەهەمان دۆخی خوداوەند (ئەنیتا)ەکەی سەردەمی میدییەکان دا دەبینێتەوە ، چونکە ژن لای ئۆجەلان وەك خوداوەندێك جێگای بایەخە (ئۆج ئالان ، کۆما ژنێن بلند، 2012، ل19) .

ئۆج ئالان لەو شۆڕشەی کە بە ئامانجی ڕزگارکردنی ژن بەرپای کردووە ، ئەوا سەرچاوەکەی بۆ ئەو شۆڕشە دەگەڕێتەوە کە میدیەکان تێیدا ئاوایانکردبوو ، لەم پێوەدانگەیشەوە سوپایەك لە ژن پێکدەهێنیّ کە گوزارشت لە هەمان سوپای تاك مەمکانی سەردەمی پادشایەتی کەیخەسرەو دەکات ، کە تێیدا ژنێك بەناوی پەخشانپاوە شمشێر بەدەستە و بەسواری ئەسپێکەوە سەرکردایەتی سوپا دەکات و ژن بوونی خۆی نمایش دەکات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەرئــەنــجـــام

1. شارستانیەت ، بریتییە لەو جڤاکە مەزنەی کە سەرجەمی مرۆڤەکانی لەناوخۆیدا کۆکردۆتەوە ، بۆ مانەوەی خۆی چەندین یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی لەناوخۆ و دەرەوەدا زیت کردۆتەوە ، کە بۆ هەر پێواژۆیەکی لەگەڵ ڕۆگاری مرۆڤدا گۆڕانکاری بەسەرداھێت ، یاخود ئەو جڤاکە مەزنەیە لەسەر ئیرادەی مرۆڤەکان بنیادنراوە کە گوزارشت لەمانەوە و خۆپارێزی لە مەترسیەکان دەکات ، کە لەئەنجامی کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە بنیادنراوە و تێیدا چەندین بۆچوونگەلی جیاواز خۆیان ئاوەلا کردووە .

2. کلتوور ، زیتەڵەییەکە کە پەیووەست بە هەر جڤاکێك شێوەیەکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت ، تێکەڵکردنی کلتوورەکانی جڤاکێك لەگەڵ جڤاکێکی تردا ، مانای کاڵبوونەوەی کلتووری لەو جڤاکەدا دەگەیەنێت ، ئەمەش بەهۆی تێکەڵ بەیەکتربوونی هاوڵاتیانی دوو جڤاك یاخود لە ئەنجامی سەرمایە و دەسەڵاتدا ڕوودەدات . کلتوور لە هەر پێواژۆیەکدا بێت لەناوچوونی بۆ نیە ، بەڵام ئەگەری کاڵبوونەوەی هەیە .

3. زمان ، ئەو ئامرازە دەنگیەیە ، کە تەواوی مرۆڤەکان گوزارشتی پێدەکەن لەناو هەر جڤاکێکدا ، لەلایەنی سیاسیەوە زمان ئەو ئامرازەیە کە جڤاکێك بە جڤاکێکی تر دەناسێنێ و لەڕێگەی دەربڕینەکانیەوە چەندین کایەی کۆمەڵایەتی وەسفدەکات . لەتەك ئەوەشدا بریتییە لەو ئامرازەی کە بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕی هزری ئەنجامدەدرێ و ئایدیاکانی پێ ئاراستە دەکرێت ، لەلایەکی تر ڕۆڵی دانایی پێبەخشین بە مرۆڤ دەگێڕێت .

4. دەسەڵاتی سیاسی ، بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتێکە کە لەپێناو ئیرادەی گشتی زیتەڵەییەکانی خۆی دەخاتە گەڕ ، واتە ئامانجی لەبەرچاوگرتنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤایەتیە ، بەمەرجێ خۆی لە پەیووەستکردن بە دەسەڵاتی سەرمایەداری و گروپ و دەسەڵاتی شاهانشاهی و خودپەرستی بەدوورگرتبێ ، چونکە خۆی پێگەیەکە لەسەر ئیرادەی گشتی بنیاددەنرێ ، لەتەك ئەوەشدا بوونی بۆ سەرجەم بوونی مرۆڤەکانە ، بۆئەمەش گەرەکە زیتەڵەی خۆی پەیووەست بە گشتێتی وەگەڕبخات ، نەك چلۆن مافی کەمینە وەلانێ و لەسەر پرنسیپی مافی زۆرینە هەوڵ بۆ سەرمایەدارکردن و کۆلۆنیالیزمی خاوەن پێگەی تایبەتی بدات .

5. ئەخلاق و یاسا ، دوو چەمکی تەواوکەری یەکترین و پابەند بە هەر بوارێك کە مرۆڤ بوونی تێیدا هەیە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن ، ئەخلاق ئەو پرنسیپەیە کە لە هۆشی مرۆڤەوە دەردەچێ و لە دەروونیەوە هەستی پێدەکات ، کەوتە ئەخلاق و یاسا دوو پرنسیپی ئاخێزگەیی سەرجەم بوونی جڤاکن کە مرۆڤەکان پابەند پێوەی لەڕووی نەشونمای هزری و ئاکاری مرۆیی پێشدەکەون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

6. دیموکراسی ، ئەو چەمکەیە کە گەرەکە خۆی هۆکاری دەرخەری مانا ڕەسەنەکەی خۆی بێت ، بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی کە پەیووەست بەم چەمکەوە لە هەوڵدان تاوەکو جڤاکێکی بەمانا ئەخلاقی و سیاسی والاْ بکەن .
دیموکراسی بەواتای ئافرادنی جڤاکێکی مرۆیی کە جەوهەرەکەی ئەخلاق و سیاسەتە . لەتەك ئەوەشدا دیموکراسی داوای سروشتی مرۆڤ خۆیەتی نەك دەسەڵات و داوای گروپ و مافی زۆرینە .

7. ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوون و گەشەکردنی شارستانیەت ، ئەو ئاستەنگانەن کە لە ئاخێزگەی شارستانیەتەوە دەستپێدەکەن و کات لەدوای کات لەتەك هۆشی مرۆڤەکاندا ئەوانیش لە نەشونمای خۆیاندان ، ئاستەنگەکانیش پەیووەستن بە لایەنی هزری و پەروەردەیی و ئەخلاقی ، هەروەها لایەنی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و ئابووری و.....هتد ، هەر گەلێك ئاستەنگی هزری و پەروەردەیی لاواز بوو ئەوا لایەنی ئەخلاقیشی تێدا لاوازە ، هەر ئەمەش سەردەکێشێ بۆ نێو دەسەلاّت و لایەنی سۆسیۆلۆجی جڤاك . لەتەك ئەوەشدا ئارەزووی کۆلۆنی لەنێوان تاك و گروپەکاندا دروستدەکات ، کە جڤاك لە دۆخە سەرەتاییەکانی خۆیدا دەهێڵنەوە ، لەم ڕوانگەیەشەوە گەر ئاستنگگەلێکی وەها لەم شێوەیە لەناو جڤاکدا بوونی هەبوو ئەوا هیچ شتێك نیە بەناوی شارستانیەتەوە .

8. شارستانیەتی سۆمەر ، ئەو زەویە بوو کە بۆ جارێکی تر مرۆڤ تێیدا کۆبۆوە ، هەڵبەت یەکەم شوێن نەبووە بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەت ، بەڵکو ئەو شوێنە بوو کە مرۆڤایەتی بۆ جارێکی تر و بەشێوەیەکی فراوانتر لە شوێنەکانی تر تێیدا خۆی بنیادنایەوە . لەتەك ئەوەشدا بوو بە ناوەندی هزری و سەرهەڵدانی جۆرەها کلتووری جیاواز ، هەڵبەت شارستانیەتی سۆمەریش لە میزۆپۆتامیاوە خۆی نمایش دەکات ، واتە ئەو ناوچە بە پیتەی کە بۆ یەکەمین جار مرۆڤەکانی لەناو خۆیدا کۆکردەوە ، لەتەك ئەوەشدا مرۆڤ لەوێوە بوو بە خاوەنی هونەر و زانست ، بوو بە خاوەنی هزری سیاسی و لە هۆشی خۆیەوە چەندین چەمکی ئەخلاقی دانا . لەتەك ئەوەشدا لایەنی نێگەتیڤیشی تێدا وەبەرچاو دەکەوێت ، کە سەرهەڵدانی سەرمایەداری و یاسای خوداوەندی لەلایەن ڕاهیبەکانەوە ، شۆڕشێك بوو لەو شوێنەوە دەستیپێکرد کە پەلیکێشا بۆ دەسەلاّتی سەرمایەداری و بەکۆلۆنکردنی ماف ، دواتریش دەسەلاّت و کۆیلەداری .

9. شارستانیەتی مۆدێرنە و دیموکراتیانە ، گوزاشت لە بوونی مافە گشتیەکانی مرۆڤ دەکات ، یاخود ئەو ناوە گشتیەیە کە بۆ داواکردنی سەروەری مرۆڤ ئاواکراوە ، بەلاّم لەناوەڕۆکەوە هەڵگری ناوی مۆنۆپۆڵی ماف و سەروەری و ئیرادەی مرۆڤی هەڵگرتووە . هەرچەندە لێرەدا مرۆڤ گەیشتووە بە قۆناغێکی هۆشیاری و تۆکمەتر ، بەلاّم بە ئەندازەی ئەم گەشە هۆشیاریەش نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی پێشهێناوە لەڕوو تەکنەلۆژیاوە . ئەو قۆناغەیە کە تێیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتی سەرمایەداری گەیشتووە بە چەندین ئامانجی خۆی ، هەریەك لەم ئامانجانەشی پەیووەست بە دژایەتی کردنی مرۆڤ و دەوروبەر ئاخێزگە ڕێژیان بۆ کراوە .

10. نەتەوە ، لەڕووی مێژووییەوە بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێك کە لە ئەنجامی ئیرادەی خۆیانەوە و هەستکردنیان بە بوونی خۆیان پێکیان هێناوە . لەڕووی جوگرافیەوە بریتیین لەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لەسەر پارچە زەویەکی دیاریکراو دەژین و خاوەنی یەك کلتوور و ئایین و زمانی هاوبەشن . لەڕووی سیاسی و فەلسەفیەوە بریتییە لەو چەمکەی کە گوزارشت لە کۆمەڵە مرۆڤێك دەکات ، کە خاوەنی ئیرادەیەکی هاوبەشن و لەسەر ئاخێزگەی هزری و پەروەردەیی و ئەخلاقی و یاساییەوە بنیادنراوە ، واتە نەتەوە بوونی گەلێك دەردەخات کە خاوەنی سەروەری و پرنسیپی یاسایی و ئەخلاقی خۆیانن ، لەتەك ئەوەشدا گەشەی هزری و زانستی تێیدا لە کات و شوێندا دانەبڕاوە .

11. دەوڵەت بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەها ، لەسەر پرنسیپێکی سیاسی بنیادنراوە و گوزارشت لەسەرجەم دەستکەوت و بەها مۆڕاڵی و سۆسیۆلۆجیەکانی مرۆڤ دەکات . دەوڵەتی نەتەوەیی ، تێگەیەکە کە پەیووەست بە ژینگەی مرۆڤ ئاواکراوە ، لەتەك ئەوەشدا بەناوی پاراستنی دەستکەوتە نەتەوایەتییەکان دزەی کردۆتە ناو سەرجەم لایەنەکان و دەستیگرتووە بەسەریاندا . بەلاَم لە ئاخێزگەدا دەوڵەت بەرژەوەندی گشتی گەلە  و گوزراشت لە هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان تاکەکان و سەرجەم جڤاك دەکات .

12. ئیکۆمۆنیزم ، ئیندوستریالیزم و ئیکۆلۆژی ، هەریەك لەم چەمکانە مانی تایبەت بەخۆی هەیە و هەریەکەشیان ڕۆڵی خۆی پەیووەست بە جڤاکی مرۆڤایەتی دەگێڕێت . بوونی هەر دەوڵەتێك وەستاوەتە سەر لایەنی ئابووری و پیشەسازی و لایەنی ژینگەکەی خۆی ، بەلارێدابردنی هەریەك لەمانە و گلاندنیان بۆ خزمەتی گروپ و دەسەلاَت بەواتای بەلارێدابردنی مانای دەوڵەتە بەرەو کاولکاری ، دەسەلاَتی سەرمایەداری کە لەمرۆدا لەژێر ناونیشانی ئەم سێ چەمکەدا زیتەڵەی خۆی وەگەڕخستووە ، ئەوا تەواوی مرۆڤایەتیشی لەم ڕواگەیەوە بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە ، بەواتای لەژێر ناونیشانی ئەم سێ چەمکەدا گەرەکیەتی تەواوی مرۆڤایەتی بکات بە کۆیلەی خۆی .

13. مۆڕاڵ ، سیاسەت و ڕۆشنبیری ، هەریەك لەمانە بەرهەمی هۆشەکی مرۆیین ، هەروەها سروشتیش لەم چێوەیەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت ، واتە مرۆڤ لە سروشتەوە کەمێك تایبەتمەندی ڕۆشنبیری و مۆڕاڵی و هەم سیاسەتیشی تێدایە ، کە لەئەنجامی گەشەی هزری و ڕوانینە دەوروبەری خۆی هەرەیەك لەم تایبەتمەندیانەی زیاتر نەشونما پێدەکات . هەریەك لەم سێ چەمکە ئاخێزگەی هەر جڤاك و دەوڵەت و شارستانیەتێکن .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

14. هزر ، ئەو تایبەتمەندییەییە کە پەیووەستە بە مرۆڤێکی کارا و کاربین ، هەروەها لەهۆشی مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەستی بۆ شتەکان هەیە و دەکارێ پێواژۆیەك بۆ مرۆڤ بوون بهێنێتە پێش ، بە نیازی باشترکردنی ڕەوشی مرۆڤ و گەیاندنی بە پێواژۆیەکی باشتر .

15. پەروەردە ، ئەو پرنسیپە گرنگەیە کە تەواوی هۆشیاری جڤاکی پێوە بەندکراوە ، برەودا بە لایەنی پەروەردەیی لە هەر جڤاکێکدا وەستاوەتە سەر چۆنیەتی مرۆڤەکانی و تایبەتمەندیە سیاسی و مۆڕاڵیەکانی ، نەبوونیشی پەیووەستە بە لایەنی نامۆڕاڵی و ناکۆمەلایەتیبوون ، کە دەرئەنجام چەندین لایەنی تری نێگەتیڤ بەدوا خۆیدا دەهێنێت . پەروەردە ئەو لایەنە گرنگەیە کە هاوشانە لەتەك تەمەنی مرۆڤدا هەر لەکاتی لەدایك بوونیەوە تا ئەو کاتەی دەمرێت . کەواتە پەروەردە ئەو لایەنەیە کە ڕوودەکاتە گەشەکردنی هزری و هێنانەئارای ئایدیۆلۆژیایەکی درووست .

16. فیمینیزم ، بەواتای (ژنگەرایی) یاخود (بڕوابوون بە ڕابەڕایەتی ژن و پیاو) دێت ، ئەمەش خۆی لەچەندین ڕەوتی جیاوازدا وەدەردەخات ، کە هەریەکەیان بە ئامانجێك و بۆ مەبەستێك مانایەکی تایبەتی بۆ کردووە بە ئامانج ، فیمینیزم لە ناوەڕۆکدا ئاماژەیە بۆ ڕزگارکردنی ژن لەو ڕەوشە (کۆیلایەتیە)ی کە تێی کەوتووە و دەستگیرکردنەوە و پێدانەوەی مافەکانی . ئایینەکان بەجۆرێك لە ژن دەڕوانن کە بریتییە لە پێداویستیەك بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو ، هەروەها بۆ خزمەتکردن و باشکردنی گوزەرانی پیاو . پابەند بەم تێڕوانینانەی ئایینیش چەندین ڕەوتی فیمینیزمی هاتوونەتە ئاراوە وەك (لیبرالی ، فەلسەفی ، کۆمەلایەتی ، مارکسیزمی و....هتد) کە هەریەکەیان بە دروشمێکەوە دەکارن ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە ناهەمووارە بنەوە کە ژن تێی کەوتووە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لیزگەی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان

1- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری. و: لوقمان عەبدوڵلا ، پەرتووکی یەکەم ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2009 .

2- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری. و: لوقمان عەبدوڵلا ، پەرتووکی دووەم ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2009 .

3- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، سۆسیۆلۆژیای ئازادی. و: لوقمان عەبدوڵلا ، پەرتووکی سێیەم ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2010 .

4- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، قەیرانی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین و چارەسەری شارستانێتی دیموکراتی. و: لوقمان عەبدوڵلا ، پەرتووکی چوارەم ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2011 .

5- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، کێشەی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیك. و: لوقمان عەبدوڵلا ، پەرتووکی پێنجەم ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2011 .

6- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی. لە بلاّوکراوەکانی فوتابخانەی ناوەندی پارتی ، بەرگی یەکەم ، چ. ئازادی ، چاپی یەکەم ، 2002 .

7- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی. لە بلاّوکراوەکانی فوتابخانەی ناوەندی پارتی ، بەرگی دووەم ، چ. ئازادی ، چاپی یەکەم ، 2002 .

8- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . ئورفا سیمبۆلی پیرۆزی و نەفرەت ، مێژوو لە حەوزی دیجلە-فورات. و: لوقمان عەبدوڵلا ، چ. ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات ، چاپی یەکەم ، 2002 .

9- عەبدوڵلا ئۆج ئالان . بەرگریکردن لە گەلێك. و: لوقمان عەبدوڵلا ، چ. رەنج ، چاپی یەکەم ، 2005 .

10- دادگای مێژوو ، دیالۆگێك لەنێوان عبداللە ئۆج ئالان و ابراهیم ئەحمەد و محەمەد رەسول هاوار ، گۆڤاری (وەشانی وڵات)، 1996 .

11- د.عەبدوڵلای ئاوریشمی ، و مەسەلەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوین ، و. سیدۆ داود عەلی ، چ.دووەم، چاپخانەی کەنج ، 2015 .

12- عەبدوڵلا ئۆج ئالان ، کۆما ژنێن بلند ، بروسکەیەك بۆ دووەمین کۆنفراسی نەتەوەیی ژنانی کورد لە هەولێر ، 2012

13- پلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵلا ئۆج ئالان ، ئامادەکردنی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی pcdk، چ. ڕەنج ، چاپی یەکەم ، 2014 .

14- بریتا بولەر ، نهێنیەکانی دەستگیرکردنی ئۆج ئالان ، و. ڕێکەوت ئیسماعیل ، چ. دلێر ، چاپی یەکەم ، 2015 .

15- د.کەمال پوولاندی . مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا لە سوکراتەوە تا سەدەی بیستەم . و: ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان جەبار زەندی ، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم ، چ.دەزگای موکریانی-هەولێر . چاپی یەکەم ، 2005.

16- گۆردن چایڵد . چی ڕوویدا لە مێژوودا ، و. هۆمەر فەیزی ، چاپخانەی ئەندێشە– سلێمانی ، چاپی یەکەم ، 2015 .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

17- دەیڤید رۆمانۆ ، بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد ، و. هۆمەر فەیزی ، چاپخانەی ئەندێشە– سلێمانی ، چاپی یەکەم ، 2015 .

18- عومەر علی موحەممەد . شوناس و ڕەهەندی بەجیهانیبوون ، چ. شڤان ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2012.

19- ویل دورانت. مێژووی شارستانیەت ، خۆرهەلآت لانکی شارستانیەت . و: عەبدوللای رەسولی ، چ. چوارچرا ، سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم،2012 .

20- نەبەز عەبدولڕەحمان ئەحمەد کلێسەیی . فەلسەفەی مێژوو لای ئیبن خەلدون ، چ.لەریا ، سلێمانی ، چاپی یەکەم ، 2013.

21- د. مەهدی مەحفوز . ڕێبازەکانی هزری سیاسی لە سەردەمی مۆدێرندا ، و: شوان ئەحمەد ، چ. کارۆ ، چاپی یەکەم ، 2013 .

22- مامۆستا جەعفەر . سۆسیال دیموکرات ، زنجیرەی بیری سۆسیال دیموکراتی ، چ.سلێمانی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ،2007.

23- د.مەنوچێهر موحسنی . دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، و. ڕێبوار سیوەیلی..... تەحسین تەها ، چ.وەزارەتی پەروەردە-هەولێر،چاپی یەکەم ، 2002 .

24- سامی شۆڕش ، فلێشانی بەرد ، ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا ، چ.هەولێر ، بلآوکراوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، 2006 .

25- ئەنتۆنی گیدنز . شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەلآیەتیەکان ، و. هیوا حاجی دێلۆیی ،چ.وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، 2005.

26- سامی شۆڕش ، تورکیا و ئەوروپا ... کورد لەو بازنەیەدا ، چ.یەکەم ، چاپخانەی خانی ، 2007 .

27- کای فالکمان . هەشتەوانەی دیپلۆماسی ، و. ئاسۆس شەفیق ، سلێمانی ، چاپی یەکەم ،2012 .

28- کۆمەڵێك نووسەر . بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار ، و.سەعید کاکی ،چ.ڕۆژهەلآت/هەولێر ، چاپی یەکەم ، 2014 .

29- ئەفلاتوون ، کۆمار ، و: د.محەمەد کەمال ، چ. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2009 .

30- نورة فرج المساعد ، فیمینیزم- فیکر و رەوتەکانی ، و. عەبدللآ تاهیر برزنجی ، چ. یەکەم ، چاپخانەی (یاد) ، 2006 .

31- هاوار بەهمەنی ، زەردەشت لە کلتووری کوردەواریدا ، چ. یەکەم ، لە بلآوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری گۆران ، 2012 .

32- سلێمان مەزهەر ، چیرۆکی ئایینەکان ، و. لوقمانی حاجی قادر ، چ.یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی ، 2008 .

33- لوقمانی حاجی کەریم ، ولآتی بەرد ، چ. یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، 2014 .

34- د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام ، فەیلەسووفی مەسیحی و ژن ، و. سەرکەوت جەلیل ، چ.یەکەم ، چاپخانەی موکریان-هەولێر، 2013 .

35- ئینجیلی پیرۆز ، کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز ، مەتتا 8:19 .

36- تەفسیری قورئانی پیرۆز ، بقرة - جوزئی دووەم .

37- د.مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، تەلآق لە قورئانی پیرۆزدا ، و. عەبدوللآ مەلا ئەحمەد ، چ. ڕۆژهەلآت(هەولێر) ، چاپی یەکەم ،2015 .

38- نیرا چاندۆك . دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی ، توێژینەوەیەك سەبارەت بە تیۆرە سیاسییەکان ، و.یوسف عەلیپوور ، چ.موکریانی(هەولێر) ، چاپی یەکەم ، 2014 .

39- کۆمەڵێك نووسەر. دیموکراسی و فیدرالیزم (کۆمەڵە وتار) ، و: مێهدی مێهر پەروەر ، چ. ڕۆژهەلآت(هەولێر) ، چاپی یەکەم ، 2009 .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

40- گایتانۆ مۆسکا ، د.گاستۆن بۆتۆ ، مێژووی ئەندێشەو قوتابخانە سیاسییەکان ، و. فەرشید شەریفی ، چ.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (سلێمانی) ، چاپی یەکەم ، 2012 .

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان

41- DHALLA,M.N: Zoroastrian civilization. University of New York,1922 .

42- KOHN, HANS: History of Nationalism in the East. University of New York , 1929.

43- THORNDIKE, LYNN: Short History of Civilization in the East. (New York: Oxford University Press, 1926) .

44- BARNES, JOS. Ed : Empire in the East. The University of Chicago Press, 1928 .

45- MULLER, MAX : The History of Social Development. University of California Press, 1927 .

46- Kowalewski, David: When Democratization Radicalizes: The Kurdish Nationalist Movement in Turkey. GÜNES MURAT TEZCÜR Loyola University Chicago . Forthcoming in The Journal of Peace Research (Number-29).1992.

47- MASPERO, G.: The Dawn of Civilization: Egypt and China, University of London, 1921 .

48- KOHN, HANS: The History of Civilization, University of Oxford, 1919.

49- Ozcan, Ali Kemal . Turkey's Kurds: A Theoretical Analysis of the PKK and Abdullah Ocalan. University of Cambridge, July 2005.

50- Abdullah Ocalan: Democratic Confederalism. Published by: www.freedom-for-ocalan.com "Freedom for Abdullah Ocalan – Peace in Kurdistan" .2008 .

51-Iran soll: An Introduction to Marx's Philosophy. The University of Chicago press, 2002 .

52- Geoff Boucher. THE POLITICS OF AESTHETIC AFFECT. A RECONSTRUCTION OF Marx , Politics THEORY. The Number of Journal Politics(13) , 2011 .

53- Marcus, Aliza. Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence. New York: New York University Press, 2001.

54- HTTP: // WWW. DOWALIA / POLITIC/. April, 2000.

55- THOMAS LINDSAY: The Best Regime of Aristotle's Politics, "History of Political Thought " summer,2001 .

56- BARNES, JOS: The Empire in the East. University of New York . June, 1926.

57- Taylor, Charles. 1982. "Responsibility for Self." In G. Watson, ed. , Free Will. Oxford: Oxford University Press .

58- THORNDIKE, LYNN: Short History of The Language in Civilization. University of New York , 1941.

59- MICHELL,D.A Dictionary of Language. University of New York ,1977 .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

60- C.L. WAYPER: Political Thought, London, English University press LTD, 1972.

61- Richard Ashcraft: Ideology and class in Hobbes. Political theory, February, 1977 .

62- C.L. WAYPER: Political Thought, London, English University press LTD, 1972.

63- KARL POLANY: The Political Ideologies, an Introduction. LONDON, University of New York . January, 2003.

64- JASTROW, JR: The Civilization of Assyria. 1918.

65- Abdullah Ocalan: Democratic Confederation. First edition 2011© Abdullah Ocalan . Published by: Trans media Publishing Ltd. – London, Cologne International Initiative Edition International Initiative (Freedom for Abdullah Ocalan – Peace in Kurdistan) .

66- Michael B. Gill: The Education of Civilization. King's College, University of London.2001.

67- Abdullah Ocalan's writings in " Il manifesto "11 January 2010: Press release by Il manifesto about the authenticity.

68- http://www.aworldtowin.org/back_issues/1999-25/Ocalan_eng25.htm ...Abdullah Ocalan Must Be Freed! Statement by the Committee of the Revolutionary Internationalist Movement, 18 February 1999.

69- Ocalan's Prison Writings: Stan Newens, The PKK and the Kurdish Question in the 21st Century by Abdullah Ocalan, Trans media Publishing, 2001.

70- Interview with Tuncer Bakirhan, leader of DEHAP. Mehmet Ali Birand, "Is Dehap's Young Chairman Any Different?" Turkish Daily News, June 25, 2003.

71- https://twitter.com/welatopinion/status/402967105936429057

72- https://twitter.com/MehmetUnludere/status/363951064749719552

73- Lawrence WanLass, History of Political Though, London, Ailen and Unvin LTD, 1946.

74- The philosophy of Arthur Schopenhauer and confession of a philosopher. Bryan Magee.2004.

75- Munch, Richard, Sociologist Theory. BD.I. Frankfurt-New York. 2003.

76- Luccas, Liberalism, especially(Industrialism), Machester , University Press , 1953.

77- Luxemburg, R. (1976) The National Question: Selected Writings, ed. H.B Davis, Monthly Review Press, New York and London .

78- Paul Edwards. The Philosophy of Ethic . Oxford University Press . 2003. Pp213,227

79- Abdullah Öcalan: Liberating Life: Woman's Revolution, first edition 2013, Translation: International Initiative, Published by: International Initiative Edition in cooperation with Mesopotamian Publishers, Neuss.

80- Wilson, Patricia. 1997. "Building Social Capital: A Learning Agenda for the Twenty-First Century,".

81- From System of Nature by Baron Paul d'Holbach, published in 1770. Translated by H. D. Robinson.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

82- Rachel barney holds the Canada Research Chair in Classical Philosophy at the University of Toronto. She is the author of Names and Nature in Plato's Cratylus .(2001).

83- Hamlyn, D. W. A History of Western Philosophy. Viking, 1987. Clear, wide-ranging coverage of ideas and individuals.

84- Shiva, V. (1988) Staying Alive: Women, Ecology and Development. London: Zed Press.

85- Crosson, F : Education and Health. Berkeley: University of California Press. 1999.


86- Zeller. E: The Philosophy and Education by John Dewey. Amsterdam. 2000.

87- Leacock, E. Reflections on the Conference on Women and Development: II. Signes2, no.1977 .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تێیدا چەندین تێگەی هزرڤانانی پەیووەست بە بابەتە سیاسی و سۆسیۆلۆجیەکان و ئابووری و سەرمایەداری و دیموکراسیەت و فیمینیزم شرۆڤەکراوە، پاشان پەیووەست بەم بابەتانە لە دیدگای ئۆج ئالاندا بۆ جارێکی تر ئاوەلاَ کراون. سەرتاپای ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی شرۆڤەیی ئەنجام دراوە. تێگە سیاسیەکان کە ڕۆچوونەتە ناو ژیانە سۆسیۆلۆجیایەکەی مرۆڤەوە، بەتایبەتی لەناو گەلانی ژێردەستەدا چەندین مانای جیاوازی بەخۆی بەخشیووە. هیچ مرۆڤێك لەسەر زەوی بەبێ ڕەچاوکردنی دەوروبەر و سوود وەرگرتن لە دەوروبەر ناتوانێت تازەگەری هزری بئافرێنێت، بەتایبەتی لە جیهانی سیاسەتدا. ئۆج ئالان لێرەدا ئەو هزرڤانەیە کە لەتەك تێگەی هزرڤانانی وەك ئەفلاتوون و هێگڵ و مارکس و چەندانی تردا تێگەیەك بۆخۆی هەڵدەگۆزێنێ و لەناو شۆڕشی ناسیۆنالیستیدا ئاراستەی دەوروبەری خۆی دەکات.




لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

**نرخ ( 5000 ) دینار**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org